T.C.

BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ

YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ

KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI

Yüksek Lisans Tezi

# Kosarinin Poetikası


DERIN TAHIR SABIR

151302105


Tez Danışmanı

Yrd.Doç.Dr. Hemin Omar AHMAD

BİNGÖL – 2018

کۆماری تورکیا

زانکۆی بینگۆل

ئەنستیتوتی زمانی کوردی

بەشی زانستی زمان و ئەدەبیاتی کوردی

نامەی ماستەر

# شیعرییەتی شیعری کۆساری

دیرین طاهر صابر

١٥١٣٠٢١٠٥

بە سەرپەرشتی

د. هێمن عومەر ئەحمەد

بینگۆل – ٢٠١٨

## پێشکەشە بە:

- دایك و باوکی خۆشەویستم کە زۆر ماندوبوون لە پێگەیاندنم.
- هاوسەری بەڕێزم و هەردوو جگەرگۆشەکەم (پابەند و پەریا).
- برای تاقانەم و خوشکە خۆشەویستەکانم.
- کەسوکاری شاعیری جوانەمەرگ (کۆساری).

## سوپاس بۆ:

پاش سوپاسێکی شایستە بۆ خوای گەورە کە یارمەتیدام بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جێیی خۆیەتی کە سوپاس و پێزانینم هەبێ بۆ ئەم بەڕێزانە:

- د.هێمن عومەر خۆشناو، کە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بە پێشنیار و ڕێنماییە ورد و زانستیەکانی هاوکاری کردم بۆ تەواو کردنی.
- م. ئاسۆ عومەر، کە یارمەتیدەرم بوو لە هەڵبژاردنی بابەتی شیعرییەت و پێدانی کۆمەڵێ سەرچاوەی بەپێز.
- م. شەریف وەرزێر، کە کۆمەڵە بابەتێکی ناوازەی پێدام لەسەر کۆساری و شیعرەکانی.
- هاوسەری بەڕێزم (م. بڕوا لائق) کە لە تایپکردنی نامەکە و وەرگێڕانی دەقە عەرەبییەکاندا زۆر هاوکارم بوو.

## Bilimsel Etik Bildirimi

Yüksek lisans tezi olarak hazırladığım *Kosarinin Poetikası.*

adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

**DERIN TAHIR SABIR**

# ناڤەرۆك

**ناڤەرۆك** ........................................................................ **I**
**پوختە** ........................................................................ **IV**
**ÖZET** ........................................................................ **V**
**ABSTRACT** ........................................................................ **VI**
**الملخص** ........................................................................ **VII**
**هێما و کورتکراوەکان** ........................................................................ **VIII**
**لیستی زاراوەکان** ........................................................................ **IX**
**پێشەکی** ........................................................................ **١**
**دەروازە** ........................................................................ **٦**
یەکەم: چەمکی شیعرییەت ........................................................................ ٦
دووەم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی کۆساری ........................................................................ ١٠
**بەشی یەکەم** ........................................................................ **١٣**
**شیعرییەتی ئاستی ڕیتمی** ........................................................................ **١٣**
تەوەری یەکەم: کێش ........................................................................ ١٥
باسی یەکەم: جۆرەکانی کێش ........................................................................ ١٦
باسی دووەم: ئەو کێشانەی کۆساری بەکاری هێناوە ........................................................................ ١٧
تەوەری دووەم: سەروا ........................................................................ ٢٣
باسی یەکەم: بەکارهێنانی سەروا لە شیعرەکانی کۆساری دا ........................................................................ ٢٤
باسی دووەم: ئەو جۆرە سەروایانەی کۆساری بەکاری هێناوە ........................................................................ ٢٤
تەوەری سێیەم: دووبارەبوونەوە ........................................................................ ٣٥
باسی یەکەم: دووبارە بوونەوەی دەنگ ........................................................................ ٣٥
باسی دووەم: جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگی ........................................................................ ٣٧
باسی سێیەم: دوبارەکردنەوەی وشە ........................................................................ ٤١
تەوەری چوارەم: ڕەگەزدۆزی ........................................................................ ٤٦
باسی یەکەم: پێناسەی ڕەگەزدۆزی ........................................................................ ٤٦
باسی دووەم: جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ........................................................................ ٤٨
تەوەری پێنجەم: دژیەک (التضاد) ........................................................................ ٥٣

باسی یەکەم: پێناسەی دژیەك .......... ٥٣
باسی دووەم: جۆرەکانی دژیەک .......... ٥٣
تەوەری شەشەم: تێهەڵکێش .......... ٥٧
**بەشی دووەم .......... ٥٩**
**شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی .......... ٥٩**
تەوەری یەکەم: شیعرییەتی ناونیشان .......... ٥٩
باسی یەکەم: ناونیشانی دیوانی کۆساری .......... ٥٩
باسی دووەم: ناونیشانی شیعرەکان .......... ٦٠
تەوەری دووەم: شیعرییەتی زمان .......... ٦٣
باسی یەکەم: شیعرییەتی دەربڕین .......... ٦٥
باسی دووەم: یاری کردن بە وشە .......... ٦٩
باسی سێیەم: فەرهەنگی شیعری کۆساری .......... ٧١
باسی چوارەم: شیعرییەتی بەشەکانی ئاخاوتن .......... ٧٧
تەوەری سێیەم: گفتوگۆ لە شیعری کۆساری دا .......... ٨١
تەوەری چوارەم: لادانی شیعری .......... ٨٦
**بەشی سێیەم .......... ٩٤**
**شیعرییەتی ئاستی دەلالی .......... ٩٤**
تەوەری یەکەم: وێنەی شیعری .......... ٩٥
باسی یەکەم: چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری .......... ٩٥
باسی دووەم: پێناسەی وێنەی شیعری .......... ٩٦
باسی سێیەم: وێنەی شیعری لە شیعرەکانی کۆساری دا .......... ٩٧
تەوەری دووەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری .......... ٩٨
باسی یەکەم: جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز .......... ٩٨
باسی دووەم: جۆرەکانی وێنە بەپێی ئاستی پێکهاتنیان .......... ١١٦
تەوەری سێیەم: ڕەمــز .......... ١٢٨
باسی یەکەم: چەمك و زاراوەی ڕەمز .......... ١٢٨
باسی دووەم: پێناسەی ڕەمز .......... ١٢٩
باسی سێیەم: جۆرەکانی ڕەمز .......... ١٣٠
باسی چوارەم: کەرەستەکانی ڕەمز لای کۆساری .......... ١٤٣

ئەنجام ........................................................................................ ١٤٧
لیستی سەرچاوەکان ..................................................................... ١٥١

YÖK

# پوخته

## ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شیعرییەتی شیعری کۆساری)

هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئاست و شێوازی شیعرییەت لە شیعرەکانی کۆساری دا. لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە. لە دەروازەدا پێناسەی چەمکی (شیعرییەت-پۆیەتیکا) کراوە و بۆچوونی توێژەرانی لەبارەوە هێنراوەتەوە، هەروەها پەیوەندی شیعرییەت بە هەندێ لە چەمکە ئەدەبییەکانی وەك (ئیستەتیك، ڕەوانبێژی، شێوازگەری) باسکراوە.

بەشی یەکەم کە تەرخانکراوە بۆ (شیعرییەتی ئاستی ڕیتمی)، تێیدا ئاماژە بە کێش و سەروا و دووبارەبوونەوە و ڕەگەزدۆزی و دژیەك و تێهەڵکێش و پۆشین لە شیعرەکانی کۆساری دا کراوە و بۆ هەریەکێ لەو باسانە ئامارێکی نزیکەیی خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم بۆ (شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی) داندراوە، کە بە شێوازێکی گشتی شیعرییەتی ناونیشان و زمانی شیعری شاعیر خراوەتە ڕوو، ئەویش لە ڕێی ڕوونکردنەوەی ئاستی دەربڕین و فەرهەنگ و پێکهاتەی ڕستەیی لە شیعرەکاندا. جگە لەوەش چەمکی لادانمان لە شیعرەکاندا تیشکی خراوەتە سەر، کە تا چەندە کاریگەریی بەسەر ئاستی شیعرییەتی شیعرەکان هەیە.

هەرچی بەشی سێیەمە کە (شیعرییەتی ئاستی دەلالی)یە، بە فراوانی تیشك خراوەتە سەر شیعرییەتی ئیماژ و وێنەی شیعری. ئەویش هەریەك لە وێنەی کۆن کە خۆی لە (لێکچواندن و خواستن و درکە) دەبینێتەوە و وێنەی نوێ کە خۆی لە (ڕەمز) دەبینێتەوە. لەم بەشەشدا بە نزیکەیی ئامار بۆ هەر یەك لەوانە کراوە.


**وشە تێپەڕەکان: شیعرییەت، کۆساری، لادان، ڕیتم، زمانی شیعری، وێنەی شیعری، ڕەمز**

# ÖZET

## KOSARININ POETIKASI

Bu çalışma, *Kosarinin Poetikasi* adı altında şiir poetiğinin aşama ve biçimlerini incelemeyi amaçlamaktadır.

Araştırmamız, önsöz, giriş, üç bölüm ve sonuçtan meydana gelmektedir. Girişte, Poetik terimi tanıtılmış, yazar ve araştırmacıların poetik terimi hakkındaki görüşleri ele alınmıştır. Aynı zamanda poetik teriminin bazı edebi terimlerle ( istatistik, belagat, uslub) olan ilişkisi de bu bölümde yer almaktadır.

Birinci bölüm, Ritim aşamasının poetiği için ayrılmıştır. Kosarî'nin şiirlerinden vezin, kafiye, tekrar, cînas, tezad ve tazminlerden örnekler verilmiş, ve her bir örnek için verilen sayısal değerler değerlendırmeye alınmıştır.

Terkib aşamasının poetiği adını alan ikinci bölüm de, şairin şiirlerinde dil ve şiir başlıkları poetiği genel bir şekilde ele alınmıştır. Şairin dil ve şiir başlıkları poetiği, şiirlerinden terim, söz, sözlük ve cumle yapısı ile incelenmiş ve açıklanmaya çalışılmıştır. Ayrıca, şairin aykırı dilinden söz edilmiş ve bu aykırı dilin şiirin poetikasına etkisi irdelenmiştir.

Üçünçü bölüm, poetiğin anlam aşamasını konu edinmektedir. Bu bölümde, genel bir biçimde şiirlerde tasvir poetiği ve şiirlerin panoraması ele elınmaktadır. Bu bölümde, eski şiirlerde çokça kullanılan edebi sanatlar ( Benzetme, istiare, kinaye) ve yeni şiirlerde kullanılan semboler ile şairin şiirleri ele alınmış ve örnekler sayısal veriler ile desteklenmiştir.


**Anahtar Kelimeler: Poetika, Kosari, Ritim, Şiirn Dili, Işaret.**

## ABSTRACT

**This thesis, which is entitled: (Poetic of Kosari's Poem).** investigates the style and poetic text in Kosari's poems.

The thesis consists of an introduction, a literature review, three chapters, and a conclusion. The Literature review provides the definition of the term poetic and it further presents the scholars' point of views about it. It also shows the connection between poetic and other literary terms like aesthetic, rhetoric, and stylistics.

Chapter One tackles the poetic rhymes. It shows many elements like rhyme, rhythm, alliteration, paradox, excerption and pun in Kosari's poems. These elements are shown through statistics.

Chapter Two deals with the poetic structure. It shows the poetic title and the poetic language of the poet in general through explaining and analyzing the verses, the meanings, and the sentence structure of his poems. It further shades light on the term deviation in his poems and how it affects the poetic level of his poems.

Finally, Chapter Three investigates the semantics and the poetic meanings.  It shades light on poetic images and imagery; the ancient images were presented in the form of simile, metaphor and antonomasia while the modern images were presented through symbols. All these analyses are shown through statistics.



**Keywords: Poetica, Kosari, Deviation, Rhythm, Poetic language, Poetic image, symbol.**

## الملخص

**هذا البحث تحت عنوان (شعرية شعر كوسارى).**

محاولة للكشف عن مستوى أسلوب الشعرية في أشعار كوساري. وتتكون هذه الرسالة من المقدمة و المدخل وثلاثة فصول مع الخاتمة

ففي المدخل تحدثت عن تعريف (الشعرية) مع ذكر آراء الباحثين فيه، وعرضت علاقته ببعض المصطلحات الأدبية الأخرى مثل (الجمالية و البلاغة والأسلوبية).

أما الفصل الأول تحدثت عن (شعرية المستوى الإيقاعي)، وتناولت فيها (الوزن و القافية و التكرار و الجناس و الطباق والإقتباس)، وسردت لكل منها التعاريف اللازمة والأقسام التي ينقسم اليها كل موضوع. وحددت نسبة تقريبية لكل موضوع في أشعار كوساري.

وفي الفصل الثاني تحدثت عن (شعرية المستوى التركيبي) وفيها عرضت شعرية العنوان و لغة الشعر عند الشاعر من خلال بيان مستوى التعبيرى والبنيوى فى أشعاره. وتناولت أيضا موضوع الإنزياح و علاقتها بالمستوى الشعرية في الأشعار.

وفي الفصل الثالث تحدثت عن (شعرية المستوى الدلالي). من ضمنها عرضت مفصلا موضوع شعرية الصورة الشعرية، من خلال بيان الصورة الشعرية القديمة المكونة من (التشبيه و الإستعارة والكناية)، والصورة الشعرية الحديثة المكونة من (الرمز). و حددت فيها احصائية تقريبة لكل المواضيع في أشعار الشاعر.



**الكلمات المفتاحية: الشعريية، كوساري، الإنزياح، الإيقاع، اللغة الشعرية، الصورة الشعرية، الرمز**

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
|---|---|
| ((...)) | دەقی وەرگیراو وەکو خۆی |
| (...) | دەقی وەرگیراو بە دەسکارییەوە |
| ... | هی تر |
| وە | وەرگێڕان |
| لا | لاپەڕە |
| چ | چاپ |
| ط | الطبعة |
| بە | بەرگ |
| ژ | ژمارە |
| پ.ز | پێش زایین |
| / .. / | بڕگە |
| // | نێوان پێیەکان |

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Metaphor | الإستعارة | خواستن |
| Metonymy | الكناية | درکە |
| Antithesis | التضاد | دژیەك |
| Repetition | التكرار | دووبارەکردنەوە |
| Rhythm | الإيقاع | ڕیتم |
| Paronomasia | الجناس | ڕەگەزدۆزی |
| Symbol | الرمز | ڕەمز (هێما) |
| Rhyme | القافية | سەروا |
| Poetics | الشعرية | شیعرییەت |
| Style | الأسلوب | شێواز |
| Meter | الوزن | کێش |
| Deviation | الإنزياح | لادان |
| Simile | التشبيه | لێکچواندن |
| Image | الصورة | وێنە |

# پێشەکی

## ناونیشانی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوە لە ژێر ناونیشانی (شیعرییەتی شیعری کۆساری) هەوڵدەدات ڕەهەندی شیعرییەت لە دەقی شیعرەکانی کۆساری تاوتوێ بکات. ئەویش لە ڕێگای خستنەڕووی ئەو ڕەگەز و بنەمایانەی کە چەمکی شیعرییەت لە خۆی دەگرێ. لەڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کۆساری لە کام ڕەگەزی شیعرییەتدا زیاتر قووڵ بۆتەوە. بۆ دەرخستنی ئەمە، تیشکمان خستۆتە سەر هەرسێ ئاستی (ڕیتمی و پێکهاتەیی و دەلالی) لە دەقی شیعرەکانی کۆساریدا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، کە لە چەند خاڵێکدا کورتی دەکەینەوە.

١- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەڕادەیەکی زیاتر گرنگی داوە بە ڕەهەند و بەشەکانی شیعرییەت، وەك لە خودی شیعرییەت. دەتوانرێ بوترێ کە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەسەر شیعرییەتی دەق لە نێو ئەدەبی کوردیدا زۆر کەمە و تا ئێستا نەبۆتە دیاردە.

٢- هەڵبژاردنی شیعرەکانی کۆساری وەك کەرەستەی لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعرەکانی کۆساری ئاستی شیعرییەتی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام بە داخەوە کە لە ئەدەبی کوردیدا هیچ گرنگییەك بەم شاعیرە نەدراوە و شیعرەکانی نەخراونەتە ژێر لێکۆڵێنەوە. هەروەها لە کتێبخانەی کوردیشدا هیچ نوسینێك لەسەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە نەنوسراوە. کە ئەمە مایەی پرسیار و سەرسوڕمانە!

٣- ئەم لێکۆڵینەوەیە سەلمێنەری زیندوویەتی شیعرەکانی کۆساری و بەهێزیانە. چونکە بەهێزی ئاستی شیعرییەت لە هەر دەقێکدا بەڵگەیە لەسەر زیندوویی ئەو دەقە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (شێوازگەریی وەسفیی شیکاری) بەستراوە. لە ژێر رۆشنایی بنەماکانی شیعرییەت.

## گرفتی لێکۆڵینەوە:

هاوشێوەی هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر (شیعرییەت)، گرفتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەمی سەرچاوەیە لەسەر ئەم بابەتە. سەرجەم ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ئەم بابەتە نوسراون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. جگە لەوەی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هیچ لێکۆڵینەوە و نووسینێکی تر نییە لەسەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە، کە سوودی لێوەربگرین و وەکو سەرچاوە بەکاری بهێنین. ئەم گرفتانە کاری لێکۆڵینەوەکەی زیاتر لەسەرمان سەخت کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا زانستی بین و بەشێوازێکی ورد لەسەر بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە پراکتیزەی شیعرەکانی بکەین.

## گرنگیی و بایەخی لێکۆڵینەوە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم شاعیرە چەند گرنگییەکی هەیە لەوانە

١- ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، کە لەسەر شیعرەکانی کۆساری بکرێ.

٢- ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر، کە لەسەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە بکرێ.

٣- بەهۆی کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی شیعرییەت، دەشێ وەك سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێ بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر ئەم بابەتە.

## سنوری لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە لە سنوری شیعرییەتی دەقدا دەخولێتەوە، کە ئەویش خۆی لەو ئاستانە دەبینێتەوە کە شیعرییەتی دەق تاوتوێی دەکات. بۆیە دەکرێ بڵێین لێکۆڵینەوەکە تیشك دەخاتە سەر هەرسێ ئاستی (ڕیتمی و پێکهاتەیی و دەلالی). پراکتیزەکردنی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەو شیعرانەی کۆسارییە کە لە دیوانی (بورکانی شیعر) دا کۆکراونەتەوە.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە

بەشی یەکەم: باس لە ئاستی ڕیتمی و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکان دەکات. کە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەش بووە. تەوەری یەکەم باسی (کێش) دەکات و پێناسەی کێش و جۆرەکانی ڕوون دەکاتەوە و پراکتیزەی ئەو شیعرانە دەکات، کە شاعیر کێشی تێدا بەکار هێناون.

لە تەوەری دووەمدا باسی (سەروا) کراوە و پێناسە و چەمکی سەروا ڕوون کراوەتەوە، ئەو جۆرانە خراوەتە بەر باس کە کۆساری لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

لە تەوەری سێیەمدا باس لەو هونەرە ڕەوانبێژییانە کراوە کە ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی شیعرییەتی ئاستی ڕیتمی هەیە. کە هەریەك لە هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی و دژیەك و تێهەڵکێش) بە جۆرەکان و کاریگەرییان لەسەر شیعرییەت باسکراوە.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا باس لە شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی کراوە و پێکهاتەی دەقی شیعرەکان تاوتوێ کراوە، ئەم بەشە لە چوار تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم باسی ناونیشان دەکات و ناونیشانی دیوانەکە و شیعرەکان و ئاستی شیعرییەت تێیاندا ڕوون دەکاتەوە.

تەوەری دووەم باس لە شیعرییەتی زمان دەکات، کە هەریەك لە باسەکانی دەربڕین و فەرهەنگی شیعری و یاری کردن بە وشە و بەشەکانی

ئاخاوتن لە خۆ دەگرێ. تەوەری سێیەم باس لە هونەری گفتوگۆ (دایەلۆگ) دەکات لە شیعرەکان و تەوەری کۆتایی دیاردەی لادان (انزیاح) تاوتوێ دەکات بەهەردوو جۆرەکەی (وشەیی و ڕستەیی).

بەشی سێیەم: باس لە شیعرییەتی ئاستی دەلالی دەکات و بۆ دوو تەوەرەی سەرەکی دابەش دەبێ. تەوەری یەکەم باس لە وێنەی شیعری دەکات و پێناسە و چەمکی ڕوون دەکاتەوە.

تەوەری دووەم باس لە جۆرەکانی وێنەی شیعری دەکات و لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتەیی و شێواز جیایان دەکاتەوە، کە هەریەك لە وێنەکانی (لێکچواندن و خواستن و درکە و بەکەسکردن و بەرجەستەکردن و بەتەنکردن و وێنەی تاك و لێکدراو و گشتی) ڕوون دەکاتەوە بە پراکتیزە کردنی شیعرەکانی کۆساری.

تەوەری سێیەم باس لە ڕەمز دەکات، کە وێنەی شیعری نوێشی پێدەوترێ. تێیدا پێناسە و چەمکی ڕەمز باسکراوە و ئاماژە بەو جۆرە ڕەمزانە کراوە کە لە شیعرەکاندا بەکارهاتوون و کەرەستە بەکارهاتووەکان بە ڕەمز ڕوون کراوەتەوە.

ئەنجام: لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە سەرجەم ئەو ئەنجامەی لەو سێ بەشە پێی گەیشتووین کورت کراوەتەوە لە چەند خاڵێك و داتا و ڕێژەکانی تێدا ئاماژە پێدراوە و دواتر بە شێوەی ڕێکخستنی هیجائی ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون ڕیزکراون.

**ئەو سەرچاوانەی زۆرترین سوودی لێ وەرگیراوە:**

١- هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١٠.

٢- خەلیل ئیبراهیم مستەفا. شیعرییەتی دەق بەنموونە شیعرە کوردییەکانی مەحوی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

٣- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٧.

٤- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر ١٩٧٥.

# دەروازە

## یەکەم: چەمکی شیعرییەت

شیعرییەت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێ (Poetics) زاراوەیەکی کۆن و نوێشە لە هەمان کاتدا. یەکەم دەرکەوتنی لەلایەن (ئەرستۆ ٣٨٤-٣٢٢پ.ز)وە بووە[١]. کە لەو بارەیەوە کتێبێکی داناوە بە ناوی (Po-etics) واتا (لەبارەی شیعرییەتەوە). پاشان ئەم زاراوەیە لە نێو گەلانی ئەوروپا و جیهاندا بڵاو بۆیەوە. ئەم چەمکە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا بە چەندین زاراوە بەکارهاتووە. چەمکی شیعرییەت هەر لە سەردەمی دەرکەوتنیەوە تا ئێستا، چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە چاو ئەو چەمکەی ئەرستۆ بەکاری هێناوە.

شیعرییەت لای ئەرستۆ زیاتر جەخت لەسەر مەسەلەی لاساییکردنەوە و جۆرەکانی ئەدەب دەکاتەوە. واتا زیاتر مەبەستی یاساکانی گوتاری ئەدەبییە، بۆیە دەشێ بوترێ کە تیۆرەکەی ئەرستۆ دوو واتا دەبەخشێ.

١- تایبەتی: کە شیعرییەت هونەری لاساییکردنەوە و خەیاڵکردنە.

گشتی: جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شیعرییەت یاساکانی گوتاری ئەدەبییە[٢].

لە بارەی شیعرییەتەوە (فارابی٨٧٤-٩٥٠ز) دەڵێ (شیعرییەت بریتییە لە فراوانکاری لە دەربڕیندا بە ڕێکخستن و جوانکردنیان ئەمەش بەو خەیاڵاتەی کە شیعر دەیبەخشێ)[٣].

(ڕۆمان جاکبسۆن ١٨٩٦-١٩٨٢ز) شیعرییەت بە لقێکی زمانەوانی دەزانێ ئەو پێی وایە ((کە شیعرییەت لە پاڵ لقەکانی تری زمانەوانیدایە و

---

[١]- هێمن عومەر خۆشناو، " شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١٠. ل٢١

[٢]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا. "شیعرییەتی دەق بەنموونە شیعرە کوردییەکانی مەحوی"، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩، ل٧

[٣]- ابی نصر الفارابی، "إحصاء العلوم"، شرحە: علی بو ملحم، دار و مکتبة الهلال، بیروت، ط١، ١٩٩٦، ل٤٢.

خزمەت بە زمان دەكەن. هەروەها گرنگی بە واتا فروانەكەی وشە دەدات، واتا تەنها لە شیعردا شیعرییەت نییە، بەڵكو لە دەروەی شیعریشدا دەكرێ باڵ بكێشێ بەسەر لایەكانی تری زماندا))[٤]. لەم تێڕوانینەی ناوبراوەوە دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- شیعرییەت لقێكی زمانەوانییە.

٢- شیعرییەت باڵ دەكێشێ بەسەر بەشەكانی تری زماندا و پێكەوە خزمەت بە زمان دەكەن.

٣- شیعرییەت مەرج نییە تەنها لە شیعردا هەبێ، دەشێ لە پەخشانیشدا هەبێ[٥].

بۆچوونی (تورودوف ١٩٣٩-٢٠١٧ز)یش دەربارەی شیعرییەت، زۆر جیاوازی نییە لە بۆچونی (جاكبسۆن). ئەو پێی وایە كە ((شیعرییەت پەیوەستە بە هەموو ئەدەبەوە، جا شیعر بێ یاخود پەخشان. گرنگی بە بنیاتی ئەدەب دەدات و بە تەنها و سەربەخۆییش كار ناكات. بەڵكو پشت بەو زانستانەی تر دەبەستێ كە لە بواری زماندا كار دەكەن))[٦].

بەڵام (جان كۆهین١٩١٩ – ١٩٩٤ز) بۆچونی بەرامبەر شیعرییەت بە شێوازێكی تربوو. شیعرییەت لای ئەو لەسەر بنەمای بەراوردكاری دروست بووە. بە بۆچونی ئەو ((ئامانجی شیعرییەت بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو بنەما سەرەكیەی كە دەقێكی لەسەر دروست دەبێ، ئایا دەكەوێتە كام بەشەوە، واتا ئایا شیعرە یان پەخشانە .... ئەو بەراوردەش بە پێی ئەو لادانەیە كە لە شێوازی دەقەكەدا بەرجەستە دەبێ))[٧]. كەواتا كۆهین

---

[٤]- رومان جاكوبسون ،"قضايا الشعرية"، تر: محمد الولي و مبارك حنون، دار توبقال، المغرب ١٩٨٨، لا٣٥.

[٥]- محمد مصابيح، *الشعرية من منظور غربي حداثي*، http://www.nashiri.net/articles/literature-and-art/4007---v15-4007.html

[٦]- عثماني ميلود، "شعرية تودوروف"، منشورات عيون المقالات، دار القرطبة، الدار البيضاء، ط١، ١٩٩٠،لا١٦.

[٧]- جون كوهن، "بنية اللغة الشعرية"، تر: محمد الولي، محمد العمري، دار توبقال، المغرب، ١٩٨٦، لا ١٤- ١٥.

جەختی لەسەر لادان کردۆتەوە لە شیعردا. بۆ ئەم مەبەستەش شیعری (دەنگی - دەلالی) هەڵدەبژێرێ بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکەی خۆی[8]

**پەیوەندی شیعرییەت بە چەمکەکانی تری ئەدەبەوە:**

**١- شیعرییەت و ئیستێتیك**

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە و بۆ هەر زانستێك بەکار دەهێنرێ کە (جوانی) تێدا بێ. ((لە نێو دونیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا) ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە. هەموو نووسەرێك بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە))[9]. بە هەمان شێوەی ئیستاتیکا، شیعرییەتیش بەهۆی ئەوەی ئاستی داهێنان و هونەری و ڕەسانەیتی دەقەکان دیاری دەکات لەگەڵ ئیستاتیکا یەك دەگرێتەوە و پێکەوە لە هەوڵی ئەوەدان، گوتارێکی ئەدەبی جوان بسازێنن. دەکرێ بوترێ ((ئیستاتیکا لە نێو ئەدەبیاتدا پلەی شیعرییەت زیاتر دەکات، دەنا شیعرییەت لە هەر هونەرێکی زمانی، کە وەزیفەی ئیستاتیکا باڵی بەسەردا کێشابێ بوونی هەیە. بۆیە کەم تا زۆر ئیستاتیکا و شیعرییەت پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە))[10]. ئەم پەیوەندییە وا دەکات کە هەریەك لە شیعرییەت و ئیستاتیکا، ببنە تەرازوویەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی دەقی ئەدەبی و جیاکردنەوەی لە ئاستی دەقێکی تر.

**٢- شیعرییەت و ڕەوانبێژی**

ڕەوانبێژی لە بنچینە و یاساکانی دەربڕین دەکۆڵێتەوە و کار لەسەر ئاستی بەهێزی و لاوازی دەق دەکات لەڕووی دەربڕین و جوانکاری و واتا و گەیاندنەوە. هەرچەندە شیعرییەتیش لە هەمان ئاستدا کار دەکات، بەڵام دەشێ (سنوری لە ڕەوانبێژی فراوانترە، چونکە ڕەوانبێژی لێکۆڵەرەوان

[8]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل١٢.
[9]- کامەران موکری، "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی"، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، بە١، ل١٢٥.
[10]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٢٥.

پابەندیان کردووە بە چەند یاسا و ڕێسایەك، هەرچی شیعرییەتە لە دەرەوەی ئەو یاسایانە و بە تێڕوانینێکی گشتی لە چەمکی شیعر و پرەنسیپەکانی دەکۆڵێتەوە)[١١]. هەرچەندە شیعرییەت و ڕەوانبێژی لە هەندێ ئەرکدا لێك نزیك دەبنەوە، بەڵام شیعرییەت گشتگیر ترە لە ڕەوانبێژی. بە شێوەیەك بەشێك لە لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی دەق، لە ڕێی باسکردنی ئاستی ڕەوانبێژی دەبێ.

### ٣- شیعرییەت و شێوازگەری

شێوازگەری کە (الأسلوبیة) پێ دەوترێ، بە هۆکارێکی سەرەکی بەرەو پێشچوونی شیعرییەت دادەنرێ. چونکە شێواز لەگەڵ شیعرییەتدا پێکەوە تێکەڵ دەبن و مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن. شێواز گرنگی بە چوارچێوە دەدات و بۆ ئەوەی بگات بە دەلالەت دەق، کە بەهۆیەوە دەتوانین لەوە بگەین کە ئەو دەقەی دەوترێ تەنها دەقێکی ڕووتە، یاخود هەست عاتیفەی لەگەڵدایە. بە هەمان شێوە شیعرییەتیش لە چوارچێوە دەکۆڵێتەوە ((چونکە بەهای ئیستاتیکا و ڕەوانبێژی و ئەدەبیەتی دەق بە پێوەری شێواز لە یەکتری جودا دەبنەوە. هەموو ئەمانەش کار لەسەر دەربڕین و چۆنێتی دەربڕین دەکەن))[١٢]. بۆیە تێکئالانی هەریەك لە شیعرییەت و شێوازگەری بە شێوازێکە، کە ئەگەر بمانەوێ ئاستی شیعرییەتی هەر دەقێ دیاری بکەین، پێویستمان بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی شێوازگەری دەبێ، ئەوکات دەتوانین وردتر ئاستی شیعرییەت دیاری بکەین.

---

[١١]- محمد عبدالمطلب، "البلاغة والأسلوبية (دراسات أدبية)"، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٤، لا ٦٢. وەرگێڕانی: هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لا ٣٣

[١٢]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا ٣٧.

## دووەم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی کۆساری

### ژیاننامەی کۆساری

ناوی (خدر محەمەد ڕەشید سەلیم)ە، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی (قەڵات)ی شاری ڕانیە لەدایك بووە. ژیانی منداڵی لەوێ بەسەر بردووە، لە قوتابخانەی (ئاکۆی سەرەتایی) نراوەتە بەر خوێندن. تا پۆلی یەکەمی ناوەندی لە ڕانیە خوێندوویەتی. لە کاری دوکاندار و زێڕینگەریدا هاوکاری باوکی کردووە، کە پیشەی باوکی بووە. سەرەتا لە بواری هونەر و شانۆدا کاری کردووە و لە چەند بۆنە و چالاکییەکدا بەشداری کردووە. لەو نێوەندەشدا بە کۆمەڵێ کەسایەتی و جیهانی هونەر و شانۆ ئاشنا بووە. ساڵی١٩٨٧ دەستی کردووە بە نووسینی شیعر و یەکەم شیعری بەناوی (نیگاری خودان) نوسیووە. پاشان شیعری دووەمی ساڵی ١٩٨٩ وسیووە بەناونیشانی (قوتابی و مامۆستای شەهید). هەر لەهەمان ساڵدا شیعری سێیەمی دەنوسێ بەناونیشانی (گزنگی خێزان) کە لە دوای لەدایك بوونی شەیدای کوڕی نۆبەرەیانەوە نوسیوێتی.

کۆساری لەپایزی ساڵی ١٩٨٧ ژیانی هاوسەری لەگەڵ (گێلاس غەریب ئەحمەد) پێك دێنێ و دەبێتە خاوەنی کوڕێك و کچێك بە ناوەکانی (شەیدا و بەنان).

هەر لە هەمان ساڵدا دەچێتە ناو بازنەی کاری ئیسلامی و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەوکاتە لە ڕانیە دەکات. وەکو لاوێکی ئازا و کارا و چاونەترس ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ.

کۆساری لە گەیاندنی پەیام شیعری خۆیدا، کەسێکی چالاك و بەجموجۆڵ و باوەڕبەخۆ بووە. هەمیشە لەگەڵ شیعرەکانیدا دەژیا و لێیان دانەدەبڕا. بەدەنگە زوڵاڵ و شیعرە بەهێز و پێزەکانی گوێگرانی دەخستنە نێو دەریای سۆز و حەماسەتەوە.

سەرەتا شیعرەکانی نزیك بوونە لە شیعری کلاسیکی و چەند شیعرێکی بە کێش و سەروا نوسیوە، بەڵام دواتر شیعری ئازادی نوسیوە بایەخی زیاتری

پێداوە. ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینی کردووە و بە شیعرە پڕ لە جووڵە و حەماسەتەکانی هانی شۆڕشگێڕانی داوە و گڕوتینی زیاتری پێبەخشیون. بەرواری ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە سەروبەندی شەڕی براکوژیدا، لە گوندی (ڕەسواجیان) لە ڕانیە دەکوژرێ[١٣].

**بەرهەمەکانی کۆساری**

کۆساری جگە لە نووسینی شیعرەکانی چەند بەرهەمێکی تری هەبووە، بەڵام هیچی کتێب نەبوونە، بەڵکو یان وتاری نوسراو یان بەرنامەی ڕادیۆ یاخود کۆڕ بوونە. ئەوانەش بریتین لە

١- ماوەیەك کاری ڕاگەیاندنی کردووە و ساڵی ١٩٩٢ بەرنامەی (لێرە و لەوێ)ی پێشکەش کردووە، لە تەلەفزوێنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە بێتوێن. کە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی بووە.

٢- تۆمارکردنی دووبەشی (سەدای کۆساری) بە کاسێت، یەکەمیان لە بەرواری ١٩٩١/٨/٩ و دووەمیان ١٩٩٣/١/٢. کە تێیدا بەشێکی زۆری شیعرەکانی تۆمار کردووە[١٤].

کۆساری چەند بابەتێکی شێوە وتاری نووسیوە کە ئەوانیش بریتین لە

١- وتەیەك لە بارەی مافی ئافرەتەوە.

٢- مەتەڵی زیندەگی مرۆڤ.

٣- ئەدەب چییە؟![١٥]

**کۆساری بە کام شاعیر کاریگەر بووە؟**

بێگومان هاوشێوەی هەموو شاعیرێکی تر، کۆساری بە چەند شاعیرێکی پێش خۆی کاریگەر بووە و سوودی لێیان وەرگرتووە. لەوەڵامی پرسیارێك کە لە خۆی دەکرێ لە کۆڕی ١٩٩٣/٨/١٢ی هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، کە ئایا چ

---

[١٣]- ئەم ژیاننامەیە بە پوختی وەرگیراوە لە: شەریف وەرزێر، *کۆساری لە کوێ وە بۆ کوێ و لە چیەوە بۆ چی*، "بورکانی شیعر دیوانی کۆساری"، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ٤، ٢٠١٨، لا٥٥-٦٦.

[١٤]- هەمان سەرچاوە، لا٥٩.

[١٥]- کۆساری، "دیوانی بورکانی شیعر"، لا٣٥١-٣٧٣.

شاعیرێك تەئسیری لێ کردووی؟ ئاماژە بەوە دەدات کە کاریگەر بووە بە مەحوی و شاهۆ و مەلای جزیری و سوودی لێیان وەرگرتووە[١٦].

## چاپکردنی دیوانی بورکانی شیعر

کۆساری تا لە ژیانیدا بووە دیوانەکەی چاپ نەکراوە، لە بەرواری ١٩٩٨/٤/١٦ بۆ یەکەمین جار دەستنووسەکان و دەنگە تۆمارکراوەکانی کۆدەکرێتەوە و لە دوتوێی کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی (بورکانی شیعر) چاپ دەکرێ لەلایەن چەند کەس و هاوڕێیەکی کۆساری خۆیەوە کە ئەوانیش (خانەوادەی کۆساری و عەبدوڵلا علی فەقێ و عەبدولڕەحمان وسو و ئیسماعیل ئەحمەد وسو و مامۆستا عەلی باپیر و مامۆستا مستەفای سەید مینە و شەریف وەرزێر) بوون.

پاشان بە پێداچوونەوە و چەند زیادکردنێك بەرواری ٢٠٠٦/٧/١٣ چاپی دووەمی لەلایەن نوسینگەی تەفسیرەوە بۆ کرا، کە (شەریف وەرزێر) پێداچونەوەی بۆ کردبوو[١٧].

پاشان چاپی سێیەمی بەبێ دەستکاری کرا لە لایەن نوسینگەی تەفسیرەوە لە ساڵی ٢٠١١.

چاپی چوارەم و کۆتایی دیوانەکە ساڵی ٢٠١٨ بوو، لەلایەن نوسینگەی تەفسیرەوە. ئەم چاپە جیاواز لەوانی پێشوو، چەند شیعرێك کە لە چاپەکانی تردا نەبوون زیادکراوە و چەند بابەتێکی زیاتر لەسەر ژیانی کۆساری و شیعرەکانی تێدا باسکراوە. کە سەرجەم ئەم کارانە (شەریف وەرزێر) پێی هەستاوە.

---

[١٦]- کۆساری، "دیوانی بورکانی شیعر"، ل٣٧٩. هەمان وتە بە ڤیدیۆ لە یوتیوب بەتۆمارکراوی هەیە لەم لینکە:

[١٧]- شەریف وەرزێر، *بەرکوڵ*، "دیوانی بورکای شیعر"، ل٣٧-٣٨

# بەشی یەکەم

## شیعرییەتی ئاستی ڕیتمی

ئاوازی ناوەوەی دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ڕیتمی پێ دەوترێ، کە ئەو ڕێککەوتن و گونجاندنەی دەقە، چێژ بە خوێنەر و بیسەر دەبەخشێ. وەکو چۆن ئاوازێکی مۆسیقی ئەو کارە دەکات. ئەو ئاوازەش کێش و سەروا و دەنگ و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دروستی دەکەن. ((لە نێو بونیادی دەقدا وەک ئاستێکی سەرەکی لە پاڵ ئاستەکانی تر تەماشاکراوە. چونکە لە شوێنی خۆیدا ڕۆڵی تایبەتمەندی خودی دەقەکە و بەخشینی بەهایەکی هونەری دەبینێ. لە هەر دەقێکی ئەدەبی و هونەریشدا ڕیتم بەپێی ڕێککەوتن و گونجاندنی دەقەکە کاری خۆی دەکات))[18].

بۆیە دەتوانین بڵێین کە (ئاستی ڕیتمی لە ئاستە هەرە گرنگ و دیارەکانی بونیادی دەقی شیعرییە. بە هەموو جۆر و ژانرەکانی و بەتوندی هاوپەیوەند و بە ناویەکداچووە، لەگەڵ ئاستەکانی تری (پێکهاتەیی و دەلالی) دەقدا. بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژنەوە نەبێ، ئەستەمە پێکهاتەکانی ڕیتم و دەلالەتەکانیان لێکداببڕین)[19]. یاخود بەشێوازێکی قوڵتر پێناسە بۆ ڕیتم کراوە کە بریتییە لە ((جوڵەی هەستان و نیشتنەوەی سۆز و خروشانی دەرون و هەست و عاتیفەی شاعیرە. کە دەبێتە داینەمۆی شیعرییەت لە دەقە ئەدەبیەکاندا. ڕیتمی شیعری بنچینەکەی (زمانی شیعرە) کە لە تەک ڕیتمی مۆسیقای هۆنراوەدا (کێش و سەروا) کە لە پەیوەندیەکی گونجان و هارمۆنیادا یەکانگیر دەبن و یەکدەگرنەوە و ئاوێزانی یەکتر دەبن))[20].

وشەی ڕیتم لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانی کۆنە و لە زمانی عەربیشدا پێ دەوترێ (إیقاع) لەڕوی زمانیشەوە، ((بەواتای ڕێکردن و ڕۆشتنی جۆگە ڕوبار و هەڵقوڵین دێ. مەبەستیش لێی بەشێوەیەکی گشتی ئەو گرژیە بەدوا یەکدا هاتووەی نێوان هەردوو باری دەنگداری و بێدەنگی و ڕووناکی و

---

[18]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا٧١.

[19]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، لا٢٠.

[20]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، لا ١٨٣.

تاریکی و جوڵە و وەستانی هێز و بێ هێزی و کورتی و درێژی و خێرایی و هێواشی و گرژی و خاوییە. کە پەیوەندی بەشێکە بە بەشێکی دیکەوە، لە چوارچێوەی جوڵەیەکی ڕێکخراو و بەشێوازێکی ئەدەبی یان شێوەیەکی هونەری لە نێو دەقدا خۆی بەرجەستە دەکات))[٢١].

بۆیە دەکرێ بوترێ کە ڕیتم ئاوازی ناوەوەی شیعرە، ئەم ئاوازەوە(جوڵەیەکی زیندووە لە تاقیکردنەوەی شیعرەوە هەڵدەقوڵێ و لەئاستی جوڵەی ناوەوەی تەرکیبی شیعردا گەڵاڵە دەبێ و لە ئاستی دەنگی دەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. واتا ژان و هەژنی ناخی شاعیرە و بە ڕێگەی زمان و شێوازی شیعری بە تایبەتی - هاوئاهەنگی و وەک یەکی و دژیەکی- کە لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و پێکهاتە و ڕستە و دەستەواژەکاندا خۆی دەنوێنێ و لەتەک ئاستی کێش و سەروادا یەکانگیر دەبن و جۆرە ئاهەنگ و ئاوازێکی تایبەت بەشیعر دەبەخشن)[٢٢].

هەر لە سەردەمی زووەوە هەست بە ڕۆڵ و گرنگی ڕیتم لە دەقی شیعریدا کراوە. بە هۆی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر وەرگر جێی دەهێڵێ. هەروەک چۆن هۆکارێکی گرنگی لەبەرکردنی دەقەکانیش بووە. (لەم ڕووەوە (ئەفلاتۆن٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) یەکەم کەسە ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕیتم کردبێ، کە بە بۆچوونی ئەو بریتییە لە وێنەی نایاب و گونجاندنی ئەو وێنەیە لەگەڵ شێواز. ئەو دەیچوێنێ بەو ڕیتم و جوڵەی لاشەیەی کە بە سەماکردن لەگەڵ یەکدا دەگونجێن)[٢٣]. کەواتا ڕیتم لای ناوبراو بریتییە لەو جوڵەیەی کە ڕیتمێکی ڕێک و پێک بسازێنێ بەڵکو ئەم جووڵەیە پێویستی بە ڕێک خستنێک هەیە کە سیما و سروشتێکی زەینی و ئەقڵی هەبێ و تاکە ڕێگا بێ لە پێکهێنانی جووڵەی بەردەوامی دیاردەکان لە قاڵبی وێنەی دیاریکراودا.

---

[٢١]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا ٧١ – ٧٢.
[٢٢]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، لا ٧٨.
[٢٣]- علاء حسين عليوي البدراني، "فاعلية الإيقاع في التصوير الشعري"، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، الجامعة العراقية، ٢٠١٢، لا٢.

## تەوەری یەکەم: کێش

بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان هەر لە دێر زەمانەوە ئەدیبان لە هەموو میللەتان کۆمەڵە بنەمایەکیان داناوە بۆ ئەم کارە. یەکێک لەو بنەما سەرەکی و گرنگانە بریتییە لە بوونی (کێش) واتا پێکهاتەی سەرەکییە بۆ شیعر. (گۆرانی شاعیر ١٩٠٤-١٩٦٢ز) پێناسەی کێش دەکات و دەڵێ ((کێش لە هەڵبەستە جیهانیەکاندا لە هەموو زمانەکانی دونیا هەڵبەتە هەیە و هەڵبەستی هەر زمانەش بەپێی تایبەتیەکانی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی هەیە. ئەگەر بێتو چاو بە کێشی هەڵبەستی زمانە پێشکەوتووەکانی کۆن و تازەی دونیادا بگێڕین، دەبینین لە ناو گەلانی ڕۆژئاوادا کێشی هەڵبەست لە ڕێکخستنی قسە پەیدا بووە. لەسەر بنەڕەتی دەستە دەستەکردنی دەنگەکانی، بەدانانی شوێنی پشوودان لە ناوەندی هەموو ڕیزە ڕستەیەکدا. ئەم دەستە قسانە کە لەمەوپاش (پێی هەڵبەست) یان پێی دەڵێن، لەسەر بنەڕەتی بڕگەکانی دەنگ ڕێک خراون))[٢٤].

کەواتا دەکرێ ئاماژە بەوە بدرێ کە زمان هۆکاری سەرەکی داهێنانی کێشە و هەر زمانە و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە لە کێشدا. بەڵام زۆر جاریش نزیکی دوو زمان، یان تێکەڵی یاخود زاڵی زمانێک بەسەر ئەوەی ترەوە، کاریگەری دەبێ لەسەر تێکەڵی کێشیان لەگەڵ یەکتریدا. (چونکە هەر زمانێك خاسیەتی تایبەتی هەیە و جۆرە کێشێکی تایبەتی هەیە. جیا لەگەڵ کێشێکی زمانێکی تر. بەڵام لە ئەنجامی زاڵ بوونی وڵاتێک بەسەر وڵاتێکی تر، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەگەزەوە. کێشی زمانی زاڵ کاریگەری دەکاتە سەر ئەو زمانە، یان ئەو نەتەوەیە)[٢٥]. بۆیە تێکەڵاوییەکی زۆر دەبینرێ لە نێوان کێشی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە. دەبینین کە کێشی زمانی عەرەبی، زیاتر بەسەر زمانەکانی تردا زاڵە. یان زۆر جار تێکەڵی لە نێوان کێشی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی دروست دەبێ.

[٢٤]- ئومێد ئاشنا، "گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی"، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠٠٢، ل١٥٥.

[٢٥]- سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، "بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا"، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١١، ل ١٠٥ – ١٠٦.

**باسی یەکەم: جۆرەکانی کێش**

جۆرەکانی کێشی شیعری چوار جۆر کێشن کە بریتین لە:

١- کێشی چەندی: لەم کێشەدا دێرە شیعرییەکان لە ژمارەیەک پێ پێک دێن و هەر پێیەک بەپێی جۆری کێشەکە، بریتییە لە کۆمەڵێ بڕگەی کورت و درێژ.

٢- کێشی لەنگەر (سترێسی): ئەم کێشە لە ژمارەیەکی دیاری کراوی بڕگەی لەنگەردار و بێ لەنگەر پێک دێ، بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو دێڕەکاندا. بەڵام مەرج نییە ژمارەی بڕگەکان یەکسان بن.

٣- کێشی خۆماڵی (سیلاب - ژمارەیی): لەم کێشەدا هەر دێڕێک لە ژمارەیەکی یەکسانی بڕگە پێک دێ، بەبێ گرنگی دان بە کورتی و درێژی بڕگەکان.

٤- کێشی پەیژەیی: ئەوەیە کە لەسیستەمی دووبارە بوونەوەی پلە و تەبەقەی دەنگ دروست دەبێ[٢٦].

سەبارەت بە پەیوەندی جۆری کێش بە بابەتی شیعرییەوە، ڕای جیاواز هەیە. هەندێک پێداگری دەکەن کە جۆرێک پەیوەندی لە نێوان جۆری کێش و بابەتی شیعرەوە هەیە. ((لەم بارەیەوە (حازم قرتاجی) ئاماژە بەوە دەکات، کە شاعیرانی یۆنانی بۆ هەر بابەتێ پابەند بوون بە جۆرە کێشێکەوە لەگەڵ خودی بابەتەکە دەگونجا و لێیان لا نەدەدا))[٢٧]. بەکارهێنانی کێش بە سیمایەکی دیاری شیعرییەتی دەق دادەنرێ و ڕۆڵێکی گەورە لە بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەت لە ئاستی دەنگیدا دەگێڕێ. چونکە بە جۆرێک لە لادان دادەنرێ لە ئاستی زمانی باو و دەربڕینی ئاساییدا. کەواتا ئامانج لە بەکارهێنانی کێش و سەروا گەیاندنی ئاستی دەلالەت نییە. ئەگەر مەبەست گەیاندنێکی ئاسایی دەلالەت بوایە شاعیر پەنای نە دەبردە

---

[٢٦]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٧، لا ٧٣.

[٢٧]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، لا ٢٥.

بەر کێش و سەروا و دیاردە دەنگییەکان. بەڵکو مەبەست (ئەفراندنی بارێکی نامۆیە)[٢٨].

کۆساری زۆر گرنگی بە کێش نەداوە لە شیعرەکانیدا و هیچ کێشێکی کلاسیکی بەکار نەهێناوە. تەنها لە ٩ شیعریدا کێشی سیلاب (ژمارەیی) بەکارهێناوە. کە سەرجەم دێڕەکانی لە ژمارەیەکی یەکسان لە بڕگە پێك هاتوون. ئەوانیش بریتیین لە شیعرەکانی (شەبەقی سەرفرازی، گزنگی خێزان، کلابوون و نەبەزین، خۆشەویستی پیواری، زانست، نیگاری خودان، قوتابی و مامۆستای شەهید، ڤیانی ڕاستەقینە و پێری سیلبۆ، دونیا)

## باسی دووەم: ئەو کێشانەی کۆساری بەکاری هێناوە

### ١- کێشی سیلابی ساف

ئەم جۆرە کێشە ((لە دووبارە بوونەوەی یەك جۆرە پێ دروست دەبێ))[٢٩]. پێ بە ((بڕگەیەك یان بە زۆری کۆمەڵە بڕگەیەك بەسەر یەکەوە دەوترێن و دوای ئەوە وەستانێکی کەم دێ ئنجا پێیەکی تر دروست دەبێ))[٣٠]. ئەم جۆرە کێشە لە هەریەك لە پێیەکانی (سێ و چوار و پێنج)بڕگەیی پێك دێن. کۆساری پێنج شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە شیعرەکانی (شەبەقی سەرفرازی، گزنگی خێزان، کلابوون و نەبەزین، خۆشەویستی پیواری، زانست)ن. بەم شێوەیە:

### أ- دوو پێی چوار بڕگەیی

کۆساری هەریەك لە شیعرەکانی (گزنگی خێزان) و (شەبەقی سەرفرازی) و (زانست)ی بەم شێوەیە نوسیوە، کە تێکڕای بڕگەکانی هەر نیوە دێڕێك دەکاتە ٨ بڕگە.

---

[٢٨]- سعد مصلوح، "الأسلوب – دراسة لغوية احصائية-" ، عالم الکتب، القاهرة، ط٣، ١٩٩٢، ل٦٩. وەرگێڕانی خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل٢٥.

[٢٩]- عەزیز گەردی، "کێشناسی کوردی"، کتێبخانەی ئارام، ڕانیە، چ١، ٢٠١٤، ل٢٤١.

[٣٠]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

لە شیعری (گزنگی خێزان)دا دەڵێ

**ئەی دەروون شوشەی غەم ڕەوێن**
**ئەی گۆنا ئاڵی چاو شەهێن لا١٢٤**[٣١]
**شیکردنەوە**

**ئەی/دە/روون/شو// شەی/غەم/ڕە/وێن**

**٤/ ٣/ ٢/ ١// ٤/ ٣/٢/١**

**ئەی/گۆ/نا/ئا // ڵی/چاو/شە/هێن**

**٤/ ٣/ ٢/ ١// ٤/ ٣/ ٢/ ١**

**٤ + ٤ = ٨**

هەروەها لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی) دا دەڵێ

**دوو چاو ئاگریان ناگاتێ**
**ڕەوا بینن هەموو ساتێ لا١٣٠**
**شیکردنەوە**

**دوو/چاو/ئا/گر// یان/نا/گا/تێ**

**٤/٣/٢/١ // ٤/٣/٢/١**

**ڕە/وا/بی/نن // هە/موو/سا/تێ**

**٤/٣/٢/١ // ٤/٣/٢/١**

**٤ + ٤ = ٨**

هەروەها لە شیعری (زانست) دا دەڵێ

**زانیاری یە هەست و هۆشم**
**بەرگی زانستی دەپۆشم لا٣٢٣**

---

[٣١]- تێبینی: بەهۆی زۆر دووبارەبوونەی شیعرەکان لە پراکتیزەکردنی بابەتەکاندا، لە کۆتایی هەر دێڕە شیعرێکدا ژمارەی لاپەڕەکەمان نوسیووە.

**شیکردنەوە**

**زان/یا/ری/یە // هەس/ت و/ هۆ/شم**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤**

**بەر/گی/ زا/نس // تی/ دە/پۆ/شم**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤**

**٤+٤=٨**

**ب- دوو پێی پێنج بڕگەیی**

کۆساری شیعری (خۆشەویستی پیواری[*]) بەم شێوازە نوسیوە، کە تێکڕای بڕگەکانی بۆ هەر نیوە دێڕێك دەکاتە ١٠ بڕگە.

لەم شیعرەدا دەڵێ

**زگارە دڵ مادوورە هەتا سەر**
**هەراوە دڵ وشیارە تا سەحەر ل١٦٥**
**شیکردنەوە**

**ز/گا/رە/ دڵ/ ما // دوو/رە/ هە/تا/ سەر**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ / ٥ // ١ / ٢ / ٣/ ٤/ ٥**

**هە/را/وە/ دڵ/ وشـ // یا/رە/ تا/ سە/حەر**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ / ٥ // ١ / ٢ / ٣/ ٤/ ٥**

**٥+٥=١٠**

**ج- چوار پێی چوار بڕگەیی**

کۆساری تەنها شعری (کلابوون[*] و نەبەزین) بەم شێوازە نوسیوە، کە کۆی بڕگەکان بۆ هەر لەتە دێڕێك دەکاتە ١٦ بڕگە

---

[*] واتا (خۆشەویستی ون و نادیار).

لەو شیعرەدا دەڵێ

**ئەگەر چی کلام لە ڕێ من، ستایشکراوی باڵای پیرۆز**
**بۆنەی لاریەکەش هەر خۆمم ماخۆی هەرە بڵندی بەسۆز   ل١٦٣**

شیکردنەوە

***ئە/گەر/ چی/ کـ // لام/ لە/ ڕێ/ من //، ستا/یش/کر/اوی // با/ڵای/ پی/رۆز***

***بۆ/نەی/ لا/ریە //کەش/ هەر/ خۆ/مم // ما/خۆی/ هە/رە // بڵن\دی/ بە/سۆز***

**١٦=٤+٤+٤**

## ٢- کێشی سیلابی تێکەڵاو

کێشی تێکەڵاو جۆرێکی تری کێشی خۆماڵییە کە ((لە دوو پێ دروست دەبێ، هەریەکە جۆرە پێیەکە. یان لە سێ چوار پێ دروست دەبێ، پێیەکیان یەك جار دێ و پێیەکانی تر دوو سێ جار دێن))[٣٢]. کۆساری چوار شیعری بە کێشی تێکەڵاو نووسیوە. کە بریتین لە شیعرەکانی (نیگاری خودان، قوتابی و مامۆستای شەهید، ڤیانی ڕاستەقینە و پیری سیلبۆ، دونیا). کە بەم شێوەیە دابەش دەبن:

### أ- دوو پێی چوار بڕگەیی و پێیەکی سێ بڕگەیی

کۆساری دوو شیعری بەم شێوەیە نوسیوە کە بریتین لە شیعرەکانی (قوتابی و مامۆستای شەهید و دونیا). کە کۆی گشتی بڕگەکان بۆ هەر نیوە دێڕێك دەکاتە ١١ بڕگە.

---

[*] کەوتنە کەناری شتێك.

[٣٢]- عەزیز گەردی، "کێشناسی کوردی"، ل٢٤٩.

لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید [*]) دا دەڵێ

**شەوێك لـە هێكرِا پرژا بیرم ئـەمن**
**كە بەندەی خودام كەچی دیلم ئەمن لا ١٤٤**
شیكردنەوە

**شە/وێك/لـە/هێك //ڕا/پر/ژا/بی //رم/ئـە/من**

**١ /٢ /٣ / ٤ // ١ /٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣**

**كە/بـەن/دەی/خو/دام/كە/چی/دی/لم/ئە/من**

**١ /٢ /٣ / ٤ // ١ /٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣**

**٤+٤+٣=١١**

هەروەها لە شیعری (دونیا) دا دەڵێ

**لـە ژیانی دونیا لـە دایك بـوون دوو بـوونـە**
**یــەك لــە داوێن و ئـەوی دی بـۆ گۆڕ چوونـە لا ٣٢١**
شیكردنەوە

**لـە/ژیا/نی/دون //یا/لـە/دایك/بـوون //دوو/بـوو/نــە**

**١/ ٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣**

**یەك/لـە/داو/ێن و //ئـە/وی/دی/بۆ //گۆڕ/چوو/نە**

**١ /٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣ /٤ // ١ /٢ /٣**

**٤+٤+٣=١١**

---

[*] لەبارەی ناونیشانی ئەم شیعرەوە شەریف وەرزێر دەڵێ (كۆساری ئەم شیعرەی لەساڵی ١٩٨٩ بە بۆنەی شەهیدبوونی كاك (ئەحمەد شاسوار) كە لە ١٩٨٨/٧/٢٢ لە گردی (ڕەمكان)ی ناوچەی (قەڵاتووكان)ی بناری قەندیل، بە دەستی بەعسییەكان شەهیدبوو. ناوبراو هاوڕێیەكی زۆر نزیكی كۆساری بووە) دیارە كە كۆساری خۆی بە قوتابی دەناسێنێ و ئەحمەد شاسواریش بە مامۆستای خۆی دەناسێنێ.
سەرچاوە: شەریف وەرزێر، پەراوێزی "دیوانی بوركانی شیعر"، لا ١٤٤.

**ب- سێ پێی چوار بڕگەیی و یەك پێی سێ بڕگەیی**

هەریەك لە شیعرەکانی (نیگاری خودان و ڤیانی ڕاستەقینە و پێری سیلبۆ)ی بەم شێوەیە نووسیوەتە. کە سەرجەم بڕگەکانی بۆ هەر نیوە دێڕێك دەکاتە ١٥ بڕگە.

لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

**ئەی خودای تاك و بێ هاوتا خاوەنی بەرزی و ویقار**
**ئەی ماخۆی بڕست و توانا هۆی بەرقەراری ڕۆژگار   لا١١٥**
شیکردنەوە

**ئەی/ خو/دای/ تا //ك و/ بێ/ هاو/تا //خا/وە/نی/ بەر// زی و/ وی/قار**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١/ ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣**

**ئەی/ ما/خۆی/ ب //ڕس/ت و/ توا/ نا //هۆی/ بەر/قە/ را //ری/ ڕۆژ/گار**

**١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١/ ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣**

**٤+٤+٤+٣=١٥**

هەروەها لە شیعری (ڤیانی ڕاستەقینە و پێری سیلبۆ*)دا دەڵێ

**ئەگەر بە ماتم دیدەکەن دەمێك دێ دەکەومە گەڕ**
**چــەشنی شێری نـاو بێشە یاخود پڵنگی کــەژو دەر   لا١٥٥**
شیکردنەوە

**ئە/گەر/ بە/ ما //تم/ دی/دە/کەن //دە/مێك/ دێ/ دە //کەو/مە/ گەڕ**

**١/ ٢ / ٣ / ٤ // ١/ ٢/ ٣/ ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣**

**چەش/نی/ شێ/ری/ نا/و/ بێ/شە/ یا/خود/ پ/ڵن/گی/ کە/ژو/دەر**

**١/ ٢ / ٣ / ٤ // ١/ ٢/ ٣/ ٤ // ١ / ٢ / ٣ / ٤ // ١ / ٢ / ٣**

---

* جۆرە ڕەنگێکە بۆ کردنی ویە بەکاردێ، بەڵام زوو سپات دەبێتەوە و ڕەنگی دەڕوا، کۆساری مەبەستی لە (پێری سیلبۆ) مۆسەڵمانانێکە، کە بە بڕوای ئەو موسوڵمانێتییەکەیان کامڵ و تۆخ و ڕاستەقینە نەبووە.

**تەوەری دووەم: سەروا**

یەکێك لە پێداویستییەکانی شیعر بریتییە لە سەروا. کە پایەیەکی سەرەکی شیعرە بە گشتی و بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا. یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی شیعر لەگەڵ دەقەکانی تری ئەدەبیدا. ((دیاردەیەکی گرنگی مۆسیقای شیعرە و ڕەگەزێکی پڕبایەخی دیاری کردنی شێواز و چۆنێتی مامەڵکردنی شاعیر دەردەکەوێ، لەگەڵ سەروادا لە میانی دیاری کردن و دەستنیشان کردنی سەروای شیعرەکانی، بۆیە بە خاسیەت و تایبەتمەندییەتیەکی شیعرییەتی دەق دادەنرێ))[٣٣].

هەر لە سەرەتاوە شیعر یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندیەکانی سەروا بووە. بۆیە دەکرێ بڵێین (سەروا بنەمایەکی تری مۆسیقای دەرەوەی شیعرە. لایەنێکی ئیستاتیکی و جوان و مۆسیقایەکی ڕەوان بە دێڕە شیعرەکان دەبەخشێ و بریتییە لە دەنگێک یاخود کۆمەڵە دەنگێک کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود کۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوە و ئاواز و مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە)[٣٤].

(عەلائەدین سەجادی ١٩٠٧-١٩٨٤ز) دەڵێ (بریتییە لەو پیتانە بەدەنگ یان بێدەنگ کە ئاوازەکانیان وەک یەکە و کەوتوونەتە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکە، ئەمە لە کاتێکدا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دوو تاکی بێ، خۆ ئەگەر دوو تاکی نەبوو، ئەوا دیارە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکە نیوە هۆنراوەی یەکەم و دوای نیوەی دووەمی هۆنراوەکانی تر هەموو لەم سەروایەدا وەک یەک بن)[٣٥].

**چەمکی سەروا**: دیاردەی سەروا لە ئەنجامی دەنگدانەوەی کۆتا پیتی وشەکان دروست دەبێ. (لەبارەی چەمکی سەرواوە لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە: ئەم دیاردەیە، ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە دوو وشە یان زیاتر دەنگی بڕگەکانی کۆتاییان یەک بێ و بە جۆرێک دابنرێ کە هەریەکە زایەڵە و دەنگدانەوەی ئەوەی تر بێ. سەروا لە لایەن شاعیرانەوە بەکاردێ.

[٣٣]- خەلیل ئیبراهیم، "شیعرەییەتی دەق"، لا ٣٤.

[٣٤]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکیەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، لا ٨١.

[٣٥]- عەلائەدین سەجادی، "نرخ شناسی"، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٩، لا ١٠٣- ١٠٤.

بەڵام هەندێ جار پەخشان نووسیش بەکاری دێنن، بۆ بەرهەم هێنانی دەنگی وا کە سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشن و پارچە (ستانزاکان)ی شیعر یەکدەخەن. وەك دەبینین لەپێناسەکەدا، باس لەوە ناکات کە تەنها کۆتا وشەکانی وەکو یەک بن، بەڵکو پێویستە زایەڵە و دەنگدانەوەی ئەو دوو وشەیە وەکو یەکتر بن. چونکە مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا دەنگی کۆتایی وشەکان وەکو یەک بن)[٣٦]. هەروەك مەرج نییە کە زایەڵە و دەنگدانەوەی دوو وشەی لەیەك چوو وەك یەك بن.

**باسی یەکەم: بەکارهێنانی سەروا لە شیعرەکانی کۆساری دا**

کۆساری وەکو هەر شاعیرێکی شیعری ئازاد، مەرج نییە لە سەرجەمی شیعرەکانی دیوانەکەیدا سەروای بەکارهێنابێ. دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی سەروا لای کۆساری بەسەرجەم شێوازەکانی بەڕێژەی لە سەدا پەنجا کەمترە. ڕوونتر بڵێین لە کۆی (٣٢) شیعر لە دیوانەکەیدا بە شێوازێکی تەواو تەنها لە (١٢) شیعردا سەروای بەکارهێناوە. ئەویش بەهۆی ئەو ژینگە ئەدەبیەوە بووە کە لەسەردەمی کۆساری دا هەبووە. کە شیعری ئازاد و ناپابەند بە کێش و سەرواوە هەم لە شیعری کوردی و هەم لە عەرەبیدا زۆر بەربڵاوبووە. ئەگەر لەسەر ئەو شیعرانەی کە کۆساری سەروای تێدا بەکارهێناوە بریتیین لە شیعرەکانی: (نیگاری خودان) ، (گزنگی خێزان) ، (کلابوون و نەبەزین) ، (شەبەقی سەرفرازی) ، (قوتابی و مامۆستای شەهید) ، (ڤیانی ڕاستەقینە و پێڕی سلیبۆ) ، (خۆشەویستی پیواری) ، (دونیا) ، (هۆنەر و پەپولە) ، (زانست) ، (من لاوی مسوڵمانم) ، (بەرگی پۆڵام لەبەرە).

**باسی دووەم: ئەو جۆرە سەروایانەی کۆساری بەکاری هێناوە**

**١- سەروای یەکگرتوو**

ئەم جۆرە سەروایە (یەکێتی سەروا)شی پێ دەوترێ کە ((ئەو پارچە قەسیدە و غەزەلانە دەگرێتەوە کە هەموو لەتەکانیان یان دێڕەکان لەسەر یەك سەروا بێ))[٣٧]. ئەم جۆرە سەروایە لە شیعری کلاسیکیدا زۆر باوبووە،

---

[٣٦]- عەزیز گەردی، "سەروا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا"، کتێبخانەی ئاراس ، هەولێر، ١٩٩١، لا ٢٤.

[٣٧]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا١٠٥.

((كە یەكێك بووە لە مەرجە بنچینەییەكانی شیعر، كە بە شێوەیەكی یەكگرتوو هاتۆتە خوارەوە و شیعرەكەی پێ تەواو كراوە))[38]. كەواتا سەروای یەكگرتوو ئەو سەروایەیە، كە ژمارەی نیوە دێڕەكان چوار دانە بن و قالبەكەی بەم شێوەیە بێ (AABA) واتا دوو نیوە دێڕی یەكەم و چوارەم یەک سەروا بێ و نیوەدێڕی سێیەم جیاواز بێ. كۆساری لە شیعری (نیگاری خودان) ئەم جۆرە سەروایەی بەكارهێناوە.

لەو شیعرەدا دەڵێ

**تورِی داوێ ژان و دژوار دڵی چزیلكی كۆسار A**
**لەو پێچەی مەغزی كرِیوە قولاغی پەروەردگار A**
**ئەستێرەی بەرزی پرشنگدار ئاسمانی شینێكی كاڵ B**
**دەبنە زۆر پرتووكی بەرچاو بۆ دواندنی برِوادار A** لا ١١٧

**٢- جووت سەروا (سەروای مەسنەوەی)**

سەروای (موزدەوەج)یشی پێ دەوترێ. كە هەر دێرە شیعرێك و سەروایەكی تایبەت بەخۆی هەیە. بەو شێوەیە دەبێ كە ((هەردوو لەتی دێرِێك سەروایان یەك بێ و پەیوەندیان بە سەروای دێرِەكانی ترەوە نەبێ))[39]. لە شیعردا بەم قالبە دێ (AABB). كۆساری ئەم جۆرە سەروایەی لە شیعرەكانی (گزنگی خێزان، نیگاری خودان، قوتابی و مامۆستای شەهید) بەكارهێناوە.

لە شیعری (گزنگی خێزان) دا دەڵێ

**ئەی دەروون شوشەی خەم رِەوێن A**
**ئەی گۆنا ئالی چاو شەهێن A**
**ئەی ئەندام چوكەڵەی دڵ پاك B**
**ئەی خۆشەویستی چوخت و چاک B** لا ١٢٤

---

[38]- عوسمان دەشتی، "لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، لا ١٣٤.
[39]- عەزیز گەردی، "كێشناسی كوردی"، لا ٢٨٣.

لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

دوندو ماهی و باسك و عاسێ زورك و شیو و خڕ و دۆڵ A
دەریا و دەریاچکە و ڕوبار و گۆم و تاڤگەی پڕ سەهۆڵ A
کانی و چۆم و ئەستێر و کانیلکە و جۆگە و لێژاو B
بان و شێخاڵ و زیخەڵێن، لیتە و شڵتاو و زەلکاو B ل١١٦

کۆساری لەشیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) لە زۆرترین کۆپڵەکانی ئەم جۆرەی بەکارهێناوە. بۆ نموونە

بەڵێ لە ئامێزی بەزەیی خودا A
وەدەر کەوتم و ڕەشماڵی ژینم هەڵدا A
خودای مەزن پێی بەخشیم بەهرەی گران B
لە دەستم دا با بەکوڵدا دەم تاوان B ل١٤٥

## ٣- سەروای موتەناویب

عەزیز گەردی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێ ((ئەوەیە کە لەت نالەت سەروایان وەکو یەك بێ. بەزۆری لە چوارین و هەندێ جار لەشەشیندا پەیڕەو دەکرێ))[٤٠]. ئەم جۆرە سەروایە بەم قاڵبەیە (ABAB). کۆساری لە شیعری (نیگاری خودان) ئەم جۆرەی بەکارهێناوە.

لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

ملکەچی ڕوگەی پاکی تۆن ئەی خودای بێ خەوش و خاڵ A
قولایی و گرد و تەپۆڵکە و بەرزی و تەختایی و بنار B
لوتکە و نەرمان و بەستێن و زەمەند و جۆم و زەندۆڵ A
نشێو و تەلان و پەسیو، گەوە و هەڵدێر و نسار B ل١١٦

هەروەها لەهەمان شیعر دەڵێ

سەرقاڵی وێردە ژمێری تۆن ئەی پەرستراوی نەگۆڕ A
مەفتوون و شەیدای وێژەتم وەك ڕووەك ناژی بێ خۆر B

---

[٤٠]- عەزیز گەردی، "سەروا"، ل١٠٥.

**لە ئێستا ڕا هەتا ئەو عانەی دەچمە نێو کفن و گۆڕ A**
**بـەڵگەشن ئـاوەژوو بوونە دەگەڵ ئادەمی دوو مـۆر B** لا١١٦

لە شوێنێکی تری هەمان شیعردا دەڵێ

**چـەندەها ستـارەی کـە هـەن نابێژرێن بـە خـام و زار A**
**هەموو ساتێ لەفەرمان دان بە درێژایی مانگ و ساڵ B**
**بـــەمـــوو بەهـەڵـەدا نـاچن وان لـە خـەتی سنوردار A**
**بێ یەك دیکەش دانامەزرێن لەسۆنگەی جازیبەی زاڵ B** لا١١٧

## ٤- چوارین

جۆرێکی تر لەسەرواى شیعری کوردی، سەرواى شیعری چوارینە کە قاڵبی سەربەخۆی خۆی هەیە. بریتییە لە ((پارچەیەکی چوار لەتی، کێش و سەرواى تایبەتی خۆی هەیە. پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەت دەردەبڕێ))[٤١]. کۆساری چەند شیعرێکی چوارینی هەیە کە چەند قاڵبێکی جیاوازی تێدا بەکارهێناوە. لێرەدا ئاماژە بەو شیعرە چوارینانەی کۆساری دەدەین.

### أ- چوارینی تەواو

ئەم جۆرە (هەر چوار نیوە دێڕەکەی هەمان جۆر قاڵبیان هەیە، کە ئەویش قاڵبی (AAAA) یان (BBBB) لە کوردیدا مەلای جزیری بە کۆنترین شاعیر دادەنرێ کە ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێنابێ)[٤٢]. کۆساری ئەم جۆرە قاڵبەی لە شیعرەکانی (ڤیانی ڕاستەقینە و پیِری سیلبۆ، کلابوون و نەبەزین، زانست) دا بەکارهێناوە.

لە شیعری (ڤیانی ڕاستەقینە و پیِری سیلبۆ)دا دەڵێ

**ئـەوانـەی قـەیاس ڕاخـەر بوون تـەمـەنیان ڕۆیی بـەهـەدەر A**
**ڕەنگە خۆشیان خەنە دەستەی بەنناو نوڕسی و جەفعەر! A**
**ڕێوی نێو کەنەک و کونـان ، یـانـە واشەی جـەب نـەدەر A**

[٤١]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا ٢٠٤.
[٤٢]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، لا١٣٧.

هەی لە ڕەش دالّی زەندەق چوو ، تا هەڵۆی دیدە لـێزەر A
***************************************

گـەردن نـەوی و بێ نموود دایم سەباریش نیل بەسـەر A
بـەخو کـاکڵ وێنــەی وڵسات*، بە بۆیاغ شێوەی بەشــەر A
جــاوان ڕووکـەشـان دەبینم بۆیـە وام هاتۆتـە ســەر A
بوکتم نـاوی خـۆم تۆمـارکەم ببمـە دراوسێی عومــەر A ل١٥٥-١٥٧

هەروەها لە شیعری (کلابوون و نەبەزین) دا دەڵێ

ئەگەر تێنوسێن بـە پرکێش، بـەسەر تاشـە بەردان ئەمن A
زیواڵ زیواڵ بێ، بـە پلان پێست و دەمار و گۆشتی مـــن A
لە (ئوم ئەنمار)و (ئومەییە) ڕق ڕەشتر بن جەللادی مـن A
بــێ شـك (اللـه اللـه) دەبــێ، ویـردی پـاکـی زمـانــی مـــن A ل١٦٤

هەروەها شیعری (زانست) دا دەڵێ

زانیاری یە هەست و هۆشم A
بـــەرگی زانـستی دەپـۆشم A
بــۆ نـەتـەوە بــە پەرۆشـــم A
ئــەرکە لـــەسـەرم تێکۆشم A
****************************

خـوێنـدن داری سـەربـەستی یە B
نــەزانـین نــەنگی و سستیـە B
زانست بەرزە و ڕێی ڕاستی یە B
زانـین خـــودا پــەرسـتـی یــە B ل٣٢٣

ب- چوارینی خەساو

ئەم جۆرە بەم قاڵبەیە (AABA) واتە ((دێڕی یەکەم و دووەم چوارەمی هاوسەروان))[٤٣]. کۆساری سەرجەم شیعری (دونیا) و هەندێ کۆپلەی شیعری (شەبەقی سەرفرازی) ئەم سەروایەی تێدا بەکارهێناوە.

* وڵسات واتا (مەڕ و ماڵات).

لە شیعری (دونیا)دا دەڵێ

لــــە دونیــادا لــە دایک بـوون دوو بـــوونــە A
یەک لــە داوێن ئــەوی دی بــۆ گــۆڕ چوونە A
ئــاخـوڕ و رەحـلــە تـەریبن بـۆ ئـەو کـەســەی B
مــەرگ بـــەلایــەوە فـەوت و تێدا چـوونـــە A
****************************************

وەك کۆمـەڵـەی خـۆرێ لـە سـوڕانــە زەینم A
دابـەش و کۆی دوو ژیـانــە سـەین و بـەینم A
لـێواری عــەرزێ ڕاسـترە لـــە مێشکی وەی B
مانگ لە سوێی بێ و بڵێ بەس شەوێ دەبینم A لا٣٢١ - ٣٢٢

نموونەیەک لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی) بە هەمان قاڵب

بــەڵــێ! (محمد) پــەیـامبــەر A
ئــەی تـرسێنـەر و موژدەدەر A
شوێن پێی پیرۆزت هەڵدەگرم B
گەر مێشکم لە لووت بێننە دەر A لا١٣٠

هەروەها دەڵێ

بــەڵـێ مـحـمـد تــاجـی سـەر A
ئەی ڕەوشت بەرزی بە جەوهەر A
بـەشوێن ئـەسەری ڕێـت دەڕۆم B
نـام گنخـێنێ تــەوس و تــەشەر A لا١٣٩

## ج- چوارینی شکسپیری

ئەم چوارینە کۆمەڵێ ناوی لێنراوە (لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێ چوارینەی پاڵەوانێتی (heroic) یان پارچەی شین و چەپەر(elegiac)، زۆر جاریش بە چوارینی شکسپیری ناوی هاتووە. چونکە شکسپیر لە سۆنیتەکانیدا چوارینەکانی هەشتینەی پێشەوەی بە زۆری بەم سەروایە دارشتوە. لە فەرەنسیشدا بە سەروای لێك تێپەڕیو ناوی هاتوە و لە زمانی

[43]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، لا١٣٨.

عەرەبیشدا (متناوب)ی پێی وتراوە)[٤٤]. ئەم جۆرە سەروایە بەم قاڵبە (ABAB) لە شیعردا بەکاردێ. ((لەم جۆرە چوارینەدا دوو سەروا بە نۆرە دووبارە دەبنەوە، بۆیە سەروای (دەوری)یش پێ دەوترێ. واتا لەتی یەکەم و لەتی سێیەم یەك هاوسەراو و یەك سەروایان هەیە و لەتی دووەم و لەتی چوارەم یەك هاوسەراو و سەروایان هەیە))[٤٥]. كۆساری ئەم جۆرە سەروایەی لە دوو كۆپلەی شیعری (شەبەقی سەرفرازی) دا بەکارهێناوە.

لەو شیعرەدا دەڵێ

**سەدەها پاشای مفتە خۆر** A
**لەتاو تەخت وەزگ دێنن** B
**فیرعەونی ئیروو و پایەدار** A
**لە زێی مێیر دەخنکێنن** B لا١٣٣

لە هەمان شیعردا دەڵێ

**هەتا کەینێ پشتی سەیید** A
**لە ژێر تێڵا دەگروێنن** B
**تاکەی زەری و کەنیشکی کورد** A
**لە بەندەکان ئەتک دێنن** B لا١٤٠ - ١٤١

## د- چوارینی قاڵبی (ABBB)

ئەم جۆرە (وا دەبێ لە چوار خشتەکیدا نیوەدێڕی (٢،٣،٤)ی چوارینەکە هاوسەروا بن. بەڵام نیوە دێڕی یەکەم سەرواکەی وەکو ئەوان نەبێ)[٤٦]. كۆساری چوار كۆپڵەی هەیە کە بەم شێوازە نوسیوێتی. ئەویش لە شیعرەکانی (شەبەقی سەرفرازی، ڤیانی ڕاستەقینە و پێڕی سیلبۆ) دا.

لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی)دا دەڵێ

**هەزارەهای وەکو نەمروود** A
**لە گیانەڵا بڕوا دێنن** B

---

[٤٤]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا٢١٢.
[٤٥]- عەزیز گەردی، "کێشناسی کوردی"، لا٢٩١.
[٤٦]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا٢١٤.

**گەر پرسیار هێژی ئەو دووە چین B**
**بـۆ وێڕای وی پــەرسـتـن نـیـن B** لا ١٣٢ - ١٣٣

هەروەها دەڵێ

**تاکەی باغ و بێستانی کورد A**
**بە مەرگە موش لەبن دێنن B**
**تا کەی دوندانی کوردستان B**
**بــە کیمیا هـەڵدەقرچـێنن B** لا ١٤١

لە هەمان شیعردا دەڵێ

**هەتا کام دەم تولفی بێ دەم A**
**لــە بـێشکـێدا دەبـرژێـنـن B**
**یان نـەوجـەوانـی بـێتـاوان B**
**لە خوێنی گەش دەگەوزێنن B** لا ١٤٢

لە شیعری (ڤیانی ڕاستەقینە و پێڕی سیلبۆ)دا دەڵێ

**ئـەگـەر بـە مـاتم دیدەکەن دەمێك دێ دەکـەومـە گـەڕ A**
**چـەشنـێ شێری نـاو بـێشە یـاخـود پڵنگی کـەژ و دەر B**
**ئـەویندارێکی شك دەبەم قـەت لـە زەینم نـاچێتـە دەر B**
**خۆشەویستی من گیانی یــە نـەك وەك بابای چاو لەدەر B** لا ١٥٥

**٥- سەروای کۆپلەی پێنجی**

ئـەم جۆرە سەروایە نزیکە لـە سەروای (موستـەزاد). دەتوانین بڵێین پێناسەی (سەروای موستـەزادی ئـازاد)ی بەسەردا دەسەپێ. کە عـەزیز گـەردی لـە بارەیەوە دەڵێ (لـەم جۆرەدا ژمارەی تیکە زیادەکان بـەرامبـەر بە لـەتـە ئـەسلییـەکان، لـە سـەراپای هۆنراوەدا یـەك شت نییە. شاعیر بـەپێی زەوق و سەلیقەی خۆی، بە پێی بیرو بۆچوون و هەست و خروشانی دەروونـی، بە پێی زنجیرەی ناوەڕۆکی بابـەتـەکە، لـەت و تیکە دووبارە دەکاتـەوە. بێ ئـەوەی گوێ بە پەیڕەوکردنی شکلێکی تایبـەتی دووبارەکردنـەوەیان بدات)[٤٧]. کۆساری تـەنها شیعرێکی هـەیە بە کۆپلەی پێنجی نوسیوێتی. بە ناوی (هۆنـەر و پەپولـە) کە ئـەو شیعرەی بە سەروایەك نوسیوە نزیك بە سەروای موستـەزاد.

---

[٤٧]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا ٢٩٢.

کۆساری لە شیعرەکەدا دەڵێ

**هۆی پەپوولە ، تار نەویست و ڤیانی نوور A**

**سەودا ســـەری تـیشکی بلور A**

**بەتاسەو هەڵچەرخی دەوری قەندیلۆکەی سەرتاقی ژور A**

**لەمنی دڵ شـــەو مەوەستێ دوور A**

**ژیکەڵەکە! b**

**********************

**هاوڕازی و دەستە برایی ی تۆم پێ وازترە لە ڕاوی شوور A**

**تۆی بێ دار و بارۆکی زوور A**

**ئیرەییم دێ بە بوێری تۆی لە خۆ بوور A**

**هەی (باری) وەك تۆم کا جەسوور A**

**ئەی ژیرەکە b** لا ١٦١

**٦- سەروای شیعری ئازاد**

ئەوەی کە شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوە مەرج نییە هەر کێش و سەروا بێ، بەڵکو ئیقاع و ئاوازی شیعر تایبەتمەندییەکی هەیە کە هەموو خوێنەرێك درکی پێ دەکات و بەهەستی دەیناسێتەوە. ئیقاعی شیعر ((ئیقاعی وشەیی دەگرێتەوە، ئیقاعی وشەیی لە کێش و سەروا و ئیقاعی ناوەوە و دووبارەبوونەوەی دەنگ لە شوێنی تایبەتی و هێنانەوەی دەستەدەنگ و یاریکردن بە جێگای وشە و خستنە پاڵی یەکتری هەندێ دەستەواژەی لە باردایە کە مۆسیقای دەنگەکە پتەو بکات و بەرەو چڕی و دواییش تەقاندنەوەی مانا بێ))[٤٨].

ئەو شیعرانەی بە شیعری ئازاد نوسراونەتەوە، کەمتر پابەندن بەو یاسا کلاسیکیانەی کە شاعیرانی کۆن گرتویانەتە بەر، بە تایبەتیش لە کێش و سەروادا. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیرانی شیعری ئازاد سەروایان بەکارنەهێنابێ لە شیعرە ئازادەکانیاندا، (بەڵکو نەچونەتە ژێر باری کۆتی تەقلیدی ئەم دوو ڕەگەزە. سەروای ئازاد ئەوەیە کە خۆی بە هیچ

---

[٤٨]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا ٣٠٢.

قاڵبێکی دەرەوە نابەستێتەوە. بەڵکو بەپێی هەست و نەستی شاعیرە، بە پێی دەلالەت و دابەشبوونی ڕستە و دەستەواژەی شیعرەکەیە، شاعیر کەی ویستی و بە باشی زانی، سەرەتای سەروا دادەمەزرێنێ بێ زۆر لە خۆکردن)[٤٩]. کۆساری سەروای ئازادی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی ئازاد لە هۆنراوەکانیدا. لە کوێ پێی باش بوبێ بڕیوێتی و لەکوێ پێی باشبوبێ دەستی پێکردووە.

بە هۆی ئەوەی کە کۆساری زۆربەی شیعرەکانی ئازادن، بۆیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بۆ سەروای ئازاد. دەتوانین بڵێین بەڕێژەی جیاواز لە سەرجەم شیعرە ئازادەکانی سەروای ئازادی بەکارهێناوە. لێرەدا چەند نموونەیەکی سەروای ئازاد لە شیعرەکانی کۆساریدا وەك نموونە باس دەکەین.

هەروەها لە شیعری (پاکانەی هۆنراوە) دا دەڵێ

**هۆنراوەکەم تەنورێکە A**
**لە قوڕی ساخ B**
**بەئاوی بوزی پشتی شاخ B**
**دروست کراو C**
**شان و لغاوە و لێو شکاو C**
**نانی گەرم بۆ بێ نان و بێ لانەکان دەبرژێنێ D**
**تا بۆی بلوێ و گڕی هەستێ E**
**چنگ و کۆڵەوەژ و ڕنووکی گورگە مێش و دووڕەگەکان دەسوتێنێ D**

لا١٦٨

لە شیعری (موشتاغی* دەرووی سانی گوڵ) دا دەڵێ

**doووره گوڵ A**
**شۆختر لە گوڵ A**
**خونچەی گوڵی ڕووت هێندە گوڵ A**
**لە گوڵزار گوڵبزڕکان B**

---

[٤٩]- عەزیز گەردی، "سەروا"، لا٣٠٥.

* ئەو شوێنەیە کە میوە و توتنی لەبەر هەتاو لێ هەڵدەخرێ بۆ وشك بوونەوە

گوڵ چۆوە لە ڕەگ سوورە گوڵ A
گوڵاڵە و گوڵە تۆپ و C
گوڵە باغی شای نێو گوڵان B
لەگەڵ بوون و لەو دەمەی D
گوڵ هاتە سوێ سەر توێی گوڵ A ل٢٢٧- ٢٢٨

هەروەها لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

چەند خودکارێکی ڕەنگاوڕەنگ A
خڕبوونەوە لە پەرداخێك B
بە شێوە و ڕەنگ A
یەرزارەکی بۆ کردارێك B
بوون بە یەك دەنگ A
بەڵام پێنووسێکی خۆشنووسی سپی نووس C
نەخاپا و هەڵنەزەلی D
بەوێنەی (حەمرین) E
بوو بە (قەندیل) F
نەك هەر قەندیلی بەمەندیل F ل٢٢٩ - ٢٣٠

کۆساری لە شیعری (خۆشەویستی پیواری) هەردوو کۆپلەی دوانی و چواری تێکەڵ دەکات. کە قاڵبەکەی بەم شێوەیەیە (AA , BBCB).

لەو شیعرەدا دەڵێ

زگارە دڵ مادوورە هەتا ســەر A
هەراوە دڵ هۆشیرە تا سەحەر A
وێدەچێ ماخۆی دڵە عشقە چتۆ عاشقێ B
نە ئاڵودەی کوچک و خۆڵ و نە دڵداری ناسکێ B
وەلی تامەزرۆ و لەزی دیداری مەزنی ئەوە C
هەرسێ یان قرپۆک بوون بەدیهێان خالقێ B ل١٦٥

## تەوەری سێیەم: دووبارەبوونەوە

### باسی یەکەم: دووبارە بوونەوەی دەنگ

سەرەتای هاوشێوەبوون و بنەماکانی دووبارە بوونەوە پێویستە لە ئاستی دەنگەوە دەست پێبکرێ. چونکە دەوروبەری دەنگ لە نێو وشە و دەوروبەری وشە لە نێو ڕستە و دەوروبەری ڕستە لە نێو دەق  بە شێوەیەک ڕۆڵ دەگێڕن، کە یەکەمیان دەروربەرێکی دەنگی و وشە سازی و دووەمیان پێکهاتەیی و ڕستەسازی و سێیەمیان دەقی و دەلالییە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕستە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی شیعرییەت بچوکترین یەکەیە. پاشان گەورەترین یەکەش خودی دەقە. بۆیە لە نێو ئەو پێکهاتە بچوکترینەدا یەکەی وردتر هەن، کە ئەوانیش لە شوێنی خۆیاندا ئەگەر دەروبەری وشە لە باربوو پلەی شیعرییەت بەرز دەکەنەوە[٥٠].

(ئەم ئاستە سەبارەت بە ڕیتم باس لەو یاسایانە دەکات کە فۆنیمەکانی هەندێ لە وشەکانی ڕستەی شیعری ڕێک دەخەن. ئەم ڕێکخستنەی فۆنیمەکان هەوڵێکی بە مەبەستی شاعیرە، بۆ قەرەبوو کردنی لە دەستدانی هاودەنگی قافیەکان)[٥١].

ئەم جۆرە هاوشێوەی پیتییە (کاتێک دەنگێک لە لەتێکدا یان دێڕە شیعرێکدا، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر دووبارە دەبێتەوە. ئەمەش زیاتر ئەو کاتە هەستی پێ دەکرێ، کە ئەو وشانەی دەنگە دووبارەکان بە دوای یەکتردا بێ، یان لە یەکترەوە نزیک بن)[٥٢].

مەبەست لە دووبارە کردنەوە بریتییە لە:

١- دروستبوونی هاوسەنگی و مۆسیقای شیعرە. واتا زۆر جار هەن (زەرورەتی کێش) دووبارە کردنەوە بەدوای خۆیدا فەرز دەکات.

---

[٥٠]- هێمن عومەر خۆشناو، ”شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی“، لا٩٤.

[٥١]- موحەمەد بەکر، ”پەخشانە شیعری کوردی“، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠٠٤، لا ٨٣.

[٥٢]- جەبار ئەحمەد حسێن، ”ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی“، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، لا٢٠٨.

٢- بۆ مەبەستی پێداگرتن و جەختکردنی واتایە. واتا بۆ سەرەنجڕاکێشان و بەرجەستەکردنی واتا و زیاد کردنی کاریگەرییەکەیەتی لەسەر خوێنەر.

٣- مەبەستێکی دیکەی ئەوەیە دووبارە بوونەوە ڕێک و هاوسەنگی یەک لە دوای یەک جوانی تێدایە و چێژ و خۆشی و نەشئە بە مرۆڤ دەبەخشێ.

٤- دووبارە کردنەوە ئەرکی کۆکردنەوە یەکخستن و سفت و سۆکردنی یەکەکانی دەلالەت و واتای تێکستی شیعری لە تەونێکی چۆنیەکدا دەبینێ[٥٣].

کۆساری گرنگییەکی بەرچاوی داوە بە دووبارەکردنەوەی دەنگی، لەسەر هەریەك لە ئاستەکانی تاك دەنگی و جووت دەنگی. زۆرترین ڕێژەی دووبارەکردنەوەی دەنگی لە شیعری (موشتاغی دەرووی سانی گوڵ)ە. کە ٢٥جار دەنگی (ش) و ٢٢جار دەنگی (گ)ی دووبارەکردۆتەوە. کە زۆرترین ڕێژەی دووبارەکردنەوەی دەنگییە لە شیعرەکانیدا، بە بەراورد بە ڕێژەی وشەکان. لەبەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ

**شەمزین نیمە شەم تا شەم، بۆ وەسڵی شەم**
**شەبەیخوون و کەم**
**شەمی بێ جەماڵی شەم**
**شەموولەم پێ خاستر لە شەم**
**لەو دەمەی شەمچە و شەمنوور و**
**شەمعی شەوان خامۆشە**
**شەوگاری بێ شەمسە و شەمن،**
**شەمدارە بە نووری شەم    ل٢٢٨**

---

٥٣- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، ل٨٨.

**باسی دووەم: جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگی**

**یەکەم: دووبارەکردنەوەی جووت دەنگی**

گرنگترین شێوەکانی دووبارەکردنەوەی جووت دەنگی لە شیعری کۆساریدا ئەمانەن.

**١- جووت دەنگە دووبارەبووەکە لە نێو یەک بڕگەدا بێن، بەڵام لە دوو وشەی بە دوایەکدا هاتوو، کە بەم دوو شێوەیەیە:**

**أ- وەک یەک**

ڕیزبوونی دەنگەکان لە هەردوو وشەکەدا وەک یەک دەبن. لە شیعری (پاکانەی هۆنراوە) دا کۆساری دەڵێ

**یا بەردەمی ئاگردانی دامرکاوە**
**یا سەرحەساری ڕوخاوە** ل١٧٥

دووبارە کردنەوەی دەنگی (د+ا) لە هەردوو وشەی (ئاگردان ، دامرکاوە) کە لە یەک بڕگەدان و وشەکانیشیان بەدوای یەکدا هاتووە.

لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**نەک خوێندنی مرواری و قورینگ و قازی بەهار**
**لەبری گڕو گاڵی مناڵ** ل١٨٧

دووبارە کردنەوەی جووت دەنگی (ا+ڵ) لە هەردوو وشەی بەدوا یەکدا هاتوو (گاڵ و مناڵ).

**ب- پێچەوانە**

ڕیزبوونی دەنگەکان لە هەردوو وشەی بە دوایەکدا هاتوو بێن. بەڵام پێچەوانەی یەکتری بن. بۆ نموونە، کۆساری لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**دەستەی مارە کراوە و خواجە بۆ مەبەستیان**
**بۆ پڕی هەناوی پەستیان** ل١٩٦

لەم دێڕە شیعرەدا دوو دوبارەکردنەوەی دەنگی پێچەوانەی تێدایە، کە لە نێوان دەنگی (ار+را) لە وشەکانی (مارە و کراوە). هەروەها هەردوو دەنگی (او+وا) لە هەردوو وشەی (کراوە و خواجە).

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**لێوی خامە: بەبێ ڕوومەتی دەفتەر و**

**گۆنای درەخت ...** ل٢٦٥

دووبارە کردنەوەی پێچەوانە لە هەردوو دەنگی (ەت+تە) لە هەردوو وشەی (ڕوومەت و دەفتەر).

**٢- جووت دەنگە دووبارەبووەکە لە نێو یەک بڕگەدا بێ، بەڵام لە دوو وشەی دابڕاو، کە ئەمەش بە هەردوو شێوەی وەک یەک و پێچەوانە دێ.**

**أ- وەک یەک**

لە ڕیزبووندا دوو دەنگەکە وەك یەکن، بەڵام لە دوو وشەی دابڕاو لە یەکدا بێن.

لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

**کوێرە هۆشی کەسێک وایە شانتەکێن بێت لە زگماک**

**یانە بێ خەشمەتیش ئاوا لە ئاقار زاڵی بێ باک** ل١٢٠

دووبارەکردنەوەی هەردوو دەنگی (ک+ێ) لە دوو وشەی دابڕاوی (کوێرە و شانە تەکێن). هەر هەمان دێڕ دەتوانین بۆ دژیەکیش بەکاری بێنین، لە هەردوو دەنگی (کێ+ێک) لە وشەکانی (کوێرە و کەسێک).

**ب- پێچەوانە**

بە هەمان شێوەی پێشوو، لە دوو وشەی لێك دابڕاو دێن. بەڵام ڕیزبوونی دەنگەکان پێچەوانەی یەکتری بن.

لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**دەی پێم بڵێن**

**هەتا فـانۆسی تـەمـەنم دوا نـەفـەسی لێنـەبڕاوە** ل٣٠٣

دووبارەکردنـەوەی هـەردوو دەنگی پێچـەوانـەی (فن+نف) لـە هـەردوو وشـەی (فـانۆس و نـەفـەس)، کـە لـەیـەک بڕگـەدان بـەڵام لـە دوو وشـەی دابڕاو.

**دووەم: دووبارەکردنەوەی تاک دەنگی**

**أ- سێ وشەی بەدوای یەک**

بـەو شێوازە دەبێ کـە کۆمـەڵێ وشـەی بـە دوای یـەکدا هـاتوو بۆ تـەواوکردنـی ڕستـەیـەک، دەنگی یـەکـەمی وشـەکان هـاوشێوەی یـەک بن. بۆ نموونـە کۆساری لـە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ

**هـەر لـەو ڕۆژەی**

**کـە قورئـانم کردە هـاوڕێ**

**ئـاوێتـەی خۆشـەویستی بووم**

**یـەکمـان نـاسی و**

**دوای خـوانـاسین و خۆنـاسین و خـاک نـاسین** ل٢٧٨

تێبینـی دەکـەین لـە نیوە دێڕی کۆتـاییدا، سێ وشـەی دوابـەدوای یـەکدا بـەکارهێنـاوە، کـە هـەر سێکیـان بـە دەنگی (خ) دەست پێدەکـەن (خوا نـاسین و خۆ نـاسین و خـاک نـاسین).

**ب- دوو وشەی بەدوای یەک**

بـەو شێوەیـە دەبێ، کـە دوو وشـەی بـە دوای یـەکدا هـاتوو دەنگی یـەکـەمیـان هـەمـان دەنگ بێ.

لـە شیعری (قـەڵـەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**کـامـە دورگـە**

**سێ سـەد و شـەست بت و ڕوگـە و** ل٢٣١

دووبـارەکردنـەوەی دەنگی (س) لـە هـەردوو وشـەی (سێ و سـەد)

هـەر لـە هـەمـان شیعردا دەڵێ

**ئەمن قەڵەمی قامکی لقی بەڕویکم**
**دار بەڕویەکی زۆر بەتەمەن    ل٢٣١**

دووبارەکردنەوەی دەنگی (ق) لە هەردوو وشەی (قەڵەم و قامک)

**ج- دووبارەکردنەوەی دەنگی کۆتا وشەی لەتە دێڕێك**

بەو شێوەیە دەبێ، کە سەرجەم وشەکانی لەتە دێڕێك بە یەك جۆر دەنگ کۆتاییان بێ. بۆ نموونە کۆساری لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**ئەی خاکەکەم**
**هاوژینی ناخی داخی من**
**ئەتۆی شەمی غەمی تاری منی بەنی    ل٢١٩**

لەتە دێڕی سێیەم سەرجەم وشەکانی بە دەنگی (ی) کۆتایی پێهاتووە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێ

**سکاڵای لەیلەتولقەدری مزگەوتی (عەلی فەیصەل)ی    ل٢٨٥**

لەتە دێڕەکە لە چوار وشە پێکهاتووە، کە هەر چواریان بە پیتی (ی) کۆتاییان پێ هاتووە.

**سێیەم: دووبارەکردنەوەی سێ دەنگی**

بەو شێوەیە دەبێ، کە سێ دەنگی هاوشێوە لە دوو وشە یان زیاتر دووبارە ببنەوە.

لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**تاکو دەری دەرێ فڕیم**
**کەلە دەری دەرووی دەرگا دەربوو دیدەم    ل١٨٤**

وەک دەبینین (٦) جار سێ دەنگی (د+ە+ر)ی لە یەک بڕگە و دوبەدوای یەکدا بەکارهێناوە.

پاشان دەڵێ

**دەرکی ڕێم کرد**

**له تارای ڕەشی تاریکی شەوی تاردا تارمایی یەکم لێ بەدی کرد**
لا ١٨٤

لەم نیوە دێڕەشدا (٤) جار دەنگی (ت+ا+ر)ی لە یەک بڕگەدا دووبارە کردۆتەوە.

**باسی سێیەم: دوبارەکردنەوەی وشە**

ئەگەر دووبارەکردنەوەی دەنگ بە سەرجەم جۆرەکانی کە باسمان کرد، کاریگەرییەک و بەهایەکی ڕیتمی هەبێ. ئەوا بێگومان دووبارەکردنەوەی وشە ئەو بەها و گرنگییە زیاتر دەبەخشێ بە دەقەکە. چونکە دووبارەکردنەوەی وشە بریتییە لە دووبارەکردنەوەیەکی وەک یەکی چەند دەنگێک. کەواتا لە یەک کاتدا دووجۆر دووبارەکردنەوەمان پێ دەبەخشێ.

کە ئەمەش (هۆکارێک دەبێ بۆ چێژبەخشین، کە مەبەستێکی ئیستاتیکی ڕووتە و هۆکاری سەرەنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەو دەقە یان ئەو وشەیە یاخود ئەو ڕستەیە)[٥٤]. دووبارەکردنەوەی وشە بەو شێوەیە دەبێ کە ((وشەیەک دووجار یان زیاتر بە هەمان واتا لە نێو پێکهاتەی دەقەکەدا دووبارە ببێتەوە))[٥٥]. بەکارهێنانی هونەری دوبارەکردنەوەی وشە، هەوڵێکە لە لایەن شاعیر بۆ چڕکردنەوەی دەلالەت و مەبەست لە دەقەکەیدا.

ئەمە جگە لەوەی کە جەختکردنەوە و دوپاتکردنەوە دەگەیەنێ. (شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە دەلالەتەکانی مەبەست و ئیجا لە نێو تێکستەکەیدا چڕبکاتەوە و گوڵاو پژێنی تامو بۆنی شیعرییەتی بکات)[٥٦]. ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە، بە شێویەکی بەرچاو بەدی دەکرێ لە شیعرەکانی کۆساریدا. کە ئەمەش بەهێزی ئاستی ڕیتمی شیعرەکانی دەسەلمێنێ.

لەشیعری (موشتاغی دەرووی سانی گوڵ) دا دەڵێ

**دوورە گوڵ**
**شۆختر لە گوڵ**
**خونچەی گوڵی ڕووت هێندە گوڵ**

---

[٥٤]- جەبار ئەحمەد حوسێن، "ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی"، لا٢٠٧.
[٥٥]- هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لا١١١.
[٥٦]- عوسمان دەشتی، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، لا١٨٧.

**لە گوڵزار گوڵبزرکان**
**گوڵ چۆوە لە ڕەنگ سوورە گوڵ**
**گوڵاڵە و گوڵە تۆپ و**
**گوڵە باغی شای نێو گوڵان**
**لەگەڵ بوون لەو دەمەی**
**گوڵ هاتە سوێ سەر تۆپی گوڵ** ل٢٢٧

...... پاشان دەڵێ

**شەمزین نیمە شەم تا شەم بۆ وەسڵی شەم**
**شەبەیخوون کەم**
**شەمی بێ جەماڵی شەم**
**شەموولەم پێ خاسترە لە شەم**
**لەو دەمەی شەمچە و شەمنوور و**
**شەمعی شەوان خامۆشە**
**شەوگاری بێ شەمسە و شەمن**
**شەمدارە بە نووری شەم** ل٢٢٨

ئەگەر تەماشای ئەم شیعرەی کۆساری بکەین، دەبینین زۆرترین دووبارەکردنەوەی تێدایە لە هەردوو وشەی (گوڵ) و (شەم). لە نیوەی یەکەمی شیعرەکەدا (١٤) جار وشەی گوڵی دووبارە کردۆتەوە. لە نیوەی کۆتایی شیعرەکەشدا (١٣) جار وشەی (شەم)ی بەکار هێناوە کە لە (٩) دوبارەبونەوەیدا بە هەمان واتایە.

لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) دا دەڵێ

**لەسەر پێخەف شانم دادا و داسەکنام**
**هیچ چارە و نۆژدار نەهاتن بە هانام**
**نزیك بوو وەنەوزە و خەو بمباتەوە**
**وتـەی مـامۆستـاشم وەبیر هـاتـەوە** ل١٤٦

پاشان دەڵێ

**دڵـم پڕبـوو گـەرووم گیرا و چـاو مـەیـن**
**ئەسرین وەك زەنگۆڵ بەسەر ڕووم ڕاخزین**

مـامۆستا گیـان لای خـودا بکـە ڕجـام
مامۆستـای بـەرزی شەهیدی ڕێی خوام
مــامۆستـای زویری لــە تــاوان ڕەنجـــاو
مامۆستا بۆ جوێیت سوور هەڵگەڕان چاو؟!
مـامۆستـای نیان ورد و دڵ بــەریـن
مامۆستای سینە پاکی بێ ڕەق و قین
مامۆستای ئەوینی بەرنامەی خوا
مامۆستا لای تۆ بوو تیمار و دەوا
مامۆستای ئاشنای سوننەت و قورئان
مامۆستای پەڕ کوڕی ئارپیجی لە شان
مامۆستای پشوو درێژی شەیتان خەسێن
مـامۆستای زەهلــە بڵیندی کـوفر ڕەوێن
مامۆستای گرچووبڕی تاغوت ڕەتێن
مـامۆستای بە هەڵمەتی هێرش شکێن
مـامۆستای چــەوساوەی ماف پێشێلکراو
مامۆستای بێ ترس و پەروا و کەڵە پیاو
مامۆستای شەرمن لەئاستی برادار
مــامۆستای مل پەڕێنی کافر زۆردار لا١٤٧ - ١٤٨

پاشان دەڵێ
مــامۆستای دڵسۆزی کـردەوە شیـریـن
شاسواری پێست تۆزاوی بەرگ ڕەنگین
مامۆستا گیان لە گردی ڕەمکان گلای
بە زەبری چەنگی سیخوڕن ئەنگوای لا١٥١

لەم شیعرەدا کۆساری (٢١) جار وشەی (مامۆستا) دوبارە دەکاتەوە. ئەم شیعرەی بە بۆنەی شەهید بوونی (ئەحمەد شاسوار)ەوە نوسیوە، کە کەسێکی زۆر نزیکی کۆساری بووە. دووبارەکردنەوەی مامۆستا بۆ ئەو کەسایەتییە، بەڵگەیە لەسەر خەمباری و حەسرەتباری کۆساری و ئەو مانایەمان پێ دەگەیەنێ کە ئەو کەسە زۆر خۆشەویست بووە لەلای، بۆیە بەو ڕێژە زۆرە وشەی (مامۆستا)ی بۆ دووبارە کردۆتەوە. لەسەر ئاستی دەقەکەش،

دوبارەکردنەوەی وشەکە جوانکاری بە شیعرەکە بەخشییوە. بەوەی وا لە خوێنەر و بیسەر دەکات زیاتر تێکەڵی شیعرەکە ببێ.

کۆساری لە شیعری (با بەناو و ناوك یەك بین) (٢٦) جار وشەی (یەك)ی دووبارە کردۆتەوە، کە هەمان واتای هەیە. ئەمە بە زۆرترین ڕێژەی دووبارە کردنەوەی وشەیە دادەنرێ لە شیعرەکانیدا. لەو شیعرەدا دەڵێ

**با هەر هەمووومان**
**ناوێك بین**
**پێناوێك و**
**مێژووی بەرزی پەڕاوێکین**
**هەر یەکمان**
**یەك قومە ئاو بین**
**شەپۆل و تین و تەوژمی**
**لافاوێکین**
**هەر کەسەمان**
**یەك شەمچە دابگیرسێنێت**
**ئەوساکەینێ**
**شەوق و تیشکی هەتاوێکین**
**با هەر کاممان**
**خونچەیەك بێت**
**لەو کژەدا بەبێ گوڵزاری نەوبەهار**
**بەبێ پەنجەی نەرمی شەماڵ**
**بەهارێکین**
**دەکەوا بوو**
**تاکەی یەك یەك دوور بین لە یەك؟!**
**ڕامێنن لە هەموو ڕێیەك**
**یەك یەك بەڵام**
**یەکیان ڕێیە ..!**
**یەکیان ئاوی سازگاری**

**گڕی دەروونی مەی پێیە ..!**
**نەك هەموو یەك**
**دەبا هەموو**
**هەروەکو یەك**
**دڵمان گوێ ڕایەڵی دەنگی یەك ڕێگا بێت**
**تاقە ڕێ یەك**
**لەم ڕۆژەدا**
**یەك سەر و دەست و یەك هەست و**
**یەك هەڵوێست و**
**بەیەکەوە یەکە یەکەی دوژمن یەك یەك**
**دەتۆپێنن**
**یەکانەی مەرگ بەیەك تەکان**
**دەتۆقێنن**
**یەك بەیداغ و یەك پەرستن**
**یەك سەرکردە و**
**یەك گەیاندن**
**بەیەك هێرش**
**یەك لەدوای یەکە**
**سەرکەوتن**
**لەسەد دونیاش یەك جار مردن** ل٢١٣ - ٢١٤

ئەم دووبارەکردنەوەیەی وشەی (یەك) بە هەمان واتا لەم شیعرەدا، هێز و توانای شیعری ئەم شاعیرە دەردەخات. کە توانیوێتی لە شیعرێکی (٤٣) دێڕی کورتدا زیاد لە (٢٦) جار وشەیەك دووبارە بکاتەوە. ئەم دیاردەیە چێژێکی جیاواز و هێزێکی پتەوی بە شیعرەکەی بەخشیوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانیوێتی زۆرترین وشە کۆبکاتەوە کە لەگەڵ وشەی (یەك)دا بگونجێ. کە سەلمێنەری دەوڵەمەندی ئەم شاعیرەیە لە ڕووی وشەسازی و فەرهەنگەوە.

تێکڕای دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعرەکانی دیکەی کۆساریدا بریتیین لە

(شەبەقی سەرفرازی) وشەکانی (بەڵی محمد) ١١ جار

(زەنگی نادیار) وشەی (دەنگ) ١٧ جار

(قەڵەمی ڕاستگۆ) جێناوی پرسی جێناوی پرسی (کام) ٧جار

(مانگ گیران) وشەی (شەو) ١٦ جار

(کەیوان) وشەی (سوور) ٨ جار

## تەوەری چوارەم: ڕەگەزدۆزی

### باسی یەکەم: پێناسەی ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزی بونیادێکی هونەری سەربەخۆیە و جۆرێکە لە دووبارەکردنەوە. دەچێتە خانەی یەکەیەکی ڕیتمی لەخۆی گەورەتر، کە بونیادی هاوشێوەبوونە. بەڵام لە شێوەکانی تری دووبارەکردنەوە جیاوازە، بەجیاوازی دەلالی نێوان دانە دووبارەکراوەکان. هەر لەبەر ئەوەشە ڕەگەزدۆزی بونیادێکی (دەنگی – دەلالی) یەو، ڕیتمێکی دەنگی و دەلالی بەرهەم دەهێنێ، لە هاوشێوەبوونی دوو واژەیە لە ڕووی ژمارە و جۆر و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکان. کەچی جیاوازن لەو مەدلولەی کە دەیدەن بە دەستەوە[٥٧].

یان ((ڕەگەزدۆزی لە زمانەوانیدا بریتییە لە هاوشێوەبوون و تێکەڵبوون لە نێوان دوو ڕەگەز. لە ڕەوانبێژیشدا بریتییە لەوەی کە دوو واژە هاوشێوەی یەک بن، لە ڕووی شێوە و دەربڕینەوە. بەڵام واتای دوو شتی جیاواز بدەن. کە ئەمەش هونەرێکی "بدیع"ە و سەرەتا وا دەردەکەوێ، کە هەمان واژەی پێشوتر دووبارە بۆتەوە. بەڵام دواتر دەردەکەوێ کە بۆ دوو مەبەستی جیاواز

[٥٧]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل٥٨.

بەکارهاتووە))[٥٨]. یاخود بریتییە لە ((دووبارەکردنەوەی وشە بە هەمان فۆڕم و بەواتای جیاواز. ئەمەیان ڕەگەزدۆزی تەواوە کە وشەکان لە فۆڕم و هاوشێوەبوونیان تۆزێک جیاوازیان دەبێ. کە ئەمەیان دەبێتە ڕەگەزدۆزی ناتەواو))[٥٩]. ڕەگەزدۆزی لە ڕەوانبێژی کۆنیشدا گرنگی پێدراوە و چەندین جۆر و شێوەی لێ دیاری کراوە. کە لە خانەی زانستی جوانکاریدا لێی دواون. بەڵام بۆ ئەوە نەچوون، کە ڕەگەزدۆزی بەرجەستەکردنی ئەوپەڕی لادانە لە ڕووی دەنگ و پێکهاتەیی و دەلالی دەقدا. چونکە (ڕەگەزدۆزی دیاردەی دەرخستنی جیاوازییە لە ڕووی ئەوپەڕی لە یەکچوون. واتا قوڵکردنەوەی جیاوازییە لە ڕێگەی قوڵبوونەوە لە لەیەکچووندا لەسەر دوو تەوەرەی جیاواز لە لەیەکچوون و جیاوازیبووندا دامەزراوە. - لەیەکچوونی دەنگی و جیاوازی دەلالەت- کە دەبینی لەڕەگەزدۆزیدا (کەلێن: ماوەی شڵەژان) لەو پەڕی توندی و دیاربووندایە. بۆیە لادانێک لەسەر پێشبینی و چاوەڕوانی وەرگر دروست دەکات)[٦٠].

ئەگەر ڕەگەزدۆزی وەک هونەرێکی کۆنی ڕەوانبێژی لە لایەن شاعیرانەوە بەکارهێنرابێ و ناسرابێ. ئەوا بێگومان لەو پەیوەندییەی نێوان شیعرییەت و ڕەوانبێژی ڕەگەزدۆزی دەبێتە کەرەستەیەکی سوودمەند بۆ شیعرییەت. چونکە بۆ بەهێزبوون و بەهابوونی شیعرییەت سوود لە ڕەگەزدۆزی دەبینرێ. لە ڕوانگەی ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ لادان لە فۆڕمی ئاسایی ئاخاوتن و هەستکردن بە ئستاتیکای دەق بە گشتی و وشە و دەنگ بە تایبەتی. (کەواتا ئەگەر لە نێوان هەردوو جەمسەری لایەنێکی دەقدا، شیعرییەت لە لایەک و ڕەوانبێژی لە لایەکی تر بێ، ئەوا ڕەگەزدۆزی وەک بزێوترین هونەر کە پەیوەندی لەگەڵ شیعرییەت خۆش بێ، خۆی نیشان دەدات)[٦١]. بۆیە بوونی ڕەگەزدۆزی لە دەقدا، هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاستی شیعرییەت لەو دەقەدا.

---

[٥٨]- عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني،" البلاغة العربية"، دار القلم، دمشق، ط١، ١٩٩٦، بە١، ل٨٢٨.

[٥٩]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، ل١٨٨.

[٦٠]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعریەتی دەق"، ل٥٨.

[٦١]- هێمن عومەر خۆشناو ، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل١٤٣.

کۆساری لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی بەرچاوی داوە بە بەکارهێنانی هونەری ڕەگەزدۆزی. بە شێوازێکی گشتی نزیکەی (٩٣) جار ئەم هونەرەی بەکارهێناوە.

### باسی دووەم: جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی

### ١- ڕەگەزدۆزی تەواو

ئەو وشانەن کە لە ڕوخسار و ڕواڵەتدا لەیەک بچن. ئەم لە یەکچوونەش ئەم لایەنانە دەگرێتەوە (ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان، ڕیزبوونی پیتەکان، شێوەی پیتەکان)[٦٢]. کەواتا هەر کاتێک لە لایەنێک لەم لایەنانە جیاوازی هەبوو ڕەگەزدۆزیەکە دەبێتە ناتەواو. کۆساری نزیکەی ٢٠ جار ئەم جۆرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە

### جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو

### أ- ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن

ئەو جۆرەیە کە وشەکان لەیەک ڕەگەز و جۆر و ڕەسەن بن، بە دوو واتای جیاواز. جا یان کردار بن یان ناو یاخود ئاوەڵناو[٦٣].

کۆساری لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) دا دەڵێ

**بـۆ دوایین جـار لـە باوەشم دەگرتـی**
**کۆتا وتـەی هـەڵچووم لـەگوێ دەگرتـی**
**نـاوچـەوانـی بـەفـەڕم مـاچ دەکـردی**
**ماڵ ئـاوایـی یـەکجـاریـم لـێ دەکـردی** لا ١٥١- ١٥٢

لە دێڕی یەکەمدا ڕەگەزدۆزی لە هەردوو کرداری (دەگرتـی) دایە کە بۆ دوو کردار و واتای جیاواز بەکارهاتوون. یەکەمیان (باوەش گرتنە) و ئەوەی تر (گوێ گرتنە).

---

[٦٢]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر ١٩٧٥، بە٢،لا٩.
[٦٣]- السيد احمد الهاشمي، "جواهر البلاغة"، لا٣٥٧.

لە دێڕی دواتردا ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن لەهەردوو وشەی (دەکردی) دایە. کە لە یەکەمدا واتای (ماچ کردنە) و لە دووەمدا واتای (ماڵ ئاوایی کردنە).

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**ئێستا شەوە و**
**لەو بازاڕە ڕەش و برشەی**
**بەس پاتاڵی ڕەش دەفرۆشن لا٢٤٧**

هەردوو وشەی (ڕەش) لەو دوو نیوە دێڕەدا ئاوەڵناوە. لە یەکەمدا وەسفی بازاڕی پێکراوە کە مەبەست پێی ڕەنگ نییە، بەڵکو مەبەست لە خراپی و ناهەمواری بازاڕەکەیە. لە دووەمدا وەسفی پاتاڵی پێکراوە کە لێرەدا ئەشێ مەبەستی ڕەنگ لە خۆبگرێ.

**ب- ڕەگەزدۆزی تەبا**

ئەو جۆرەیە کە وشەکان وەك یەك دەبن، بەڵام لە ڕەگەز و ڕەسەندا جیاوازبن. واتا یەکێیان کردار بێ و ئەوەی تریان ناو یان ئاوەڵناو بێ[٦٤].

کۆساری لەسەرەتای شیعری (موشتاغی دەرووی سانی گوڵ) دا دەڵێ

**دووره گوڵ**
**شۆختر لە گوڵ لا٢٢٧**

(گوڵ) لە نیوەی یەکەمدا بۆ وەسفە واتا (ئاوەڵناوە) بەڵام لە نیوەی دووەمدا (ناو)ە.

هەروەها لە شیعری (شۆڕشی کاکڵدار) دا دەڵێ

**هەی دێ هەی دێ**
**دێ بە دێ دێ**
**بە خواستی ئەو**
**ئەو حەلە لاقی بەیداغی**

[٦٤]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، لا٦٠.

**یەک پەرستی**

**لەکوردستاندا دەچەقێ    ل١٧٩**

لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا چوار جار وشەی (دێ)ی دووبارەکردۆتەوە. کە (هەی دێ هەی دێ) لێرەدا (دێ) کردارە (دێ بە دێ) ئەمە ناوە بەواتای (گوند) پاشان (دێ)ی کۆتایی کردارە.

## ٢- ڕەگەزدۆزی ناتەواو

بەو شێوەیە دەبێ کە (دوو واژە لە یەکێك لەو چوار لایەنە -ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان، ڕیزبوونی پیتەکان، شێوەی پیتەکان- جیاوازییان هەبێ)[٦٥]. واتا جیاوازییەکە، لە لایەنی ژمارەی پیتەکان یان جۆری پیتەکان یاخود ڕیزبوونی پیتەکان یاخود شێواز بێ. بۆیە دەتوانین بڵێیك کە ((وشەکان کت و مت یەك نین، بەڵام زۆر لەیەك نزیکن و مانایان جیایە))[٦٦] کە تەماشای شیعرەکانی کۆساری دەکەین، دەبینین بەکارهێنانی فراوانی هەیە لەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە. کە بە نزیکەیی ٧٣ جار بەکاری هێناوە.

## جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو

### أ- رەگەزدۆزی زیاد

بریتییە لە لێکچوون لە نێوان دوو واژەدا کە ((جۆر و شوێن و ڕیزبوونی پیتەکان یەك بن، یەکێکیان پیتێکی یان دوو پیتی لەوەی تر زیاتر بێ))[٦٧].

کۆساری لە شیعری (خۆشەویستی پیواری) دا دەڵێ

**زگارە* دڵ مادوورە هەتا سەر**

**هەراوە دڵ هۆشیارە تا سەحەر    ل١٦٥**

---

[٦٥]- السيد احمد الهاشمي، "جواهر البلاغة"، ل٣٥٧.

[٦٦]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان"، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چ١، ٢٠٠٢، ل٨٠.

[٦٧]- بەختیار ئەحمەد مەحمود، *مۆسیقای ناوەوە لە (گەشت بۆ هەورامان)ی (گۆران) دا*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە١٠ی ئاداری ٢٠١٧، ل١٩٨.

* وەڕەز و بێزار.

هەردوو وشەی (سەر و سەحەر) لە ڕواڵەتدا بەیەک دەچن، بەڵام لە ژمارەی پیتەکاندا جیاوازیان هەیە. وەک دەبینین پیتی (ح) لە وشەی دووەمدا زیادە.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**شەوی خۆشی و سەرەخۆشی و سەرەی سەرخۆش**

**شەوێک دڵی خاوەن دڵان بێنێتە جۆش    ل١٨٨**

هەردوو وشەی (سەرەخۆش و سەرخۆش) لە ژمارەی پیتەکاندا جیاوازیان هەیە و وشەی یەکەم (ە)ی بزوێنی زیاترە لە وشەی دووەم.

هەروەها لە هەمان شیعردا دەڵێ

**خۆت نەدیوە چۆن و چەندی**
**پڵیشاوی کەندی زام و بڕوێشی دەستاڕی زوڵمی**
**بەندەی پێ بەندی بەدەنی**
**پەندی بەندی بەندیخانەی    ل٢٠٢**

ڕەگەزدۆزی لە نیوە دێڕی یەکەمدا لە نێوان هەردوو وشەی (بەندە و بەند)ە. کە لە ژمارەی وشەکاندا جیاوازیان هەیە بە یەک وشە ئەویش (بزوێنە).

**ب-ڕەگەزدۆزی جودا**

ئەو ڕەگەزدۆزیەیە کە ((ژمارە و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەك بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیاواز بێ))[٦٨]. ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە لە شیعرەکانی کۆساری دا

بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ و لە زۆربەی دێڕەکانی شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە.

---

[٦٨]- بەختیار ئەحمەد مەحمود، *مۆسیقای ناوەوە لە (گەشت بۆ هەورامان)ی (گۆران) دا*، ل١٩٨.

لە شیعری (هۆنەر و پەپولە) دا دەڵێ

**بەتاسە و هەڵچەرخی دەوری قەندیلۆکەی سەرتاقی ژوور**
**لەمنی شەو مەستێ دوور**
**ژیکەڵە!**
**هاوڕازی و دەستە برایی ی تۆم پێ وازترە لە ڕاوی شوور**
**تۆی بێ دار و بارۆکەی زوور**
**ئێرەییم دێ بە بوێرەی تۆی لە خۆ بوور لا ١٦١**

لەم پارچە شیعرەدا دەبینین هەریەک لە وشەکانی (ژوور ، دوور ، شوور ، زوور ، بوور) لە ژمارە و ڕیزکردنی وشەکاندا وەک یەکن. بەڵام لە جۆردا جیاوازن، لە چوار پیت پێک هاتوون و پیتی یەکەمی هەرچواریان جیاوازە و سێ پیتەکەی تریان وەک یەکە.

لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**ئەوسا سەد و چوار وڵات و**
**تەنها یەک گڵ**
**سێوێکی پێنج پارچە و یەک چڵ**
**کوانوویەک و تەنها یەک کڵ**
**یەک ملیار بەدەن و یەک دڵ لا ٢٥٠**

ڕەگەزدۆزی جودا لە نێوان وشەکانی (گڵ و چڵ و کڵ و دڵ)ە.

لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**وەکو خەوێکی پڕ خەم و وێنەی خەمێکی بێ خەو بوو**
**وەکو ژەمێک**
**ژینی شەمێک**
**ڕەنگی تەمەنی پەمەیی تەمەنێک بوو**
**کەمێک بۆی ڕۆی**
**هەروەکو خەو بوو لا ١٩١**

ڕەگەزدۆزی جودا لە هەریەک لە وشەکانی (خەمێک ، ژەمێک ، شەمێک ، کەمێک) دا هەیە.

## تەوەری پێنجەم: دژیەک (التضاد)

### باسی یەکەم: پێناسەی دژیەك

ئەو هونەریە کە لە بەکارهێنانی دوو وشەی پێچەوانە لەواتادا دروست دەبێ. (هونەرێکی جوانکارییە و کاریگەری تایبەتی هەیە، ئەو کاریگەرییە لە کۆکردنەوەی ئەو دژانەدا پەیدا دەبێ کە وێنەیەکی زەینی هونەری پێچەوانە دەسازێنێ و هاوسەنگی دەخاتە نێوان عەقڵ و ویژدانی خوێنەرەوە. ئنجا چاکی و جوانیەکەی دەردەکەوێ ولە دژەکەی جیای دەکاتەوە. ئنجا ئەم شێوازە هاوسەنگییە بەراوردکارییە، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر هەست و هۆشی خوێنەر بەجێ دەهێڵێ)[69]. القزوینی دەڵێ (دژیەک بریتییە لە کۆبوونەوەی نێوان دوو وشەی واتا پێچەوانە و بەرامبەر یەک لە ڕستەدا)[70]. کۆساری لە شیعرەکانیدا، نزیکەی ٥٠ جار ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. لەم بەشەی داهاتوودا بۆ هەر جۆرێك کە بەکاری هێناوە پێناسە و نموونەی شیعری باس دەکەین.

### باسی دووەم: جۆرەکانی دژیەک

#### ١- دژیەکی ئیجاب

ئەم جۆرە دژیەکە لە نێوان دوو وشەدا ڕوو دەدات، کە لە بنچینەدا لە یەکتری جیاواز بن. (واتا لە واتادا دژی یەکترن. بێ ئەوەی مرۆڤ بە هۆی یاسای ڕێزمانیەوە دەستکاریان بکات و دایان بهێنی)[71]. وەک وشەکانی (شەو – ڕۆژ ، مانگ – خۆر ، گەورە – بچووک ، باش – خراپ ، جوان – ناشرین .....). کۆساری لە شیعرەکانیدا، نزیکەی ٤١ جار ئەم جۆرەی بەکارهێناوە، بەم شێوازانەی خوارەوە.

---

[69]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر"، ل١٩٤.
[70]- القزويني، "الايضاح في علوم البلاغة"، دار احياءالعلوم، بيروت، ط٤، ١٩٩٨، ل٣١٧.
[71]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل١٧٠.

**أ- دژیەکی ئیجابی بەدوایەکدا هاتوو**

بەو شێوازە لە دێڕەکەدا دێ، کە هیچ وشەیەکی تر نەکەوێتە نێوانیان و بەدوای یەکدا بێن. بۆ نموونە کۆساری لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**بەلای ئێمە**
**هەتا ئێستاش**
**هەنگ و زەرگەتە وەک یەکن**
**چۆن دار بڕ و درا چەقێن**
**تەریبی یەکن؟!**
**بۆ دز و دەست بڕی دزان**
**هەردووکی خاوەنی چەکن؟!**
**چۆن باغ سوتێن و باغەوان**
**هەردوکیان خاوەنی حەقن؟!** ل٣١٣

لەم چەند دێڕەدا کۆمەڵێ دژیەکی (ئیجابی بەدوایەکدا هاتوو)ی بەکار هێناوە. کە بریتین لە وشەکانی (هەنگ - زەرگەتە*) ، (داربڕ – دار چەقێن) ، (دز – دەست بڕی دزان) ، (باغ سوتێن - باغەوان).

هەروەها لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

**شەو و ڕۆژ و وەرزی ساڵیش ڕادەبرن لەدوو یەک**

**کە سەیری ئەو یاسا بڵێندو پرسەلیقە ئەکەی تۆ** **ل١١٨**

دژیەکی ئیجاب لە نێوان وشەکانی (شەو - ڕۆژ) دایە، کە ڕاستەوخۆ بەدوای یەکتریدا هاتوون.

هەروەها لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**نەمامی ناوخۆ و بیانی سەر بە هەتاو**
**کە دیتیانن**
**دوور و نزیک کە بیستیانن**

* مێروویەکی باڵداری ژەهراوییە، لە قەبارەدا هێندەی هەنگە و لە زەردەواڵە بچوکترە، لە هەندێ ناوچەی پێی دەڵێن (زەردەزیڕە).

**دار و باری لێڕەوارمان پاکی کڕان**
**سەرجەم بڕان بەبار بران     ل٢٣٣**

دژیەکی ئیجابی بە دوایەکدا هاتوو، لە هەریەک لە وشەکانی (ناوخۆ - بیانی) ، (دوور - نزیک) دا هەیە.

**ب- دژیەکی ئیجابی بەدوایەکدا نەهاتوو**

ئەم جۆرەیان بەو شێوەیەیە کە دوو وشە دژیەکەکە بە دوای یەکدا نەهاتوون. بەڵکو دەشێ وشەیەک یان ڕستەیەک لە نێوانیان هاتبێ.

کۆساری لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**بەتاک ڕوام**
**بەتەنها ژیام**
**دوورە پەرێز**
**نزیک لە خوێنی سەربەرزی و**
**دوور لە قەد و غیرەت نزمی    ل٢٣٢**

دژیەکی ئیجاب لە نێوان وشەکانی (دوور - نزیک) دایە، کە دوو جار (دوور) و جارێک (نزیک) لە دێڕەکاندا هاتووە و بە دوایەکدانین.

هەوەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**لەو پێچەی قوتاری بوو دڵی زیندووم**

**دڵی زیندووی نیوە مردووم    ل١٨٣**

دژیەکی ئیجاب لە نێوان وشەکانی (زیندوو - مردوو) دایە، کە وشەیەک کەوتۆتە نێوانیان.

**٢- دژیەکی سەلب**

بە هەمان شێوەی ئیجاب کۆکردنەوەی دوو وشەیە کە لە واتادا پێچەوانەی یەکتری بن، بەڵام لە بنچینەدا وشەکان یەک بن و بە هۆی ئامرازێکی نەرێ یان نەهی کردن ببن بە دژیەکی تر. کەواتا (کۆکردنەوەی

دوو كاره، كه يەک چاوگيان هەبێ، يەكێكيان ئەرێ و ئەوەی تريان نەرێ بێ. يان يەكێكيان ئەمر و ئەوەی تريان نەهی بێ)[٧٢]. يان ڕونتره بلێين (هێنانی واژەيەكه لەگەڵ نەرێی هەمان واژه)[٧٣]. كۆساری لە شيعرەكانيدا تەنها ٩ جار ئەم جۆرەی بەكارهێناوه.

**جۆرەكانی دژيەكی سەلب**

**أ- دژيەكی سەلبی بەدوايەكدا هاتوو**

كۆساری لە شيعرێكی تردا دەڵێ

**ڕيگاكان تەناها دوانن**
**حەق و ناحەق**
**كاروانی دوو ڕێگايانن**
**گڕەو شەماڵ**
**چەتە و ڕێبوار**
**خەنجەری پشتی كوێخاو**
**قولاپی كەمەری حەمباڵ ..!** ل٢٧٩

لەم چەند دێڕەدا كۆساری هەردوو جۆرەكەی دژيەكی بە كارهێناوه. سەرەتا دژيەكی سەلبی بەدوايەكدا هاتوو لە وشەكانی (حەق و ناحەق). پاشان دژيەكی ئيجابی بەدوايەكدا هاتوو لە وشەكانی (گڕه - شەماڵ) و (چەتە - ڕێبوار) و (خەنجەری پشتی كوێخا – قولاپی كەمەری حەمباڵ).

**ب- دژيەكی سەلبی بەدوايەكدا نەهاتوو**

كۆساری لە شيعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**وەكو خەوێكی پڕ خەم و وێنەی خەمێكی بێ خەو بوو**

**وەكو ژەمێک**

---

[٧٢]- عەزيز گەردی، "كێشی شيعری كوردی"، ل١٠٠.
[٧٣]- احمد مطلوب و كامل حسن البصير، "البلاغة والتطبيق"، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، ط٢، ١٩٩٩، ل٤٣٩.

ژینی شەمێک لا ١٩١

دژییەکی سەلب لە وشەکانی (خەو – بێ خەو) دایە کە چەند ڕستەیەک کەوتۆتە نێوانییان.

## تەوەری شەشەم: تێهەڵکێش

ئەم هونەرە بەو شێوازە دەبێ کە شاعیر ((نیوە دێڕە هۆنراوە یان دێڕە هۆنراوەیەك، یان پارچە هۆنراوەیەکی تەواوی هۆنەرێکی تر بێنێ و لە نوسین یان هۆنراوەکەی خۆی هەڵبیکێشێ و پێی بڕازێنێتەوە))[٧٤]. هەروەها دەکرێ بە ئایەتێک یا فەرموودەیەک یاخود پەندێکی پێشینان ئەم تێهەڵکێشە ئەنجام بدات. کۆساری لە دیوانەکەیەکدا لە دوو شوێنی دیوانەکەی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. چەند هۆکارێك هەن بۆ کەم بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە شیعری نوێدا. یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە کە ئەم جۆرە هونەرە ڕەوانبێژییە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو دەقانەی تێهەڵکێش دەکرێن لەگەڵ شیعرەکەدا، جێگیرە و ناتوانین دەستکاری وشەکانی بکرێ. بەڵکو شاعیر پێویستە لە سەری قافیە و کێشی شیعرەکەی لەگەڵ ئەو دەقەدا بگونجێنێ.

بۆیە دەبینین بە شێوازێکی گشتی بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە لایەن شاعیرانی کورد و عەرەبیشەوە بەو بەرفروانیە نییە، کە هونەرەکانی تری تێدا بەکار هێنراوە. هۆکارێکی تری ئەم کەم بەکارهێنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم هونەرە کەمتر باوە لە شیعری نوێدا بە بەراورد بە شیعری کلاسیکی. کە بەکارهێنانی لە شیعری کلاسیکیدا زیاتربووە.

لە شیعری (گزنگی خێزان) دا دەڵێ

**بەبە گیان ئەتۆ زاف جوانی**
**ڕێزڵگیـراوی یــەزدانـــی**
**لەسەرمە جێیی بێنم تا هەم**

---

[٧٤]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، لا ٥٢.

**(مـن لا يـرحم لا يـرحـــم)    ل١٢٨**

ئـەو دەقـەی لـە نیوە دێڕی کۆتاییدا هێناوێتی، فەرمووده‌یەکی پێغەمبەرە[٧٥] (درودی خوای لێبێ) و واتاکەی (هەرکەسێك بەبەزەیی نەبێ، بەزەیی بەرامبەر ناکرێ).

هەروەها لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**گشت ئەنگوستێك**

**وەك مانگی چواردە ، دەست نییە   ل٢٣٥**

((کورد دەڵێ: (مانگی چواردە حەوجێ بە ئەنگوستێ ناکا) پێموایە کۆساری ئەم پەندەی کورتکردۆتەوە و دەیەوێ پێمان بڵێ: وەکو مانگی چواردە، دیارە کە هەموو ئەنگوست (قامك)ێك دەست نییە))[٧٦]. هەرچەندە کۆساری دەستکاری پەندەکەی کردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە پێناسەی تێهەڵکێش دەیگرێتەوە.

[٧٥]- محمد بن اسماعیل البخاری، "صحيح البخاري"، كتاب الأدب، رقم الحديث ٥٩٧، دار ابن كثير للطباعة والنشر، دمشق، بيروت، ط١، ٢٠٠٢، ل١٥٠٦.

[٧٦]- شەریف وەرزێر، "دیوانی بورکانی شیعر"، پەراوێزی ل٢٣٥.

## بەشی دووەم
## شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی

### تەوەری یەکەم: شیعرییەتی ناونیشان

یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی دەقی ئەدەبی چ شیعر بێ یان پەخشان، یاخود هەر کار و دەقێکی ئەدەبی، بریتییە لە ناونیشان. هەروەها ((لە ڕەخنەی نوێدا لایەنێکی گرنگ لە ستراتیجییەتی دەق پێک دەهێنێ و دەبێتە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو جیهانی هەر تێکستێکی ئەدەبی و خوێنەر لەوێوە بەرەو ڕەهەندە نادیارەکانی دەق هەنگاو هەڵدەنێ))[٧٧]. ناونیشانی هەر دەرقێکی ئەدەبی شیعر بێ یان پەخشان ((لە چوارچێوەی دەربڕینێکی کورت ئیحا بەخش دەبێ بۆ خوێنەر. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕوویەکی دیکەی دەقە بەرامبەر خوێنەر و خاڵی سەرەتای بەریەککەوتنی هەردوو چەمکی دەق و خوێنەرە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا))[٧٨]. کەواتا (بەو پێیەش پێکهاتەی ناونیشان نیشانەکانی سیمۆتیکای زمانە. بۆیە دەبێ لێکۆڵەر، خوێندنەوەی تایبەت بۆ نیشانەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان بکات)[٧٩]. ناونیشان لە دیوانی کۆساری دا دەکەینە دوو باسەوە، لە سەرەتادا باسی ناونیشانی دیوانەکەی دەکەین و ناولێنانەکەی ڕوون دەکەینەوە و ئاستی شیعرییەتی تێدا تاوتوێ دەکەین. پاشان لەباسێکی تردا ئاماژە بە ناونیشانی شیعرەکان دەکەین.

### باسی یەکەم: ناونیشانی دیوانی کۆساری

دیوانەکە لە ژێر ناونیشانی (بورکانی شیعر)دایە، ((کە هەر خۆی پێش شەهید بوونی ناوی لێناوە. لە کۆڕی ١٩٩٣/٨/١٢ی هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، ئاماژە بەو ناوە دەدات))[٨٠]. کەواتا کۆساری خۆی ئەم ناونیشانەی بۆ دیوانەکەی هەڵبژاردووە، کە ئەمەش واتایەکی قوڵتر و پەیوەست بونێکی توندوتۆڵتر دەبەخشێ لە نێوان شیعرەکان و ناونیشانی دیوانەکە.

---

[٧٧]- عوسمان دەشتی، "لەبارەی بونیادی زمان و شێوازی شیعر"، ل١٧٣.
[٧٨]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل١٨٨.
[٧٩]- محمد سالم سعدالله، "مملكة النص"، عالم الكتب الحديثة، الاردن، ٢٠٠٧، ل١٥.
[٨٠]- شەریف وەرزێر، بەرکوڵی "دیوانی بورکانی شیعر"، ل٣٧.

ئەم ناونیشانەی کۆساری بۆ دیوانەکەی هەڵیبژاردووە ناونیشانێکی سادە نییە، بەڵکو ڕەچاوی ئاستی شیعرییەتی تێدا کراوە و لەڕێی هەڵبژاردنی وشەی (بورکان)ەوە. ئاشکرایە کە بورکان بریتییە لەو ئاگرە مەزن و بەبڵێسەیەی کە لە لوتکەی چیاکانەوە دەتەقێتەوە و گەرمی و ڕووناکیەکە تا مەودایەکی زۆر دەڕوا. دیارە کە کۆساریش دەیەوێ ئەم واتایەی بورکان بەکاربهێنێ بۆ شیعرەکانی، وەك ئەوەی کە شیعرەکانی لە بەرزایی و لوتکەوە وەکو بورکان دەتەقێتەوە بەگوێی ستەمکاران و دوژمنانی کورد.

لە لایەکی ترەوە ئەم ناونیشانە ئەوە دەگەیەنێ کە شیعرەکانی ناو دیوانەکە شیعری شۆڕشگێڕی و حەماسین و هاندانە بۆ نەتەوەی کورد بۆ بەردەوام بوونیان لە تێکۆشان و بەرخودان لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان، هەر ئەمەش لە شیعرەکاندا بەدی دەکرێ، بۆیە دەبین کە لە شیعرەکاندا هیچ گرنگییەك ەدراوە بەلایەنی دڵداری و وەسفی ئافرەت و کەمترین گرنگیش دراوە بە لایەنی کۆمەڵایەتی.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئەوە ڕوون ببێتەوە کە ئەم ناونیشانە پڕپێستە بەناوەڕۆکی شیعرەکان و لەهەمان کاتدا شیعرییەتێکی جوانی تێدا بەدی دەکرێ.

### باسی دووەم: ناونیشانی شیعرەکان

ئەگەر لە شیعرەکانی کۆساری ورد ببینەوە لە ڕووی ناونیشانەوە. زیاتر ئەوە دەردەکەوێ، کە کۆساری زۆر گرنگی داوە بە هەڵبژاردنی ناونیشانی دیار و زەق بۆ شیعرەکانی. ئەو ناونیشانانەی ئەو بەکاری هێناون، بەزۆری لە ناوجەرگەی واتای شیعرەکانی دروستی کردوون. بە شێوەیەک کە ناونیشانەکان کورتەیەکی پڕپێستن بە واتای گشتی شیعرەکانی. لە ڕووی شیعرییەتیشەوە، هەوڵی داوە لە زۆربەی ناونیشانەکانی بە لادانای واتایی سیمای شیعرییەت ببەخشێ بە ناونیشانەکانی. کە ئەمەش سەرکەوتووترین جۆری ناونیشانە.

کۆساری ژمارەی ئەو شیعرانەی کە لە دیوانەکەیدا کۆکراونەتەوە (٣٢) شیعرن. کە (٢٢) شیعری خۆی ناونیشانی بۆ نوسیوە و (٩) شیعریشی کۆکەرەوەی دیوانەکەی ناونیشانی بۆ داناوە بەپێی دێڕی یەکەم[٨١]. کە ئەویش شیعرەکانی (بیستی دوانزە بوو، گەر حەزتان کرد، دەزانن بۆ، ڕێبازەکەم، من لاوی مسوڵمانم، بەرگی پۆڵام لەبەرە، کەیوان، هۆ ژێر دەستانی کوردستان، ئاخر لەبۆ؟!). بەڵام شیعرێکیان هەروەکو کۆکەرەوەی دیوانەکەی دەڵێ ((ئەم شیعرە بێ ناونیشانە، لە دەستنووسی کۆسارییدا تەنها دوو کەوانەی ئاوا بەم شێوەیە ( ) لەسەرەوە و لە شوێنی ناونیشان بۆ دانراون))[٨٢]. لێرەدا هەندێک لەو ناونیشانانە تاوتوێ دەکەین کە کۆساری هەڵیبژاردون.

• **(نیگاری خودان)** ئەم شیعرەی کۆساری یەکەم شیعرێتی کە لە دیوانەکەیدا نوسراوەتەوە. لە ناونیشانەکەیدا دیارە کە شیعرەکەی باس لە دەسەڵات و گەورەیی خودای گەورە دەکات، ناوی بە (نیگاری خودان) لێناوە. نیگار ئەو وێنەیەیە کە نیگارکێش دروستی دەکات بە دەستی خۆی و هەوڵ دەدات بە جوانترین شێوە بینەخشێنێ و بیڕازێنێتەوە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە ئەوە دەگەیەنێ کە دروست کراوەکانی خودا هێندە بە جوانی نەخشێنراون هاوشێوەی جوانی ئەو نیگارەی نیگارکێش دەینەخشێنێ. بۆیە لە ناوەڕۆکی شیعرەکەشیدا هەر ئەوە دەبینین. هەر لە سەرەتاوە تا نزیک بە کۆتایی شیعرەکەی باس لە دەسەڵاتی خودا و بەڕێوەبردنی گەردوون و ئەو باسانە دەکات. دەکرا ناوی شیعرەکەی (دروستکراوی خودا یان دەسەڵاتی خودا) بێ، بەڵام ئەوکات ناونیشانێکی ڕووت دەبوو لەو لادان و لێکچواندنەی کە لە وشەی نیگاردا هەیە.

• **(گزنگی خێزان)** کۆساری ئەم شیعرەی بەسەر کوڕە نۆبەرە تازە لەدایک بووەکەی وتووە. وشەی گزنگی لە ناونیشانەکەیدا بەکارهێناوە. گزنکیش بریتییە لەو ڕووناکییەی لە ساتی هەڵهاتنی خۆر دەردەکەوێ. لەم ناونیشانەدا ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە ئەم منداڵە تازە لەدایك بووەیان

---

[٨١]- بورکانی شیعر، لا ٣١٥ ، ٣١٧ ، ٣١٩ ، ٣٢٤ ، ٣٢٥ ، ٣٢٧ ، ٣٣٢ ، ٣٣٤ ، ٣٣٦.

[٨٢]- هەمان سەرچاوە، لا٢٧٨.

وەك گزنگی بەرەبەیان ڕووناکی بۆ ناو خێزانەکەی هێناوە. ئەمە لادانە لەواتای گزنگ بەڵام شیعرییەتێکی بەپێزی سازاندووە.

• **(شەبەقی سەرفرازی)** ئەم ناونیشانە لە دوو وشەی ژێری پێکهاتووە کە لە واقعدا نین. وشەی (شەبەق) کاتی سەرلەبەیانە و (سەرفرازی)ش بریتییە لە سەرکەوتن. کۆساری لەم دەربڕینەدا بەهۆی لادانێکی واتاییەوە ئەوە دەگەیەنێ کە سەرکەوتن بەسەر ستەمکار و نا دادپەروەریدا زۆری نەماوە تەواو پێبگات و ئێستا لە بەرەبەیانێتی. بە بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە شیعرییەتێکی جوانی سازاندووە.

• **(شۆڕشی کاکڵدار)** بەهەمان شێوەی شیعرەکانی پێشووی ئەم شیعرەش لە دوو وشە پێك هاتووە. وەك دەبینین (کاکڵ)ی بۆ شۆڕش بەکارهێناوە، کە بریتییە لە بنەڕەت و نەواخنی شتەکان. بەهەمان شێوە لادان لەم دەربڕینەدا هەیە، چونکە لە واقعدا کاکڵ بۆ شۆڕش بە کار نایەت. بەڵام شاعیر بەم دەربڕینە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەم شۆڕشە ناو بۆش و پووچ نییە، بەڵکو بە بەرهەمە بەهۆی ئەوەی کاکڵی کۆمەڵگەی تێدایە کە (مەلا و سەرکردە و گەنج و ئافرەت) ن. بۆیە لە دێڕەکانی شیعرەکەیدا باس لە قوربانیدانی چینەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک، وەك (مەلا و سەرکردە و برای گەنج و خوشکی داوێن پاک).

• **(قەڵەمی ڕاستگۆ)** سیفەتی ڕاستگۆیی بۆ قەڵەم بەکارنایەت. چونکە قەڵەم دەنوسێ واتا پێویستی بە پیتە. ڕاستگۆییش بە وتنە واتا پێویستی بە دەنگە. بەڵام بەهۆی لادانی واتاییەوە ئەوەمان پێ دەگەیەنێ، کە ئەو قەڵەمەی کۆساری شیعرەکانی پێ دەنوسێ، قەڵەمێکە درۆ و خیانەت ناکات و ڕاست نووسە لەگەڵ دین و نیشتیمان و میللەتەکەی. ئەم واتا پڕ لە شیعرییەتە بە هۆی ئەو لادانەوە دروست بووە کە باسمان کرد.

• **(سۆزی وڵات)** کۆساری لەم ناونیشانەدا، وشەی (سۆز)ی بەکارهێناوە بۆ (وڵات) کە لە عەرەبیدا (حنین الوطن)ی بۆ بەکاردێ. ئەوە ڕوونە کە وڵات سۆزی نییە، بەڵکو مرۆڤەکانە کە سۆزیان دەبێ بۆ وڵات و نیشتیمانیان، بەڵام کۆساری ئەمەی کورت کردۆتەوە. ئەوەی لەنێو شاعیران و خەڵکیشدا بەکاردێ (سۆز بۆ نیشتیمانە). وا پێدەچێ کۆساری مەبەستی لە

بەکارهێنانی (وڵات) وەك ئاماژەیەك بێ بۆ مافی سەربەخۆیی کوردستان و بوونی بە دەوڵەت. گەیاندنی ئەم واتایە بە شێوازێکی درکەیی بەخشینی شیعرییەتە بە دەربڕینەکە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ناونیشانی شیعرەکانی کۆساریدا، زۆربەیان لە دوو وشە یان زیاتر پێک دێن و زۆربەیان ئامرازی لکاندنی (ی) لە نێوانیاندایە. لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعرەکانی لەڕووی پێکهاتەی ناونیشانەوە دابەش دەبنە سەر (وشە ، گرێ، ڕستە، لە ڕستەیەك زیاتر) و بەم شێوەیە دابەش دەبن:

١- **وشە:** ئەو شیعرانەی ناونیشانیان یەک وشەیە. ڕێژەی ئەم شیعرانە کەمن، کە بریتین لە شیعرەکانی (پرسە ، دونیا ، زانست).

٢- **گرێ**: زۆربەی ناونیشانەکانی شیعری کۆساری گرێن. ئەمەش بۆ زیاتر سەرەنجڕاکێشانی خوێنەر و بیسەر، چونکە خوێنەر حەز دەکات گرێکان تەواو ببێ. ئەو شیعرانەی کە ناویشانیان گرێیە بریتین لە (نیگاری خودان ، گزنگی خێزان ، شەبەقی سەرفرازی ، خۆشەویستی پیواری ، هۆنەر و پەپوولە ، پاکانەی هۆنراوە ، شۆڕشی کاکڵدار ، زەنگی نادیار ، کلابوون و نەبەزین ، سۆزی وڵات ، قەڵەمی ڕاستگۆ ، مانگ گیران ، ڕێبواری نامۆ ، قوتابی و مامۆستای شەهید ، ڤیانی ڕاستەقینە و پیری سلیبۆ).

٣- **ڕستە**: ئەو ناونیشانانەی لە یەك ڕستە پێك هاتوون، بریتیین لە هەردوو شیعری (موشتاغی دەرووی سانی گوڵ ، با بە ناو و ناوک یەک بین).

٤- کۆساری تەنها شیعرێکی هەیە کە ناونیشانەکەی لە ڕستەیەك زیاترە، کە ئەویش شیعری (لێتان پرسیوین ئێوە چین؟ ئەوەش وەڵام) ئەم ناونیشانە لە سێ ڕستە پێك هاتووە.

**تەوەری دووەم: شیعرییەتی زمان**

یەکێك لە جیاکەرەوە و تایبەتمەندی شاعیر، بریتییە لەو زمانە ئەدەبییەی کە لە دەقە ئەدەبییەکانیدا بەکاری دەهێنێ. کەواتا یەکێك لە (کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی بونیادی هەر دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە زمان. کە ڕۆڵی گرنگی لە بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئەدەبی و قوڵبوونەوەی واتادا

هەیە)[٨٣]. بۆیە ئەوەی کە شیعر جیا دەکاتەوە لە قسەی ئاسایی، ئەو زمانەیە کە شیعرەکەی پێ نوسراوە. ((هەر شاعیرە و شێوازی خۆی هەیە لە تێك ئاخنینی پەیڤەکان و پێی دەناسرێتەوە. بە لێکدانی وشەکان بە شێوەیەکی هونەری و هەستێکی خەیاڵاویی و بەرز و سۆزێکی گەرم وێنەی هونەری دروست دەبێ))[٨٤]. کەواتا تا شاعیر لێکدانی وشەکان و هونەری بەکارهێنانی و هەستی خەیاڵاوی لە زمانی شیعرەکانیدا بەهێزبێ، شیعرەکەی لە ئاستی پێکهاتەییدا بەهێز دەبێ.

((هۆراس(٦٥-٨ پ.ز) لە بورای زمانی شیعردا گرنگی بە (وشە) داوە و ئاگاداری شاعیر دەکاتەوە کە وشەکانی سڕ و مردوو نەبن. کاتێك ئەرکی شیعر دەربڕین و ڕوونکردنەوەیە، دەبێ وشەکانیشی بەردەوام زیندوو پڕ واتا و ژیان بن. لەم بوارەوە زمان بە دار دەچوێنێ و وشەکانیش بەگەڵاکانی دار دەچوێنێ، بە درێژایی ساڵەکان، کە بەردەوام دار گەڵای لێ دەوەرێ بەڵام گەڵای نوێ شوێنی دەگرێتەوە))[٨٥].

هەموو شاعیرەکان هەمان کەرەستەی زمانیان لە بەردەستدایە بۆ دروستکردنی شیعرەکانیان، بەڵام چۆنێتی بەکارهێنانی بەهێزی و لاوازی شیعرەکەی ڕوون دەکاتەوە، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە نەواخن و بنەمای دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بریتییە لە زمانی شیعر. کە خودی ئەمەش دەتوانین بە شیعرییەتی زمان ناو ببەین.

کۆساری زمانی شیعری لە ئاستێکی بەرزدایە. بەشێوەیەك کاتێك شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست بە بەهێزی زمانی دەکەی. ئەو ((لە شیعرەکانیدا بە گشتی، بەتایبەتی لە شیعرەکانی سەرەتایدا، بایەخێکی زۆری بە زمان و وشە داوە. هەندێ جار لەو بوارەدا گەیشتۆتە ڕادەی زێدەڕۆیی و وشە ڕیزکردن))[٨٦]. کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی

---

[٨٣]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٢٠٦.

[٨٤]- هاوژین سلێوە، "بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ١، ٢٠٠٩، ل٤٠.

[٨٥]- محمەد عبدالکریم ئیبراهیم، "پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە"، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣-٢٤.

[٨٦]- مستەفای سەید مینە، "زمانی شیعری کۆساری"، دیداری کۆساری، ئا: شەریف وەرزێر، چاپخانەی کوردستان، ؟ ٢٠١٤، ل١٣٤.

کۆساری لە شیعرەکانیدا. دەکرێ ((کاتێك کە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەی کە توانیوێتی مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ زماندا بکات. شیعریش بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان. شاعیر دەبێ لە زمانی ڕۆژانە دوور بکەوێتەوە، بۆیە لە شیعرەکانی کۆساریدا ئەم دوور کەوتنەوەیە دەبینین و هەست بەوە دەکەین کە زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆی هەبووە))[٨٧] لە چەند ڕوویەکەوە ئاماژە بە زمانی شیعری کۆساری دەکەین.

**باسی یەکەم: شیعرییەتی دەربڕین**

بەو شێوازە دەبێ کە شاعیر کۆمەڵێ دەربڕین کە واتایەکی بەهێز و ئاست بەرز ببەخشن کۆبکاتەوە. ئەو دەربڕینانە دەقێکی ئەدەبی وا دروست بکەن، کە واتایەکی قووڵی فەلسەفی هەبێ. ((بەو هۆیەوە هزر و خەیاڵی خوێنەر لەسەر دەربڕینەکە دەسەنگرێنێتەوە و بواری ڕامان و تێفکرین لە چاو دەربڕینەکانی تری ئەدەبی بە ئاراستەیەکی درێژتر دەبات))[٨٨]. ئەگەر لە شیعرەکانی کۆساری وردبینەوە، دەبینین کە ئاستی دەربڕین لە زۆربەی شیعرەکانیدا ئاستێکی بەرزە. ئەو بەشێوازێك پەیڤەکانی دەربڕیوە کە وا دەکات قوڵببیتەوە لە واتا و مەبەستی. بۆ نموونە لە شیعری (مانگ گیران)دا. کۆساری ئەم شیعرەی بە زمان و دەربڕینێك نوسیووە، کە بەهێزی زمان و دەربڕینی ئەم شاعیرە دەردەخات. توانیوێتی کۆمەڵە دەربڕینێك بخاتە تەنیشت یەکتری کە واتایەکی قووڵی فەلسەفی ببەخشێ. لێرەدا ئاماژە بە بەشێکی ئەو شیعرەی دەکەین.

**ئێستا شەوە و**
**لەو بازارە ڕەش و برشەی**
**بەس پاتاڵی ڕەش دەفرۆشن**
**وریانەبی**
**پڕ بەخوستان[*]**
**پڕ بە کەللـەی ڕەشی جیهان**

---

[٨٧]- عومەر میراودەلی، *بەرنامەی (سەفەری بەفر)*، کەناڵی ئاسمانی ڕابوون، https://www.youtube.com/watch?v=A5iTg8p5iEI

[٨٨]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا٢٠٧.

[*] هەست و خوست و جوڵە و مەترسییە.

**جلی ئاوریشمی زێڕ کفت و**
**کوتاڵی زیویت لێ دەکڕن    لا٢٤٧**

کۆساری لەم شیعرەدا، دەیەوێ بێکەسی و ناسۆری نەتەوەی کورد بسەلمێنێ و ئەوە بە خەڵکی بڵێ کە کوردی ستەمدیدە لە جیهانێکی تاریکی ڕەشدایە. تەنها پاڵپشت و پشتگیرێك بۆ ئەم نەتەوەیە خوای گەورە و بەرنامەکەیەتی. ئاستی زمان و دەربڕین لەم بەشەی شیعرەکەیدا بەرزە. بەو شێوەیەی سەرەتا باس لە شەو دەکات، پاشان کۆمەڵە وشەیەکی تر دەهێنێ کە لەگەڵ شەودا بگونجێن، بۆ نموونە ڕەنگی ڕەش (بازاڕی ڕەش، پاتاڵی ڕەش، کەللـەی ڕەش) بەستنەوەی ڕەنگی ڕەش بە شەوەوە گونجاندنی وشەکان بەیەکەوە دروست دەکات، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی دەربڕینێکی بەهێز. پاشان دەربڕینی (کڕینی جلی ئاوریشمی زێڕ کفت و کوتاڵی زیوی لە تاریکی شەودا) لادانی واتاییە. چونکە کڕین و فرۆشتنی شتی گرانبەها لە تاریکی شەودا ئەنجام نادرێ. ئەگەریش ئەنجام درا دەبێ وریابی چونکە هەڵخەڵەتاندن ئاسان دەبێ، چونکە بەهۆی تاریکی شەوەوە ڕەنگ جیا ناکرێتەوە.

بە پشت بەستن بە هونەرە ڕەوانبێژییەکانی خواستن و لێکچواندن و درکە، کۆساری بەم دەربڕینە واتایەکی بەهێز دەبەخشێتە خوێنەر. ئەوەی ئەم دەقە بەهێز دەکات، دروستکردنی دەربڕینێکی زیندووی نوێیە بە پشت بەستن بە وشەی زیندوو.

هەروەها دەبینین لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) بەهەمان شێوە دەربڕین شیعرەکەی هۆنیوەتەوە. لەبەشێك لە شیعرەکەی دەڵێ

**هیچ ڕێبوارێکی واتان دیوە**
**چەنگی تاریکی خۆش بوێ و**
**ڕووناکی ڕۆژ ببوغزێنێ؟!**
**هیچ شوانی ئەوینتان دیوە**
**عاشقی سەگی گورگە مێش بێ و**
**خۆی لە مێگەل نەگەیێنێ؟    لا ٢٧١**

کۆساری بە هەمان شێوەی دەربڕینەکانی تری، ئەم دەربڕینانەی لە ئاستێکی بەرزدا نوسیوە. کە چێژێکی تایبەت و پڕ واتا دەبەخشێ بە خوێنەر. لەم دەقەدا باس لە (جاش)ەکانی سەردەمی بەعس دەکات، کە کورد بوون بەڵام خیانەتیان لە کورد دەکرد و کاریان لەگەڵ دوژمندا دەکرد. بەڵام بە دەربڕینێکی ڕەوانبێژی جوان و پڕ واتا ئەو پەیامە دەگەیەنێ. شێوازی دەربڕینەکەی پرسیاری سەرسوڕمانیە و دەڵێ (هیچ ڕێبواری واتان دیوە چەنگی تاریکی خۆش بوێ و ڕووناکی خۆر ببوغزێنێ!) دیارە کە ڕێبوار دەبێ ڕەقی لە شەو بێ و تاریکی خۆش نەوێ و حەزی لە ڕووناکی ڕۆژ بێ. بەڵام ڕێبوارانێك هەن کە حەزیان بەتاریکی شەوە و بەڕووناکی خۆر تێك دەچن، کۆساری وشەی (چەنگ) بۆ (تاریکی) بەکار دەهێنێ، چەنگ یان چنگ بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران بەکاردێ. بەڵام کۆساری لێرەدا بۆ شتێکی ژیریی بەکاری دەهێنێ کە تاریکییە، وەك ئەوەی تاریکی چنگی بەشەودا کردبێ و ڕووناکی لێ سەندبێتەوە. ئەم لادانە شیعرییەتێکی بەپێزی بەدەقەکە بەخشیوە.

پاشان دەڵێ (هیچ شوانی ئەویندار دیوە، عاشقی سەگی گورگە مێش بێ و خۆی لە مێگەل نەگەیێنێ) کۆساری لەگەڵ شوان دا هەردوو وشەی (ئەوین و عاشق) بەکاردەهێنێ. کە دوو وشەی زۆر دوورن لە شوانەوە، چونکە ئەو دوو وشەیە تایبەتن بە بابەتی دڵداری و خۆشەویستی، ئەو بابەتەش دوورە لە شوانەوە. چونکە شوان بەس خەیاڵی لای مێگەلەکەیەتی کە چۆن لەوەڕیان بۆ پەیدا بکات و لە هێرشی گورگ بیانپارێزێ. ئەمە لادانێکی ڕوونە لە بەکارهێنانی وشەی شوان، بەڵام ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ئەوینداری و عیشق زۆرجار وا لە مرۆڤ دەکات، کە شتە گرنگ و بە بەهاکانی لەبیر بکات و بێ بایەخ بن لای. وەك چۆن ئەو کەسانەی خیانەت لە نیشتیمان و نەتەوەکەیان دەکەن هەستی نەتەوایەتی بێ بایەخ دەبێ لایان. جگە لەوە شوان کاری پاراستنی مێگەلە و هەموو کاتێکیش سەگێك یان چەند سەگێکی پاسەوانی لەگەڵدایە، کە ئەو سەگانە مێگەلەکە ئاڕاستە دەکەن و لە گورگ دەیانپارێزن. بەڵام لێرەدا کۆساری سەگی (گورگە مێش) بەکاردەهێنێ کە ((سەگێکە لە تۆوی گۆڵە گورگ و دێڵە سەگ پەیدا

دەبێ))[٨٩]، سەگێکە سیفەتی گورگی هەیە و بەکەڵکی شوان نایات. چونکە مەڕ و مێگەل دەخنکێنێ. لێرەدا کۆساری بە بەکارهێنانی خواستن، دوژمن دەچوێنێ بەو جۆرە سەگە و شوانەکەش بەو کوردە خائینانەی کە عاشقی دوژمنن و لە پشتەوە خەنجەر لە میللەتی کورد دەدەن. بەم یاری کردن بە وشەیە و بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و وشەی سەرەنجڕاکێش، چێژێکی تایبەت لە دەقەکەدا دەبینین کە خوێنەر دەباتە بیرێکی فەلسەفی قوڵەوە.

لە شیعرێکی تریدا بەناوی (پاکانەی هۆنراوە) کۆساری وەسفی شیعرەکانی دەکات و بە شێوازێك دەربڕینی بۆ دەکات، کە پێویستە زۆر قوڵبیتەوە لە واتاکان و بە بیرو ئەندێشەیەکی فراوانەوە بیخوێنیتەوە. لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێ

**هۆنراوەکەم تەنورێکە**
**لەقوڕی ساخ**
**بە ئاوی بووزی پشتی شاخ**
**دروست کراو**
**شان لغاوە و لێو شکاو**
**نانی گەرم بۆ بێ نان و بێ لانەکان دەبرژێنێ**
**تا بۆی بلوێ و گڕی هەستێ**
**چنگ و کۆڵەوەژ و ڕنووکی گورگە مێش و دووڕەگەکان دەسوتێنێ ل١٦٨**

کۆساری لەم بەشەی شیعرەکەیدا، هۆنراوەکەی بە تەنورێك دەچوێنێ. واتا هونەری لێکچواندن بەکاردەهێنێ. چەند وشەیەکی جوان لە وەسفی هۆنراوەکەیدا بەکاردەهێنێ، بەڵام لە بەشێك لەو دەربڕینانەدا لادەدات لە واتا و بەکارهێنانی بنەڕەتی وشەکە یاخود ڕستەکە. کە ئەمەش خولقێنەری شیعرییەتە لە دەقەکەدا. وەسفکردنی تەنوری هۆنراوەکەی بە (شان لغاو و لێو شکاو) لادانێکی ڕوونە. چونکە ئەو دوو وەسفە بۆ تەنوور بەکار نایەت. بەڵکو بۆ ئاژەڵێك بەکاردێت کە جڵەوی بەدەستی خاوەنەکەیەتی.

---

[٨٩]- شێخ محمدی خاڵ، "فەرهەنگی خاڵ"، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چ٢، ٢٠٠٥ ، ل٤٠١.

کۆساریش دەیەوێ ئەو واتایە بگەیەنێ کە جڵەوی هۆنراوەکانی بەدەستی خۆیەتی بۆ بەرژەوەندی کەس نانوسێ. پاشان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم تەنوورە، نان بۆ بێ نان و بێ لان دەبرژێنێ. واتا وشەکانی وەك نانی برژاو وان بۆ ستەملێکراوان و هەژارەکان و تێریان دەکات و پاڵپشتیان لێ دەکات. لەهەمان کاتدا گڕی تەنوورەکەی توڕەیی و نەڕەی وشەکانێتی بەرامبەر بە ستەمکاران و بە (چنگ و کۆڵەوەژ و ڕنووك)ی ناو تەنوورەکەی (گورگە مێش) کە مەبەستی لە دوژمنی کوردە و (دووڕەگەکان) کە مەبەستی لە کوردە خائینەکانە، دەسوتێنێ.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە کۆساری لە زۆربەی دەربڕینەکانیدا لادانی واتایی هەیە. ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هونەرە جیاوازەکانی ڕەوانبێژییەوەیە و هەروەها زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لاساییکەرەوەی زمانی شیعری هیچ شاعیرێك نییە. جگە لە مانەش دەربڕینەکانی زۆربەی بە وشەی ڕەسەنی کوردییە، بە تایبەتی ئەو وشانەی کە کەم بەکاردێن. کە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو وشانە و بەهێزکردنی دەربڕینەکانی.

**باسی دووەم: یاری کردن بە وشە**

زۆر جار شاعیر بۆ بەهێزکردنی ئاستی شیعرییەت لە شیعرەکانیدا، پەنا دەباتە بەر یاری کردن بە وشە. ئەم دیاردەیە بۆ زمانی ئاسایی دەشێ جوان نەبێ، بەڵام بۆ شیعر ئەگەر ((سەلیقەی ئەدەبی و زمانەوانی و دەروونی خوێنەری تێدا ڕەچاو بکرێ، دەق جوان دەکات و دەیخەملێنێ. بەکارنەهێنانی وشەی نامۆ و سەیر، خزمەتێکی زۆری ئەو بوارە دەکات))[٩٠]. یاری کردن بە وشە لە زۆر شوێنی شیعرەکانی کۆساریدا بەدی دەکرێ، کە سیمایەکی جوانی بەخشیوە و زمانی شیعری پێ بەهێزتر بووە.

لە شیعری (شۆڕشی کاکڵدار) دا دەڵێ

**هەی دێ هەی دێ**

**دێ بە دێ دێ** **ل١٧٩**

---

[٩٠]- مستەفای سەید مینە، *زمانی شیعری کۆساری*، "دیداری کۆساری"، ل١٤٣.

ئەم دەربڕینە کورتە لە ٧ وشە پێك هاتووە، ٥ وشەی بریتییە لە (دێ) کە ئەمەش یاریکردنە بە وشە لە لایەن شاعیر و سیمایەکی جوان و سەرەنجڕاکێشی بەخشیوە.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**هەر لەو کێسە کەلە کاسە**

**دەنگێك لەپڕ دەنگە دەنگی دەنگی بڕیم     ل١٨٤**

زۆر بە ئاشکرا یاریکردن دەبینین بە وشەی (دەنگ) کە واتایەکی بەهێزی بەخشیوە بە دەقەکە. لە هەمان کاتدا توانای شاعیر دەردەخات لە ڕیزکردنی ئەو وشانە لەگەڵ یەکتریدا.

بایەخدان بە وشە و گەڕان بە دوای وشەدا، ئەگەر زێدەڕۆیی تێدا کرا، هەڵخلیسکانی زمان پەیدا دەبێ. کە ئەمە لە چەند شوێنێکی بورکانی شیعردا دەبینرێ.

لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

**هەرچی مرۆڤن شارەزان بە نەزان و خوێندەوار**

**لە ڕاستە شێواز تاراو بی دەکەویە نێو دڕك و داڵ     ل١١٨**

لێرەدا (شێواز) بە مانای (ڕێ) بەکارهاتووە، بەڵام ئەو مانایەی نییە.

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**ئەی لە گۆترە یەکخراون هەنگوینی بەتامی شان**

**ئەی بێوچان لە بێشەدان ڕیوەڵۆکەی بێ زمان     ل١٢٠**

(شان) بە مانای (شانە) بەکارهاتووە، بەڵام (شان) ئەو واتایەی نییە.

هەروەها لە شیعری (گزنگی خێزان)دا دەڵێ

**پەڕاوی سفت و خاوێنی**

چلۆن بتویّ وا خۆت دەنوێنیّ      لا١٢٥

(بتویّ) لە جیاتی (بتەویّ) بەکارهاتووە[٩١].

کۆساری لە زۆر شوێنی تری دیوانەکەیدا ئەم جۆرە یاریکردنەی ئەنجام داوە بە وشە، کە لە ئەنجامدا شێوازێکی شیعرییەت دەبەخشیّ بە زمانی شیعری ئەم شاعیرە

**باسی سێیەم: فەرهەنگی شیعری کۆساری**

فەرهەنگی شیعری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەرسیّ ئاستی دەنگی و واتایی و پێکهاتەیی. چونکە فەرهەنگی شیعری، کار لەسەر وشە دەکات. هەرسیّ ئاستەکەش بنەمای سەرەکییان لە وشەوە دەست پێدەکات، جگە لەمانەش ((بەو پێیەی فەرهەنگ نەك تەنها بریتی نییە لە لیستێك لە وشەی لە یەك دابڕاو، بەڵکو هەر دەقەو فەرهەنگی تایبەتی و کێڵگەی واتایی تایبەت بە خۆی هەیە))[٩٢].

کەواتا بۆ ئەوەی ئاستی فەرهەنگی شیعری وەربگرین، پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی بکەین لەلای شاعیر. ((بە زۆری ئەو وشە فەرهەنگیانەی کە لە دەقێکدا بەکاردێن دوو شێوەیان هەیە، شێوەیەکیان وشەکان هیچ پەیوەندییەکی فەرهەنگی لێکیان نزیك ناکاتەوە، بەڵکو خودی نووسەر بە هۆی واتایەکی زیادکراو، ئەو پەیوەندییە لەگەڵ یەکتر دەگونجێنیّ و لە واتای واتادا لێکیان نزیك دەکاتەوە. هەرچی شێوەکەی ترە وشەکان پەیوەندییەکی فەرهەنگی ئاسانیان لە زمانەکەدا هەیە و بە سوك و سانایی واتا دەبەخشن))[٩٣].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە فەرهەنگی شیعری لای شاعیرانی کلاسیك زۆر جیاوازترە لە فەرهەگی شیعری شاعیرانی نویّ. چەندین هۆکار هەن بۆ ئەم جیاوازییە، گرنگترینیان تێکەڵبوونی زمانی شیعری کلاسیکی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی. کە وای لە

---

[٩١]- مستەفای سەید مینە، *زمانی شیعری کۆساری*، "دیداری کۆساری"، لا١٤٣

[٩٢]- ئاڤان عەلی میرزا، "چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا"، بەڕێوەبەایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠١٢، لا١٤٩.

[٩٣]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا٢١٩.

شاعیری کلاسیکی کردووە، بەشێکی فراوان لە فەرهەنگی شیعریدا وشەکانی ئەو سێ زمانە لە خۆ بگرێ.

بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر بە کەمی لە شیعری نوێدا بەدی دەکرێ. ئەمەش تاڕادەیەك بەهۆی دوورکەوتنەوەی زمانی شیعری کوردییە لەو سێ زمانە. شاعیرانی شیعری کلاسیك لە سەردەمانێکدا بوونە کە کورد ژێر دەستەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی دراوسێ بووە. بە ڕادەیەك کە سەرچاوەی خوێندن و زانستیشی بە زمانی کوردی دەست نەکەوتووە. ئەمە وای کردووە کە شاعیر زۆرترینی کاتەکانی بۆ زمانی غەیری کوردی تەرخان کردبێ. بەڵام دوورکەوتنەوەی زمانی شیعری نوێی کوردی لە زمانەکانی تر، وای کردووە کە شاعیرانی شیعری کوردی دەوڵەمەندتر بن لە بەکارهێنانی فەرهەنگی شیعری بە وشەی ڕەسەنی کوردی.

کۆساری وەك شاعیرێکی شیعری نوێ فەرهەنگێکی شیعری دەوڵەمەندی هەیە بە وشەی کوردی. ((لە ڕووی ڕستەسازی و وشەوە، فەرهەنگەکەی تا بڵێی تێر و تەسەل و دەوڵەمەند و ڕەسەن بوو. وشە و تەعبیرێکی وەهای بەکار هێناوە، کە ڕەنگە هیچ شاعیرێکی تر پێش کۆساری بەکاری نەهێنابێ))[٩٤].

کۆساری هەوڵیداوە زۆرترین وشەی ڕەسەنی کوردی لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنێ، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەمەندبوون و تایبەتمەندێتی فەرهەنگەکەی. ((ئەو بەردەوام بەدوای وشەی نوێ و لادێی و وشەگەلێکدا دەگەڕا، کە خەریك بوو لەبیر دەچوونەوە. کە بەمەش دوو خزمەتی بە ئەدەبی کوردی کردووە، یەکەم ئەو وشانەی لە نەمان و لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکران ڕزگارکردوون. دووەم شیعرەکانی خۆی پێ دەوڵەمەندتر و پاراوتر کردووە))[٩٥]. ئەم گرنگیدان و ماندووبوونەی کۆساری بۆ پەیداکردن و بەکارهێنانی وشەی کوردی (وای کردووە زۆر کەم وشەی بێگانە بەکاربهێنێ، کە ئەوانیش وشەگەلی عەرەبی و فارسین و دوو وشەی

---

[٩٤]- مستەفای سەید مینە، *بەرنامەی کۆساری نەوڕەسی شیعر*، کەناڵی ئاسمانی پەیام، بەرنامەی سێیەم https://www.youtube.com/watch?v=rsvSdTAucx8

[٩٥]- سەرچاوەی پێشوو: بەرنامەی دووەم https://www.youtube.com/watch?v=vF0oyXTaRGE

تورکیشی بەکارهێناوە. بۆ نموونە وشەی عەرەبی وەك (مەفتوون، هیلال، مەغز، جازیبە، قسوور، محتەوا، سەمەر، زەفەر...). وشەی فارسی وەك (پەیکان، قورباغە، ستارە، پەژموردە، زەخم، سەراپا، رەستانخێز...). هەروەها هەردوو دوو وشەی (لۆقنتە، بوز) کە دوو وشەی تورکین)[٩٦].

دەربارەی دابەش کردنی فەرهەنگی شیعرییەکەی، بەهۆی کورتی تەمەنی شیعری کۆسارییەوە کە تەنها شەش ساڵ شیعری نوسیووە. ناتوانین فەرهەنگی شیعرییەکەی دابەش بکەین بەسەر قۆناغەکانی تەمەنی ئەو شاعیرەدا.

بەڵام مەرج نییە فەرهەنگی شیعری شاعیر هەر لەو ئاستە دیاری بکرێ. بەڵکو دەکرێ هۆکارەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و خۆشەویستی ...هتد. پاڵنەری شاعیر بن تا فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی شیعری هەبێ.

لێرەدا باس لەو تەوەرانە دەکەین کە دەربڕین و وشەکانی دەچنە نێو فەرهەنگی شیعری کۆساری.

**١- ئایینی**

کۆساری زۆربەی شیعرەکانی بەستۆتەوە بە لایەنی ئایینی. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی شاعیرێکی دیندار بووە و هەوڵیداوە هەموو باس و خواسەکانی ناو شیعرەکانی بەلایەنی دینەوە ببەستێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە فەرهەنگی ئاینی لە شیعری کۆساریدا یەکێکە لە فراوانترین تەوەرەکانی فەرهەنگی ئەم شاعیرە. لە شیعری (نیگاری خودان) ئەم وشانە دەبینین (ویقار، ماخۆی بڕست ، ژێر تین، پەرستراوی نەگۆڕ، ئادەمی دوو مۆر، دڵی چزیلك، جازیبەی زاڵ، نەخشی خوا، ڕێکەوتی کەڕ و لاڵ، سایەقەی زۆزان، گورێك زەوی، پێست داپڵۆخاو، ڕیوە لۆکە) ئەم وشانە کۆساری واتای فەرهەنگی لێ دروست کردوون. کە شیعرەکە شیعرێکی ئاینییە لە وەسفی دەسەڵاتی خوای گەورە. هەروەها لە شیعرەکانی تریشیدا کۆمەڵە وشانێکی بەکارهێناون، کە دەچنە تەوەری ئاینی فەرهەنگی شیعرییەکەیەوە. بۆ

[٩٦]- مستەفای سەید مینە، *زمانی شیعری کۆساری*، "دیداری کۆساری"، ل١٣٨.

نموونە (خوای بەزەفەر، ئەفسانەی دەستکرد، بولبولی باغی دین، دەنگی قورئان، تینوی ئیسلام، ڕوحی ڕووناکی ...). کاتێك بە نێو شیعرەکانی کۆساریدا گوزەر بکەین، زۆر لەم وشانە دەبینین کە کۆساری لە شیعری ئایینی یاخود دەربڕینە ئاینییەکانی شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، کە دەچنە خەزێنەی فەرهەنگی شیعری ئەم شاعیرەوە.

## ٢- کۆمەڵایەتی

ئەم لایەنە لە بەشێك لە شیعرەکانی کۆساریدا دەبینرێ، بە تایبەتی لەو شیعرەی کە باس لە خێزان دەکات. هەروەها لە هەندێ شیعری تریشیدا چەند وشەیەکی فەرهەنگی بەکارهێناوە لەم بوارەدا. شیعری (گزنگی خێزان) ئەو شیعرەیەتی کە زۆرترین وشەی فەرهەنگی شیعری تێدا بەکارهێناوە لە بوار و لایەنی کۆمەڵایەتی. بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم شاعیرە شیعری لەم بوارەدا کەمن. هۆکارەکەشی بۆ جۆش و خرۆشی هەستی ئایینی و نەتەوایەتی لە شاعیردا دەگەڕێتەوە. کە دەشێ بواری ئەوەی بۆ نەهێشتبێتەوە گرنگی زیاتر بدا بەم لایەنە. لە شیعری (گزنگی خێزان)دا ئەم وشە فەرهەنگیانەی بەکارهێناوە (دەروون شوشە، چاو شەهێن، چراوك، موژگان، ئەنگاوتە، ژوار، زاف جوان) کۆساری ئەم وشانەی لە وەسفی منداڵێکی خۆی نوسیوە کە تازە لەدایك بووە. دەبینین کۆمەڵە وشەیەکی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە کە لە قسەی ئاساییدا کەمتر بەکار دەهێنرێن. ئەمەش کارێکی ناوازەی شاعیرە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعرییەکەی و پارێزگاری کردن لەو وشانە لە فەوتان. هەروەها لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) کە بەسەر هاوڕێیەکی خۆیدا نوسیوێتی، بە هەمان شێوە کۆمەڵە وشەیەکی فەرهەنگی بەکارهێناوە لە بواری کۆمەڵایەتی. وەك لەم دێڕەدا دەڵێ.

**دڵم پڕبوو گەرووم گیرا و چاو مەین**

**ئەسرین وەك زەنگۆڵ بەسەر ڕووم ڕاخزین** ل١٤٧

لێرەدا وشەی (چاو مەین) و (ئەسرین وەك زەنگۆڵ)ی بەکارهێناوە، کە ئەم دوو دەربڕینە واتایەکی نوێیان بەخشیوە. چونکە (چاو) لەگەڵ (مەین) و

هەروەها (ئەسرین) و (زەنگۆڵ) ئەم وشانە واتای سەربەخۆیان هەیە لە فەرهەنگدا. بەڵام بە لێکدانیان بەو شێوەیەی کۆساری بەکاری هێناوە واتایەکی نوێ دەبەخشن بۆ فەرهەنگی شیعری ئەم شاعیرە.

### ٣- نەتەوەیی

شیعرەکانی کۆساری زۆربەی لەم لایەنەدا نوسراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندترین فەرهەنگی شیعری هەیە لەم بوارەدا. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تەمەنی شیعری کۆساری لە سەردەمێکدا بووە گەلی کورد دووچاری زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس بووە. کۆساریش وەك پێشمەرگەیەك هەستی نەتەوایەتی لە چەکی شانی و وشەکانی شیعرەکانی دەربڕیوە. بۆیە شتێکی سەیر نییە کە هاوشێوەی شاعیرانی تری کورد، شیعرەکانی زۆربەی لە بواری نەتەوەیی و ئازادی و سۆزی نیشتیمان و تێکۆشان بێ. کۆساری زۆر دەربڕین و وشەی لێکدراو و وشەی تاکی هەیە کە لە شیعرە نەتەوەییەکانیدا وتوویەتی و دەچنە فەرهەنگی شیعری ئەم شاعیرەوە. بۆ نموونە لەشیعری (پرسە) کە شیعرێکی ماتەمین ئاسای نەتەوەییە، بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێ

**من دانیشتبووم لەژێر کەپری خەمێکی ڕەش**
**خۆر: تەمی زەرد**
**شاخ: بەفری بۆر**
**کەنار: غەورێکی ڕەساسی**
**ئاسمان: هەورێکی خەنەیی**
**ئاسۆ: ڕەنگێکی خوێناوی**
**دارستان: سەوزێکی سپات**
**ڕووبار: سەرپۆشی قەوزەی شین**
**خاکیش: پۆشاکی پێشمەرگە لا٣٠١**

دەبینین لە دەستپێکی ئەم شیعرە نەتەوەییەدا، بە کۆمەڵە دەربڕینێکی ناوازە دەستی پێکردووە. بۆ نموونە بۆ وشەی (خۆر، تەمی زەرد)ی بەکارهێناوە. هەروەها (شاخ: بەفری بۆر ، کەنار، غەورێکی ڕەساسی ...). هەر لە هەمان شیعردا کۆمەڵە دەربڕینێکی تری بەکارهێناوە. لەوانە

(نیشتیمانی کانگای گوڵاڵە و نەسیم، نوزە نوزی زریان، مەیتی گەڵارێزان، کەپری خەم).

هەروەها لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**ئەی خاکەکەم**
**هاوژینی ناخی داخی من**
**ئەتۆی شەمی غەمی تاری منی بەنی**
**منی زیندانی زیندەگی**
**پەرسارگاکەم**
**دووچاوی مەلی بژوێنم* تا دیمی ئاسۆ دیبکات**
**نابێتە خاڵ بەڕووخساری**
**رەقی زەوی**
**عەیانە لێم بەحەزی وی**
**دەگات بەسارداوی هەواری نەمریت**
**پێشمەرگەی تینوی ئاوی ڕێت        ل٢١٩-٢٢٠**

لەم پارچەیەی سەرەتای شیعرەکەی کۆمەڵە وشەیەکی بە کارهێناوە، کە دەخرێنە فەرهەنگی شیعرییەکەی لەوانە (ناخی داخ، شەمی غەم، مەلی بژوێنم، عەیانە، سارداوی هەواری نەمریت).

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**هەزار مەخابن کوردستان**
**دەزانم کوێت موبتەلایە و کامە ئەندامەت زامدارە**
**تێدەگەم سەری سەربڕت ئیروو دەژی و**
**جێگای سەرینی خۆشحاڵە**
**لاشەت کون کون**
**دەست و لەپت پەرستارە و حەمباڵی کۆڵی بێ گارە    ل٢٠٥-٢٠٦**

---

* پاك و خاوێن

لەم پارچەیەدا ئەم وشانەی بەکارهێناون (موبتەلا، سەری سەربڕ، پەرستار، حەمباڵ). هەروەرها لە پارچەیەکی تری هەمان شیعردا دەڵێ

**کورد لە کێڵگەی کوردستاندا**
**بۆتە دەغڵێکی دەغەڵ و گەنمێکی ڕەش و پووچەڵ و**
**دەمی (مڵە) و**
**لاقی (سن)ە و**
**(کوێروو) و (تیرەبڕ)ی میوانە!!     ل ٢١١**

لێرەدا ئەم وشانەی بەکارهێناوە (کێڵگەی کوردستان، دەغڵێکی دەغەڵ، گەنمێکی ڕەش).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کۆساری یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی ئەدەبی نوێی کوردی، کە لە تەمەنێکی شیعری کەمدا، توانیوێتی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی هەبێ لە وشەی ڕەسەنی کوردی. هەروەها توانایەکی زۆری هەبووە لە بەکارهێنانی وشە و دروستکردنی واتای نوێ لە لێکدانی وشەدا.

**باسی چوارەم: شیعرییەتی بەشەکانی ئاخاوتن**

ئاخاوتن لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە (ناو و ئاوەڵناو و کار). هەریەکەیان بە شێوەیەک ڕۆڵ لە دروستکردنی دەستەواژە و ڕستەدا دەگێڕن. ((لە بونیادی دەقی ئەدەبیدا، لە دەقێکیشەوە بۆ دەقێکی تر ڕێژەی هاتنیان جیاوازە. هەر شێوەیەک دەلالەتێکی تایبەت بەدەستەوە دەدات. لەم ڕووەوە سەر ژمێرکردنی ئەم سێ بەشە سەرەکییەی ئاخاوتن (ناو و کار و ئاوەڵناو) دەمانگەیەننە ئەنجامێک. چونکە کەمی و زۆری ڕێژەی هەریەکەیان بەرامبەر ئەوی تر، سیمای شیعرییەتی دەق دەگۆڕێ))[٩٧]. بەشەکانی زمان هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا ڕۆڵ لە پێکهێنانی ڕستە و ڕەنگرێژکردنی دەق بە شێوەیەکی جوانتر دەبینێ.

---

٩٧- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل ٧٤.

ئەو بەشە سەرەکیانەی ئاخاوتن لە نێو دەقە ئەدەبیەکان کە زیاتر ڕەهەندەکانی دەق بەرەو گۆڕانکاری دەبەن، بریتین لە (ناو ، کار ، ئاوەڵناو). زیاتر و کەمتر بەکارهێنانی هەریەک لەم بەشانە، دەلالەتی تایبەت لێ دەفامرێتەوە و تێگەیشتن و ڕەهەندی دیکە لەخۆ دەگرێ. زۆرترین ڕێژەی دووبارەبونەوە بەر (ناو) دەکەوێ. ئەمەش بەهۆی ئەو سروشتەوەیە کە لە دەقەکاندا بۆ ناو ڕەخساوە، هەم بەهۆی زۆری بەکارهێنانی و هەم بەهۆی زۆری جۆر و ڕەهەند و چەشنیەوە.

هەروەها کورتی ڕستەش ڕۆڵ لە زیادکردنی (ناو) دەبینێ. هەرچی (ئاوەڵناو و کار)ن، دەتوانین بیانکەینە کارەکتەری سەرەکی بۆ دیاری کردنی ڕێژەی شیعرییەت لە هەر دەقێکدا. ئەویش لە ڕێی هاوکێشەی (بوزیمان) کە پێوەرێکی گرنگە بۆ ئەم پرۆسەیە. چونکە (کار) لەگەڵ خۆیدا (کات و ڕووداو)ی هەڵگرتووە.

بۆیە جوڵە و هەژاندنێک بە سەرتاپای ڕستە دەبەخشێ و بەهۆی هاتنەکایەی کاتی جیاواز و ڕوداوی جیاواز، ئاڕاستەی جیاوازی لێ دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا هەڵچوون و گرژبوون و خاوبوونەوە بە ڕستەکە دەدات و ناهێڵێ دەق چەقبەستوو بێ. لە بەرامبەریشدا (ئاوەڵناو) هەڵگری هەست و سۆزە و لە وەسف و ستایشدا قووڵ بۆتەوە و دەبێتە تەواوکەر و پاڵپشتی ناو. بەڵام لە یەک ئاڕاستەدا وەستاوە و دەق تووشی وەستان و مەنگییەت دەکات و لە جووڵە و ڕاژەنیینی دەخات[٩٨].

شیعرەکانی کۆساری هەروەکو سەرجەم دەقە ئەدەبییەکانی تر، زۆرترین ڕێژە لە پێکهاتەی ڕستەکانیدا بەر (ناو) کەوتووە. نەک هەر ئەمە بەڵکو لە سەرجەم شیعرەکانیدا بەڕێژەیەکی زۆر جیاواز، ڕێژەی ناو بەرزترە لە ڕێژەی هەریەک لە ئاوەڵناو و کار. بۆ نموونە لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ)دا، کە یەکێکە لە شیعرە دوور و درێژەکانی کۆساری. بە نزیکەیی (٣٩٢) ناو و (١١٩) ئاوەڵناو و (١٣٢) کاری تێدا بەکارهاتووە. کە ئەگەر بە ڕێژە وەریبگرین. لەو شیعرەدا ناو (٦١%) و ئاوەڵناو (١٨,٥%) و کار (٢٠,٤%) دایە. وەک دیارە کە ڕێژەی بەکارهێنانی ناو چەندە زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ

---

[٩٨]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٢٢٣.

فرەجۆری و فرەچەشنی ناو دەگەڕێتەوە لە زمانی کوردیدا. کە چەندین جۆر ناومان هەیە و دەتوانین لە ڕستەیەک چەندین ناو بەکار بهێنین. بەڵام مەرج نییە کە بتوانین بەو ڕێژە زۆرە کار و ئاوەڵناو بەکاربهێنین. ئەمەش وای کردووە کە نەک لە شیعرەکانی کۆساری بەڵکو لە سەرجەم دەقە ئەدەبییەکاندا ڕێژەی بەکارهێنانی ناو زیاتر بێ.

**تیۆری بوزیمان**

وەك پێشتر ئامازەمان پێدا، کە (بوزیمان) تیۆرێک یان هاوکێشەیەکە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی شیعرییەتی دەق لە ڕووی پێکهاتنەوە. بنەماکانی ئەم تیۆرە بریتین لە (ئاوەڵناو و کار)، ((بەشی سەرەکی بونیادی ئاخاوتن بریتییە لە کار. کە هەردوو لایەنی جووڵە و کردار لەخۆ دەگرێ))[٩٩]. جگە لەوەی کار لەسەر ڕووداو و کات بەندە، کە دوو ڕەهەندی فراوانی کارن و خەیاڵ تێیاندا تا ئەوپەڕی دەڕوات.

لە نێو شیعرییەتی بەشەکانی ئاخاوتندا پەیوەندی ئاسایی نێوان (ناو و ئاوەڵناو) جۆرێک لە شیعرییەت دەسازێنێ. ئەم پەیوەندییە لە ڕووی ڕستەسازیەوە ئاساییە، بەڵام لە ڕووە واتاییەکەیەوە بەکارهێنانی لە نێو خەڵکدا بە نائاسایی دادەنرێ. ئەمەش دەشێ لە دیوی ناوەوەی واتاوە لێی بکۆڵدرێتەوە. ئاشکرایە (ئاوەڵناو) پاڵپشتی خودی (ناو)ە و تایبەتمەندی و خەسڵەتێک دەداتە ناوەکە و دەستنیشانی بەهاکەی دەکات.

یەکێک لەو ئەرکانە لادانی واتاییە، کە بریتییە لە ئەرکی دەستنیشانکردن بە واتای ئەوەی لە نێو کەرەستەکانی ڕستە دەبێ هەندێ لە کەرەستەکان دەستنیشانی هەندێ کەرەستەی تر بکەن. ئەوەش زیادکردنی وشەیەک یان چەند وشەیەکی دیکە بۆ ناوی ڕەگەزەکە دەبێ. ئەم وشە زیادکراوانەش بە دەستنیشانکەرەکان دەناسرێن. لەبەر ئەوە ئاوەڵناو دەستنیشانی ناوی ڕەگەز دەکەن[١٠٠].

---

[٩٩]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعریەتی دەق"، ل٧٥.
[١٠٠]- هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

بۆ ئەوەی تیۆری بوزیمانی دەقێک دیاری بکەین پێویستە ڕێژەی کار و ڕێژەی ئاوەڵناوی دەقەکە بزانین و پاشان ڕێژەی کار دابەشی ڕێژەی ئاوەڵناو بکەین. بەو شێوەیە بوزیمان ئەو دەقەمان دەست دەکەوێ

بەم شێوەیە: ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = ڕێژەی کار / ڕێژەی ئاوەڵناو

ئەو ڕێژەیەی بەم تیۆرە دەردەچێ، دەلالەتی بەهێزی و لاوازی دەقەکە دەکات، لە ڕووی ئاستی شیعرییەتەوە. واتا هەتا ئەو ڕێژەیە زۆرتر بێ شیعرییەتی ئەو دەقە بەرزترە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، لێکۆڵینەوە لەسەر (٨) شیعری کۆساری دەکەین و ڕێژەی ناو و ئاوەڵناو و کار و دواتر بوزیمانیان دیاری دەکەین.

| ژ | ناوی شیعر | ڕ. ناو | ڕ. کار | ڕ.ئاوەڵناو | بوزیمان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نیگاری خودان | %٧٣ | %١٥،٨ | %١١،٧ | ١،١٣ |
| ٢ | گزنگی خێزان | %٥٢،٥ | %٢٦،٢ | %٢٠،٦ | ١،٢٧ |
| ٣ | شەبەقی سەرفرازی | %٥٨،٩ | %٢٣،٥ | %١٩،٩ | ١،١٨ |
| ٤ | قوتابی و مامۆستای شەهید | %٥١،٦ | %٢٥،١ | %٢٣،١ | ١،٠٨ |
| ٥ | هۆنەر و پەپوولە | %٥٩ | %٢٢،٧ | %١٨،١ | ١،٢٥ |
| ٦ | شۆڕشی کاکڵدار | %٥٠،٩ | %٢٩،٤ | %١٩،٦ | ١،٥ |
| ٧ | سۆزی وڵات | %٦١،٨ | %٢١،٥ | ١٦،٥ | ١،٣ |
| ٨ | قەڵەمی ڕاستگۆ | %٦١ | %٢٠،٤ | %١٨،٥ | ١،١ |
| ٩ | مانگ گیران | %٥٥،٦ | %٣٠،٨ | %١٣،٥ | ٢،٢٨ |

لەو شیعرانەی بە نموونە وەرگیراون. بەرزترین ڕێژەی شیعرییەت تێیاندا شیعری (مانگ گیران)ە، کە ڕێژەی بوزیمان تێیدا (٢،٢٨)ە. دەشێ پراکتیزە کردنی ئەم تیۆرە زۆر تەواو نەبێ بۆ دەقی ئەدەبی کوردی. چونکە لە بنەڕەتدا تیۆری بوزیمان بۆ ئەدەبیاتی ئەڵمانی دانراوە. بەڵام ئێمە بە نزیکەیی دەتوانین سوودی لێوەربگرین بۆ دیاریکردنی ڕێژەی شیعرییەتی هەر دەقێک. ئەوەی بەدی دەکرێ لە شیعرەکانی کۆساریدا بەرزی ڕێژەی ئاوەڵناوە، کەوا دەکات ڕێژەی بوزیمان تا ڕادەیەک کەم ببێتەوە. هۆکارەکەشی دەشێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شیعرەکانی کۆساری بە زۆری وەسفین. وەسفیش پێویستی بەوەیە کە زۆرترین ئاوەڵناوی بۆ بەکاربهێنرێ.

## تەوەری سێیەم: گفتوگۆ لە شیعری کۆساری دا

گفتوگۆ کە (الحوار)ی پێ دەوترێ لە زمانی عەرەبیدا. یەکێکە لەو ڕەگەزە درامیانەی کە شاعیران بەکاری دەهێنن لە شیعرەکانیان دا. گفتوگۆ بریتییە لە ((ئاڵوگۆڕی قسە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، یان شێوازێکی گەیاندنە کە چەند کەسێك بەشدار دەبن تێیدا لە ناردن و وەرگرتن))[١٠١]. دەشێ لایەنێکی گفتوگۆکە شاعیر خۆی بێ. ئەو گفتوگۆیەی شاعیر دروستی دەکات (لە نێوان دوو شاعیر یاخود دوو خۆشەویست یان شاعیر خۆی و سروشتە، کە بە زۆری ئەدەبی نوێ پێی کاریگەرە)[١٠٢].

ئەوەی کە گفتوگۆی شیعری دروست دەکات، سروشتی ئەو ئەزموونە شیعریەیە کە شاعیر پێیدا تێدەپەڕێ، زۆر جار ئەو دەقی گفتوگۆیە ((ڕووداوێکی دیاری کراوە کە بەڕاستی ڕوویداوە لە ژیانی شاعیردا، یاخود بە چاوی خۆی بینیوێتی، یان خەیاڵێکە دروستی دەکات، بۆ تەعبیر کردن لە بارودۆخێکی دیاری کراو کە شاعیر مەبەستێتی بیگەیەنێ))[١٠٣]. ڕەگەزە

[١٠١]- محمد سعد حسين، *الحوار في الشعر العربي القديم – شعر امرئ القيس انموذجا*، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، المجلد ١٤، العدد ٣، ٢٠٠٧، ل٦٠.

[١٠٢]- علية خوني، "الأبعاد الدلالية للحوار الشعري في ديوان عباس بن الأحنف"، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٢، ل١١.

[١٠٣]- حازم فاضل محمد البارز، *أسلوب الحوار في النص الشعري الحديث*، مجلة جامعة بابل، المجلد ٢٣، العدد ٤، ٢٠١٥، ل١٨٠٦ – ١٨٠٧.

درامیەکان جۆری زۆرە و گفتوگۆش کە بەشێکە لەو ڕەگەزانە، دەبێتە چەند جۆر و بەشێکەوە.

بەڵام کۆساری تەنها لە شیعری (پرسە)دا گفتوگۆیەکی خۆی لەگەڵ چەند دارێکی بێدەنگی دارستان باس دەکات. کە لە ماتەم و دڵتەنگیان وەڵامی کۆساری نادەنەوە تا دواتر ڕاوچیەك دێتە قسە و هۆکاری بێدەنگی دارستانەکە و دارەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە. کۆساری لەڕێی بەکارهێنانی چەند وێنە و هونەرێکی ڕەوانبێژی، ئەم گفتوگۆیە دروست دەکات کە تەعبیرە لە ماتەم گێڕان و دڵتەنگی بۆ لەدەستدان و شەهید کردنی خۆشەویستان بەدەستی ستەمکاران.

سەرەتای گفتوگۆکەی بە باسکردنی خۆی دەست پێدەکات، لەسەر بەردە نوێژێك و دەڵێ (لە لاپەڕە ٣٠٧ - ٣١٣)

**لەسەر ئەم تاتە نوێژینە**
**لەبن نیسێی ئەم ساباتە و**
**ئەو کانی یە سپی و چاو شینە**
**دەستنوێژی ئێوارەم گرت و**
**سەرم چوار جار تەختی هەنیەی**
**ئەم تاتە پاکەی ماچ کرد و**
**سکاڵای لە (باری) بەرزی**
**پەروەردگاری ئێوە کرد**

پاشان دەست دەکات بە قسە کردن لەگەڵ دارەکانی ئەو دارستانە و هەوڵی دواندنیان دەدات. سەرەتا لەگەڵ دار سێو و هەنجیردا قسە دەکات و دەڵێ

**هۆ دار سێوە چاو کاڵەکە**
**هۆ هەنجیرە ڕەشتاڵەکە**
**بۆ خامۆشن ..؟!**
**بەم چەشنە بۆ مەندە هۆشن**
**دە توخواکەی**

**هەر ئێستاکە**
**هەرچی ئۆف و کەسەرتانە**
**بە تاڵوکە[*]**
**لە پێش منی هەڵبرێژن**

پاشان ڕوو لە دار هەنار دەکات و هەوڵی گفتوگۆی لەگەڵدا دەدات و دەڵێ

**هۆ دار هەنار**
**تۆ بۆچی وا دوور ڕوواوی و**
**بە تەقەوە**
**هەروەکو من**
**دووره پەرێز ڕاوەستاوی و**
**پەل شکاو و گەڵا سری و**
**چاوم لێتە**
**بە گەڵای سەر قۆڵی ڕاستت**
**بە شەرمەوە**
**ئاونگی دوو چاوت دەسری؟!**

پاشان ڕوو لە دار توو دەکات و هەوڵی گفتوگۆی لەگەڵدا دەدات و دەڵێ

**هۆ پیره توو**
**خۆ تۆ زۆر بەرز و تەرز بووی ؟!**
**هێشتا زراف و سەوز بووی ؟!**
**کەچی پشتت بۆ شکاوە و**
**کێ کەڵپەی لە قەدت داوە و**
**بەم گەردنە زەرد و جوان و گەڵا سەوزەت**
**بەری ئەم چۆمە بۆ ئەگری ؟!**

پاشان ڕوو لە دار بییەکان دەکات و هەوڵی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەدات و دەڵێ

---
[*] بە خێرایی

**ئەدی ئەی ئێوە دار بی یە پرچنەکان**
**هەر وەکو ئافرەتی شین گێڕ**
**بەفیت و چنگی ڕەشەبا**
**پەرچەم زوڵفی خاوت بۆ ئەپچڕی ..؟!**

پاش هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ دارەکانی دارستان، کەسیان وەڵامی کۆساری نادەنەوە. بۆیە دەڵێ

**لەم ناوچەیە بۆ کەس وەڵام ناداتەوە؟!**
**یاخوا لەکاکتان نەکەوێ ..!**
**ئەگینا من هەر هەمووتانم خۆش دەوێ ..؟!**
**بۆ زیرۆحێك سەربەنێك**
**لە گرفتی دەروونی من ناکاتەوە ..؟!**

خۆی بۆ ئەوە دەچێ کە هۆکاری ئەم بێدەنگیە و وەڵام نەدانەوە دەشێ کوژرانی باڵندەیەك یان هەڵقرچانی باڵی پەپوولە یاخود خنکانی مێروولەیەك بێ. بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێ

**دەبێت هیچ تەیرێکی باڵدار**
**لە باغەکەیان کوژرابێ ..؟!**
**دەبێت ئەمڕۆ**
**هیچ پەپوولەیەکی جوان و خاڵدار**
**باڵەکانی وەك دڵی من**
**هەڵقرچابێ ..؟!**
**دەبێت هیچ مێروولەیەکی ئازا و بەکار**
**وەك دەنگی من**
**لە چۆمەکەیان خنکابێ ..؟!**

لەدوای ئەم گفتوگۆ تاك لایەنەی کۆساری لەگەڵ دار و درەختەکان. مرۆڤێك دێتە ناو گفتوگۆکە و قسە لەگەڵ کۆساری دەکات و هۆکاری ئەم بێدەنگی و بارودۆخە ماتەم ئاسایە بۆ کۆساری ڕوون دەکاتەوە. ئەو کەسە ڕاوچیەکە و بە کۆساری دەڵێ

**دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی**
**لە پڕ ڕاوچییەکی دەنگ گڕی ددان گڕی ماسی گر**
**گوتی: ئەم شین و گریانە**
**ئەو هاوار و لەخۆدانەی**
**ئەم چەم و گوڵ و دارانە**
**بەرهەم و سەمەرەی پێرێی پەرلەمانی**
**ڕووباری ناو دارستانە ...!**
**گوتم: کامە؟**
**گوتی: لە ئینتیخاباتی پێشووی ناو ئەم چۆمە**
**لەناو ماسی یە سوورکە و پانکە و قوڕاوی یەکان**
**ناوی نوێنەران جاڕدراو**
**هەڵبژاردن بەرپا کرا**
**بەڵام هەی داخی گرانم**
**بە دەستکیسی (ئەخطە بووط)ی سەرو چاوەی ژێر ئەم پردە**
**دیسانەوە**
**قرش و نەهەنگ و مار ماسی**
**لەسەر خوێنی زەبوونەکان**
**کرانەوە بەسەرکردە ...!**

کۆساری بە شێوازێکی زۆر جوان ئەم دەقە درامییەی داڕشتووە، کە گفتوگۆیەکی خەیاڵیە. بەڵام واتایەکی قووڵی دەبەخشێ. کە باس لە بەڕێوەبردنی وڵات دەکات، لە لایەن ستەمکاران و کوشتنی بێ تاوان و دڵسۆزانی نیشتیمان بە دەستیان. کە ئەمە وای کردووە ماتەمینی باڵ بکێشێ بەسەر دارستاندا و دار و درەختەکان غەمبار و دڵ تەنگ و بێدەنگ بن. کۆساری بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ وێنەی هونەری لە خواستن و درکە و لێکچواندن، ئەم دەقە درامیەی ڕازاندۆتەوە و زمانێکی شیعری بەهێزی تێدا بەکارهێناوە.

**تەوەری چوارەم: لادانی شیعری**

لێکۆڵەر و توێژەرانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی ئاستی پێکهاتەییان لە لێکۆڵینەوەی شیعرییەتدا بە یەکێک لە ئاستە گرنگەکانی زمانی داناوە، ((چونکە لە میانی ڕوانینیان بۆ یاسا و ڕێساکای ڕێزمانەوە، بۆ دیاردەیەک چوون کە لادانە لەو ڕێسایانە و خۆی لە تێکشکاندنی ئەو یاسا پێوانەییانەی پێکهاتە دەبینێتەوە بۆ خولقاندنی هەندێ سیمای شیعرییەت. کە هەرگیز لە ڕێگای پراکتیزەکردنی یاسا باوەکانی زمانەوە بەدی نایەن))[١٠٤].

دەتوانرێ پێناسەی لادانی شیعری بکرێ بەوەی کە ((لادان لە زمانی باو، ئەو ڕەفتار و چالاکیەیە کە سیمای شیعرییەت دەبەخشێ بە دەق))[١٠٥]. کەواتا لادان بریتییە لە پەیڕەونەکردن و شکاندنی ئەو یاسا و ڕێسا ڕێزمانیانە، کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە سیمایەکی شیعرییەت دروست دەبێ.

بۆیە پەیوەندی نێوان شیعرییەت و لادان پەیوەندییەکی پتەوە، لە هەر شوێنێکدا لادان هەبێ شیعرییەتیش بوونی دەبێ. بەڵام لێرەدا دەبێ وریای ئەوەبین، کە ئەو لادانەی شیعرییەت بەرهەم دێنێ، دەبێ لادانێکی ماقووڵ و گونجاو بێ. چونکە لادانی ناماقووڵ شیعرییەت دروست ناکات.

بەڵکو هۆکارێک دەبێ بۆ لاوازبوونی دەقەکە. (لادان تا بە لادانێکی شیعری دابنرێ، پێویستە یاسایەکی تێدا بێ، جیای بکاتەوە لە لادانی ناماقووڵ. ئەمەش بەوەی لادانە شیعری لێکدانەوەی بۆ دەکرێ و دەتوانرێ ئەو جیاوازییەی لە نێوان ڕەگەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێڵرێ. بەڵام لادانی نامەقووڵ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێ و ناتوانرێ جیاوازییەکە لاببرێ)[١٠٦]. کەواتا پێویستە ((هەڵەی ڕێزمانی و واتایی و مۆرفۆلۆجی لە لادانی یاسا زمانییەکان جیابکەینەوە))[١٠٧]. دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەو گۆڕانکارییە دەنگی و وشەییانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوە، کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا.

---

[١٠٤]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، لا٩٢.

[١٠٥]- جان کوهن، "بنية اللغة الشعرية"، ترجمة: محمد الولي و محمد العمري، دار توبقال للنشر، المغرب، ط١، ١٩٨٦، ص١٧٣.

[١٠٦]- جەبار ئەحمەد حسێن، "ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی"، لا٢٥٨.

[١٠٧]- ئاڤان عەلی میرزا، "چنینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا"، لا١٩٣.

هەمووی دەچنە سنوری لادانی ئاستی ڕیتمی. بۆیە پێویست ناکات لێرە دووبارەی بکەینەوە. هەروەها لادانی واتایی کە لە بەشی سێیەمدا ئامازەی پێدەدەین. بۆیە لەم بەشەدا باس لە لادانی ئاستی پێکهاتەیی دەکەین لە شیعرەکانی کۆساریدا.

## جۆرەکای لادانی شیعری لە شیعری کۆساری دا

### ١- لادانی وشەیی

شاعیر هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشەی هەبێ. ئەمەش بەو لادانە وشەییانە بەرپا دەبێ، کە شاعیر لە بەکارهێنانی وشەکانی نێو شیعرەکانیدا دروستی دەکات. ((ڕێگایەکی ئەو دەوڵەمەندکردنەی فەرهەنگی شیعری شاعیر بە وشە داتاشین بەدی هێنراوە. وشە داتاشینیش کاتێ دەبێ بە لادانی ڕاستەقینە، کە لەو یاسایانە لابدات کە لە زماندا هەیە))[١٠٨]. فەرهەنگی شیعری کۆساری بە باسێکی سەربەخۆ ئامازەمان پێداوە. دیارە ئەوەی کە فەرهەنگێکی سەربەخۆ بۆ شاعیر دروست دەکات، ئەو لادانە وشەییەیە کە باسمان کرد. بۆیە لێرەدا ئامازە بە چەند وشەیەك دەکەین، کە لادانی تێدا بەرجەستە کراوە لە واتادا. لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ)دا وشەی (قەندیلی بە مەندیل)ی بەکارهێناوە. کە قەندیل شاخێکی ناسراوی کوردستانە، چوار وەرزەی ساڵ سپی پۆشە بە هۆی ڕێژەی زۆری بەفرەوە. کۆساری لە بری ئەوەی (قەندیلی پڕ بەفر) یان هاوشێوەیەکی ئەو وشانە بەکاربهێنێ، وشەی (مەندیل) بەکاردەهێنێ. کە مەندیل کڵاوی سپییە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە لادانێکی وشەیی و واتاییە، بەڵام واتا و ئامازەیەکی نوێی گەیاندووە.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**هەر هیچ نەبێ**
**وەك مرۆڤێك**
**بە پەنجەی دڵ گوێ ڕابگرن** لا ٢١٠

[١٠٨]- ئاڤان عەلی میرزا، "چنینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا"، لا١٩٥.

لە دێڕی کۆتایی (پەنجەی دڵ) بەکاردەهێنێ، کە ئاشکرایە لادانێکی واتایی ڕوونە و لە پێکهاتەی دوو وشەدا ئەو واتایە دروست بووە. دڵ نە وەکو ئەندامێکی لاشە پەنجەی هەیە و نە لە ڕووە ژیرییەکەیەوە پەنجەی بۆ دانراوە. بەڵام کۆساری لە واتا بنەڕەتییەکەی دڵ لایداوە و پەنجەی بۆ زیادکردووە. پاشان کرداری (گوێ گرتن)ی داوەتە پاڵ، کە دڵ ئەندامی بیستن نییە، بەڵکو مرۆڤ لە ڕێی گوێچکەکانیەوە دەبیستێ.

کۆساری لە چەندین شوێنی تردا ئەم جۆرە لادانە ئەنجام دەدات، کە زۆربەی وێنەکانی لەم جۆرە لادانە دروست کردووە. کە لە بەشی سێیەمدا بە درێژی باسی دەکەین.

## ٢- لادانی ڕستەیی

ڕستەی شیعری هاوشێوەی ڕستەی ئاسایی، لە چەند وشەیەك پێك دێ. کە (بکەر و تەواوکەر و کردار) لە خۆ دەگرێ. کۆبوونەوەی ئەم وشانە لە یەك ڕستەدا ڕێزمانی پێ دەوترێ. بۆیە ئەم جۆرە لادانە بە لادانی ڕێزمانیش ناودەبرێ [١٠٩]. لادانی ڕستەیی دیاردەیەکە کە (بەلای هەندێ لێکۆڵەر و ڕەخنەگرەوە، بەرتەسککردنەوەی ئاسۆی تاقیکردنەوەی شیعرییە، بەڵام بەلای ئێمەوە دیاردەی چڕکردنەوەی زمانی شیعرە و زەمینە سازکەری لادانی ئەو زمانەیە لە یاسا ڕێزمانییەکان. هەر لێرەشدا توانای هونەری شاعیر لە ئاستی چنینی دەقدا دەردەکەوێ. چونکە شاعیری هونەرمەند دەتوانێ زمان بکات بە موڵکی خۆی)[١١٠]. لە شیعرەکانی کۆساری باس لە دیاردەکانی (پاشخستن و پێشخستن ، کورتبڕی)دەکەین. کە دوو دیاردەن دەبنە هۆی دروست بوونی لادانی ڕستەیی.

### أ- پاش و پێش خستن

ئەم پرۆسەیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە. ئەویش بە ئاڵوگۆڕی شوێنی بنەڕەتی پێکهاتەی ڕستە دروست دەبێ. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا یاسای

[١٠٩]- سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، "بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا"، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١١، ل٨٥.
[١١٠]- ئاڤان عەلی میرزا، "چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا"، ل١٩٧.

پێکهاتەیی ڕستە بەم شێوەیەیە (بکەر + بەرکار + کردار) بەڵام ئاڵوگۆڕ بە شوێنیان لادان دروست دەکات لەو ڕێسایە.

هەمان بابەت لە زمانی عەرەبیشدا هەیە کە پێی دەوترێ (التقديم و التأخير)، کە لە ڕستەی (ناوی و کرداری)شدا هەیە. (هەر پاش و پێشخستنێك لە ڕستەدا ڕوو بدات، بە بەزاندنی یاساکانی ڕێزمانی ناسێنراوە لە ئاستی دەرەوەدا و بە لادان دادەنرێ)[111]. ئەم لادانە شیعرییەت بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێ.

بۆیە تا زیاتر شاعیر لە شیعرەکانیدا بە کاری هێنابێ، ئاستی شیعرییەت و ڕەوانبێژی زیاترە. ((گرنگی ئەم دیاردەیە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، لە بەرجەستە بوونی شێوازێکی تایبەتی دەگیرسێتەوە. چونکە هەر گۆڕانکارییەك لە ئاستی ئاسایی بونیاد و پێکهاتەی کەرەستەکانی ڕستە، بە پێچەوانەی گوتنی باو، تایبەتمەندی شێوازی دەق دەپارێزێ. لە ڕەهەندێکی دیکەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم دیاردەیە لە چوارچێوەی لادانی زمانی دێتە کایەوە))[112]. کۆساری ئەم دیاردەیەی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە. لێرەدا ئاماژە بە بەشێکی دەکەین.

لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) دا دەڵێ

**شەوێك لە هێکرا پڕژا بیرم ئەمن**

**کە بەندەی خودام کەچی دیلم ئەمن** ل١١٤

لێرەدا بکەر کە جێناوی سەربەخۆی (من)ە دواکەوتووە و بەرکار و کردار پێشی کەوتوون. ئەگەر لە ڕێسا لانەدەین، ڕستەکە وا دەنوسرێ (ئەمن شەوێك لەهێکرا بیرم پڕژا).

هەروەها لەهەمان شیعردا دەڵێ

**خودای مەزن پێی بەخشیم بەهرەی گران**

---

[111]- سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، "بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا"، ل٨٦.

[112]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٢٥٥.

**لــە دەستم دا بــا بــەکۆڵدا دەم تـــاوان    ل١٤٥**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، دەبینین لادان لە ڕێسای زماندا هەیە. کە ئەویش پێشکەوتنی کردارە بۆ بەرکار. کردار لە ڕستەکەدا (پێی بەخشیم) پێشکەوتووە و (بەهرەی گران) بەرکارە دواکەوتووە. ئەگەر ڕستەکە بە تەواوی بنوسینەوە دەبێتە (خودای مەزن بەهرەی گرانی پێ بەخشیم).

لە شوێنێکی تری هەمان شیعردا دەڵێ

**پیرۆزت بێ پڕ بـە دڵ دەڵێ کۆســـار**

**گەر خوا حەزکا لەسەرتە تاجی ویقار    ل١٤٨**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، تەواو ڕستەکە لەڕوی ڕێسای ڕێزمانیەوە لایداوە. دەبوو ڕستەکە وا بنوسرێ (کۆسار پڕبە دڵ دەڵێ پیرۆزت بێ).

لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**دڵنیابە ستارگاکەم    ل٢٢٤**

لێرەدا کردار لە سەرەتای ڕستەوە هاتووە و کەوتۆتە پێش بکەر و بەرکار، ڕستەکە دەبوو بەم شێوەیە بنوسرێ (ستارگاکەم دڵنیابە).

هەروەرها لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**لێو عـەیان بێت خـۆشەویستـان**
**نــووکی قـەڵـەمـی چـاو تـیژم**
**بێ بەرییە لە درێشووکە قەڵەمی مار    ل٢٣٩**

ئەم ڕستەیە (نووکی قەڵەمی چاو تیژم بێ بەرییە لە درێشووکە قەڵەمی مار). لێرەدا کردار کەوتۆتە پێش بەرکار، دەبوو بەم شێوەیە بنوسرێ (نووکی قەڵەمی چاوتیژم لە درێشووکە قەڵەمی مار بێ بەرییە).

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**ڕامێنن لێم    ل٢٤٢**

که دەبوو بڵێ (لێم ڕامێنن)

یان دەڵێ

**وای فەرموو پێم     ل٢٤٢**

که دەبوو بڵێ (وای پێم فەرموو).

هەروەها لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**تا دوور بڕۆم ڕەنگی غەریبیم تۆخترە و**

**کۆڵی شانم قورسترە     ل٣٠٥**

ئەگەر بە پێی ڕێسای زمانەوانی بینوسین دەبێ بەم شێوەیە بنوسرێ (ڕەنگی غەریبیم تۆخترە تا دوور بڕۆم). کۆساری لەمە زیاتر پاشخستن و پێشخستنی ئەنجامداوە لە شیعرەکانیدا. کە هەمووی لادانە لە ڕێساکانی زمان بەڵام سیمای شیعرییەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە و لە هەمان کاتدا هۆکاری بەهێزتربوون و توند و تۆڵکردنی واتایە. چونکە پاشخستن و پێشخستن ڕەوانبێژی دەبەخشێ بە دەق ئەگەر لادانێکی هەڵە نەبێ.

**ب- کورتبڕی**

کورتبڕی لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەت لە شیعردا، پەیوەستە بە بەخشینی واتایەکی فراوان یان چەند ڕەهەندێ لە دەقێکی کورتدا. بەو شێوەیە دەبێ کە (( بە وشەی کەم واتای زۆر بگەیەندرێ، بەو مەرجەی هیچ کەموکوڕتییەك لە ئەدای قسەکانەوە نەبێ))[١١٣]. ئەم دیاردەیە بەو شێوەیە دەبێ، کە شاعیر دەربڕینێك بەکاربهێنێ کە واتایەك زیاتر لە خۆ بگرێ. واتا شاعیر بە وشەی کەم واتای زۆر دەرببڕێ. کە ئەمەش ((لە ئاستی پێکهاتەییدا بە لادان دادەنرێ، چونکە یاسای یەکسانی نێوان ئاخاوتن و ماناکەی پێشێل دەکات))[١١٤]. ئەم دیاردەیە لە ڕووی ڕەوانبێژییە بە دیاردەیەکی گرنگ دادەنرێ و ((پەیوەندییەکی بەتینی بە واتای گشتی

---

[١١٣]- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، "لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١١، ل ١٠٢.

[١١٤]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل٩٩.

دەقەوە هەیە. بۆیە هەر لە کۆنەوە لە لایەن شارەزایانی ڕەوانبێژی گرنگی زۆری پێدراوە و لە خانەی واتاناسی دا باسکراوە، لە ڕووی پەیوەندی بە چڕکردنەوەی دەلالەت و خەست کردنەوەی مانا و تەم و مژی خستنە ناو زمانی شیعری))[115]. بۆیە دەشێ بوترێ کە کورتبڕی ((بێ گوێدانە واتا دروست نابێ، لەبەر ئەوەش لە نێو زانستی ڕەوانبێژیدا لە بەشی واتاناسی دانراوە))[116].

کۆساری لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**منداڵەکان دڵ پڕ غوربەت**
**چاو پڕ گریان**
**ڕەنگ زەرد ڕەنگ زەرد**
**لە داپیرەیان ڕامابوون لا١٨٦**

لەم بەشەی شیعرەکەیدا، ڕستەکانی کورت کردۆتەوە و چەند وشەیەکی لێ سڕیوەتەوە. (منداڵەکان دڵ پڕ غوربەت) ئەگەر ڕستەکە بەتەواوی بنوسینەوە دەبێتە (منداڵەکان دڵیان لە غوربەت پڕبوو)، پاشان دەڵێ (چاو پڕ گریان) ڕستەکە بەتەواوەتی (چاویان لە فرمێسك و گریان پڕبوو) ئەم دوو ڕستەیە واتای کزۆڵی و خەمباری منداڵەکان لەخۆ دەگرێ، کە کۆساری لە دوو ڕستەدا کورتی کردنەوە. پاشان دەڵێ (ڕەنگ زەرد ڕەنگ زەرد) کە مەبەستی لە برسێتی و بێ نانی منداڵەکانە، کە ڕەنگ زەردی نیشانەی برسێتی و نەخواردنە.

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**نیشتیمانی مەڵبەندی ژان و لە خۆدان**

**سەبایە و کیمیا و قەنارە لا٢٠٩**

لێرەدا کۆساری نەهامەتی و مەزڵومییەتی کورد، کورت دەکاتەوە لە چەند وشەیەکدا. وەك (مەڵبەندی ژان و لە خۆدان) کە مەبەستی لە ئازار و

[115]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، لا٩٩.
[116]- هێمن عومەرخۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا٢٦١.

ئەشکەنجەدانە. هەروەها (لە خۆدان) مەبەستی لە شیوەن و ڕۆڕۆی دایکانی جەرگ سوتاوە بۆ ڕۆڵە بە ناحەق کوژراوەکانیان. (سەبایە) مەبەستی لە بردنی کچان و ژنانی کورد وەکو سەبیەی شەڕ و پاشان بازرگانی کردن پێیانەوە. (کیمیا)ش مەبەستی لە کیمیابارانکردنی کوردانە، لە هەڵەبجە و بارزان و قەڵادزێ و چەند شوێنێکی دیکە. کە هەزاران کوردی تێدا بوونە قوربانی. (قەنارە)ش مەبەستی لەو پەتی سێدارەیەیە کە سەدان ڕۆڵەی ئەم میللەتەی پێ شەهید کرا. کۆساری سەرجەم ئەم مەبەستانەی لە چەند وشەیەکی کوردتدا دەربڕیوە.

# بەشی سێیەم
## شیعرییەتی ئاستی دەلالی

یەکێك لە بنچینە و بناغەکانی دەق بە گشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەت، ئەو دەلالەت و واتایەیە کە دەیبەخشێ. بۆ دەرخستنی ئەم پرۆسەیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە ناخی ناوەڕۆکی دەق ئەنجام بدەین. ئەوە ڕوونە کە هەر دەقێك لە زمانەوە دروست دەبێ، زمانیش لە کۆمەڵە دەنگ و وشەیەك پێك هاتووە. (کە هەریەکێ لەم دەنگ و وشانە دەلالەت و ڕەمز پێك دەهێنن)[117]. کەواتا دەلالەتی دەق، پەیوەستە بە ئاستی پێکهاتەیی و ڕیتمی، کە لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد. ((چونکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی دەق، بە ناچاری زۆر جار بەرەو واتاکەشی دەکشێ. هەر وەك کەرەستەکانی شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوەش دەبنە کەرەستەی بونیادی دەلالی دەق))[118]. کەواتا دەتوانین بڵێین کە هەموو دەقێك دەلالەتی هەیە، بەڵام جیاوازی دەقی ئەدەبی و شیعری ئەو ((هێزە ئیحا بەخشەیە، کە وێنە و ڕەمز دێنێتە کایەوە و لێکدانەوەی قووڵی واتایی لە خۆیدا هەڵدەگرێ))[119]. بەهێزی ئاستی دەلالی شاعیر لێرەدا دەردەکەوێ، کە تا چەند دەتوانێ لە شیعرەکانیدا وێنە و ڕەمز دروست بکات. چونکە هەتا ئەم دروستکردنەی زیاتر بێ، زمانە شیعرییەکەی لە ئاستی زمانی ئاسایی بەرزتر دەبێ.

لەم بەشەدا باس لەم ئاستە دەکەین لە شیعرەکانی کۆساری دا. سەرەتا باس لە دروستکردنی وێنە لە شیعرەکانیدا دەکەین و ئەو جۆرانە ڕوون دەکەینەوە کە ئەو لە شیعرەکانیدا دروستی کردوون. پاشان باس لە بەکارهێنانی ڕەمز دەکەین لە شیعرەکانی و جۆرەکانی دەخەینە ڕوو.

[117]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا. "شیعرییەتی دەق"، ل١٠٤.

[118]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆك کوردی"، ل٢٧٣.

[119]- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣.

## تەوەری یەکەم: وێنەی شیعری

### باسی یەکەم: چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری

یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی شعیر بریتییە لە وێنەی شیعری. کە ((دەبێتە مایەی ڕازاندنەوە و بە پێزی و یەکگرتنی ڕەگەزەکانی تری شیعر))[١٢٠] و شیعرییەتی ئاستی دەلالی دەبەخشێ بە دەقەکە. ((وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا (image) ی پێ دەوترێ، کە وشەیەکی ئینگلیزییە))[١٢١]. ئەم وشەیەش لە بنچینەدا (( وشەی (imagination)ە کە ئەویش لە وشەی (imaginoto)ی لاتینی وەرگیراوە. بەرامبەرەکەی لە یۆنانیدا (pnantasia)یە و ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی (fancy)لێ وەرگیراوە))[١٢٢]. ئەم وشەیە (fancy) بە واتای خەیاڵ دێ. کاتێك باس لە وێنەی شیعری دەکەین، یەکێك لە بنەما گرنگەکانی بریتییە لە خەیاڵ. چونکە ((خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لە دروستکردنی وێنەی هونەری بەشدارییەکی فراوان دەکات))[١٢٣]. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە وێنەی هونەری بە بێ خەیاڵ هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نابێ و ڕووت دەبێ لە چێژی شیعری و دەبێتە وێنەیەکی سادەی زمانی سادە و ناتوانین لە زمانێکی شیعری پڕ لە ئەندێشە جیای بکەینەوە. هەر بۆیە دەربارەی وێنەی شیعری وتراوە، ((ئەو هێزە جادووییە پێکهاتوەیە، کە تەنها خەیاڵ دەتوانێ دروستی بکات. ئەوە هێزێکە کە شاعیرەکان خاوەنین و تەنها لە کاتی شیعرەکانیاندا بۆیان دێ))[١٢٤]. کەواتا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە وێنەی شیعری گرنگییەکی زۆر و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە شیعردا. بۆیە بە بنەمایەکی سەرەکی شیعر دادەنرێ.

---

[١٢٠]- هاوژین سلێوە، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا"، لا١٩.

[١٢١]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ - ١٩٩١)"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣، لا٢٥.

[١٢٢]- هەمان سەرچاوە، لا٢٦.

[١٢٣]- هاوژین سلێوە، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا"، لا١٩.

[١٢٤]- أرشيبالد مكليش، "الشعر والتجربة"، ترجمة: سلمى الخضراء الجيوسي، دار اليقظة العربية، بيروت، ١٩٦٣، لا٥٤.

**باسی دووەم: پێناسەی وێنەی شیعری**

بەهۆی گرنگی وێنەی شیعری و بوونی بە بنەمایەکی سەرەکی شیعر. بە چەند جۆرێك پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە ((وێنەی شیعری ئەو مانایە دەدات، کاتێك کۆپلە شیعری شاعیرێك دەخوێنیتەوە، وا هەست دەکەی وێنەیەکی زۆر جوان و بە پێزت بۆ کێشراوە))[١٢٥]. واتا شاعیر دەتوانێ لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە وێنەی هونەری واقعیت بۆ بکێشێ و بیهێنیتە پێش چاوت. سی دی لویس دەڵێ ((وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا نیگارێکە، کە پێکهاتووی وشەیە. ئەوەی کە وێنەی شیعری دروست دەکات وەسف و خوازە و لێکچواندنە))[١٢٦]. ئیرزا پاوەند (Ezra Pound) بە شێوازێکی دیکە پێناسەی دەکات و دەڵێ ((ڕواڵەتێکی تێکەڵکراوی سۆز و هۆشە لە ساتێك لە ساتەکانی ژیاندا. کە کۆمەڵە فکرەیەك یەکدەخات))[١٢٧]. هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە کە ((وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، شاعیر دەوروژێنێ بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیانیدا))[١٢٨]. (محمد غنێمی هیلال) بەم شێوازە باس لە وێنە دەکات و دەڵێ ((وێنە هۆکاری هونەری جەوهەرییە بۆ گواستنەوەی ئەزموون و وێنە، لە هەردوو واتای (بەشی و گشتی)دا. ئەزموونی شیعریش بە تێکڕا وێنەیەکی گەورەی هەمەلایەنە و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە وێنەی هونەری))[١٢٩]. لەم پێناسانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە وێنەی شیعری تێکەڵەکردنی هەست و سۆز و جۆش و خرۆشی دەروونی شاعیرە، بۆ دیاردەیەك یان ڕووداوێکی واقعی یان خەیاڵی، کە وەك وێنەیەکی هونەری و نیگارێکی جوان دەینەخشێنێ.

---

[١٢٥]- علي علي مصطفى صبح،" من الأدب الحديث في ضوء المذاهب الأدبية والنقدية"، مطبعة منيمة الحديثة، رياض، ط١، ١٩٨١، ل٤٨.

[١٢٦]- سی دی لويس، "الصورة الشعرية"، ترجمة: احمد نصيف الجنابي و مالك ميرى و سلما حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، الكويت ١٩٨٢، ل٢١.

[١٢٧]- رينية ويليك و اوستن وارين، "نظرية الأدب"، ترجمة: عادل سلامة، دار المريخ للنشر، الرياض، ١٩٩٢، ل٢٥٥.

[١٢٨]- حسين الحاج حسن، "أدب العرب في العصر الجاهلية"، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ط٣، ١٩٩٧، ل٧٦.

[١٢٩]- محمد غنيمى هلال، "النقد الأدبي الحديث"، دار نهضة مصر للطبعاعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧، ل٤١٧.

**سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لای شاعیران**

بە شێوەیەکی گشتی سێ سەرچاوە هەیە، کە شاعیر هەڵهێنجانی وێنەی شیعری لێ دەکات ئەوانەش:

١- بینینە تایبەتییەکان و ئەزموونە کەسییەکانی شاعیر.
٢- گواستنەوە لە ڕێگەی بیستن یان خوێندنەوە، شاعیر لەم حاڵەتەدا سوود لە ئەزموونی کەسانی تر وەردەگرێ.
٣- توانای شاعیر لە دروستکردنەوەی وێنە کۆنەکان و گونجان لە نێوانیاندا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێی داهێنراوی لێ دروست بکات[١٣٠].

**باسی سێیەم: وێنەی شیعری لە شیعرەکانی کۆساری دا**

کۆساری لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا، توانایەکی لێهاتووی هەبووە. ئەو خاوەن ئەندێشەیەکی فراوان بووە. لەگەڵ کەمی تەمەنی شیعری ئەم شاعیرە، بەڵام خاوەن بیر و تێڕوانینێکی قووڵ بووە و کەسێکی چاوکراوە بووە. کە ئەمانەش لە دروستکردنی وێنەی سەرەنجڕاکێش و پڕ واتا لە شیعرەکانیدا یارمەتیدەری بوونە. هەروەها بارودۆخی نەتەوەیی و سیاسی و ئایینی ئەو کاتی ناوچەکە وای خواستووە کە شاعیر دۆزەکانی ئەو سەردەمە بە جوانترین وێنە باس بکات و بە زمانێك قسە بکات کە سەرەنجڕاکێش بێ لەلای گوێگرانی.

بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم شاعیرە هیچ گرنگییەکی نەداوە بە شیعری دڵداری و جوانی ئافرەت و ئەو بابەتانە. بۆیە وێنە دروستکردنەکانی لە سنورێکی دیاریکراودا دەبینرێن. لێرەدا ئاماژە بەو جۆرە وێنانە دەکەین، کە کۆساری لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون. سەرەتا باس لە وێنەکانی ڕەوانبێژی کۆن دەکەین، کە خۆی لە (لێکچواندن و خواستن و درکە) دەبینێتەوە. پاشان بە تەوەرەیەکی سەربەخۆ، باس لە وێنەی ڕەوانبێژی نوێ دەکەین کە بریتییە لە (وێنەی ڕەمزی).

---

١٣٠- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل٩٦.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری

### باسی یەکەم: جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز

#### یەکەم: وێنەی لێکچواندن

یەکێکە لە جۆرەکانی ڕەوانبێژی کۆن کە ((مرۆڤ لە کۆنەوە بەکاری هێناوە و لەگەڵیدا بەردەوام بووە هەتا ئێستا وەك وەسیلەیەکی ڕوونکردنەوەی نزیکخەر و ئاسانکەری زانیارییەکان))[١٣١]. لێکچواندن دەرخستنی لە یەك نزیکی دوو شتە لە سیفەتێکدا. قەزوینی بەم شێوازە پێناسەی دەکات و دەڵێ ((لێکچواندن دەلالەتی بەشداری کردنی دوو شتە لە ڕووی واتاوە))[١٣٢].

یان دەکرێ زیاتر تێکەڵاوی وێنەی شیعری بکرێ و بوترێ ((بریتییە لە وەرگرتنی بەشێکی تر لە کەرەستەکان، بۆ بەهێزکردنی کەرستەی پێشوو. یان کەرەستەی بنەڕەتی و بابەتی باسەکە، پێویستی بە پاڵ پشتییەك هەیە بۆ بەهێزبوون و کاریگەربوونی. لە ئەنجامدا وشەی دیکەی بۆ دەخوازرێ))[١٣٣]. وێنەی لێکچواندن لە چوار بنەڕەت پێك دێ، کە ئەوانیش (لێچوو و لەوچووە) کە ئەمانە پێویستە هەمیشە هەبن لە ڕستەی لێکچواندندا. دوانەکەی تریش هەمیشەیی نین ئەوانیش (ڕووی لێکچوون و ئەوزار)ە. ئەرکی لێکچواندن لە ڕستەدا ئەوەیە کە ((ئیستاتیکا بە دەقی شیعری دەبەخشێ))[١٣٤].

کۆساری لە چاو ژمارەی شیعرەکانی بە ڕێژەیەکی باش ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، زیاد لە ١١٠ جار لێکچواندنی بەکارهێناوە بە سەرجەم جۆرەکانی.

---

[١٣١]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل٢٢٨.

[١٣٢]- القزويني، "الإيضاح في علوم البلاغة"، ل٢٠٣.

[١٣٣]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل ٢٨١.

[١٣٤]- هاوژین سڵێوە، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا"، ل٩٢.

**جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتە نا سەرەکییەکان**

هەردوو بنەڕەتی (لێچوو و لەوچوو) پێویستە هەمیشە لە ڕستەی لێکچواندندا هەبن. بەڵام دوو بنەڕەتەکەی تر بە بوون یان نەبوونیان چەند جۆرێك دروست دەکەن کە ئەمانەن:

١- لێکچواندنی ڕەها (تەشبیهی موڕسەل). لێکچواندنی بەڕەڵڵاشی[١٣٥] پێدەوترێ. ئەمە ئەوەیە کە ئەوزاری تێدا هاتبێ.

٢- لێکچواندنی جەختاو (تەشبیهی موئەکەد) ئەمە ئەوەیە کە ئەوزاری تێدا لابرابێ.

٣- لێکچواندنی درێژە (تەشبیهی موفەصصەل) ئەمە ئەوەیە کە ڕووی لێکچواندنی تێدا هاتبێ.

٤- لێکچواندنی پوختە (تەشبیهی موجمەل) ئەمە ئەوەیە کە ڕووی لێکچواندنی تێدا نەهاتبێ[١٣٦].

ئەم جۆرانەی باسمان کرد، ڕستەی لێکچواندن بە شێوەیەکی گشتی دەکەنە چوار جۆرەوە کە ئەمانەن:

١- لێکچواندنی ڕەهای درێژە (تەشبیهی موڕسەلی موفەصصەل) یان (تەشبیهی تام).

٢- لێکچواندنی ڕەهای پوختە (تەشبیهی موڕسەلی موجمەل).

٣- لێکچواندنی جەختاوی درێژە (تەشبیهی موئەککەدی موفەصصەل).

٤- لێکچواندنی جەختاوی پوختە (تەشبیهی موئەککەدی موجمەل) یان (تەشبیهی بەلیغ).[١٣٧]

گرنگترین جۆری لێکچواندن و بەهێزترینیان لە ئاستی شیعرییەت. بریتییە لە لێکچواندنی جەختاوی پوختە کە پێی دەوترێ (لێکچواندنی ڕەوان). ((لەم جۆرەدا تەنها لێچوو و لەوچوو دەوترێ وبەس! واتا ڕووی

---

[١٣٥]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە١، ل٣٤.
[١٣٦]- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، "لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، ل١٢١.
[١٣٧]- هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

لێکچون و ئەوزار باس ناکرێ))[١٣٨]. لە عەرەبیدا پێی دەوترێ (التشبیە البلیغ).

بەهۆی ئەوەی ئاستی شیعرییەت لە جۆری (لێکچواندنی جەختاوی پوختە)دا بەرزە، تەنها ئاماژە بەو جۆرە لێکچواندنە دەکەین لە شیعرەکانی کۆساری.

لە شیعری (هۆنەر و پەپوولە) دا دەڵێ

**لە منی <u>دڵ شەو</u> مەوەستێ دوور**

**ژیکەڵە لا ١٦١**

دڵی چواندووە بە شەو لە تاریکیدا. کە تەنها دوو بنەما بنەڕەتییەکە (لێچوو و لەوچوو)ی بەکارهێناوە.

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**من مۆم و**

**ئەتۆش دەزوولە لا ٢٧٤**

سەرەتا خۆی چواندووە بە مۆم، و بەرامبەرەکەشی چواندووە بە دەزوولە. واتا دوو لێکچواندنی بەکارهێناوە، کە لە هیچیاندا نە ئەوزار و نە ڕووی لێکچواندنی بەکارنەهێناوە.

هەروەها لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**بارانی من خۆڵ بارانە**

**بەهاری من مردن و گەڵا ڕێزانە ... ! لا٣٠٣**

سەرەتا بارانی چواندووە بە خۆڵ باران، و پاشان بەهاری چواندووە بە گەڵاڕێزان. کە بە هەمان شێوە ئەوزار و ڕووی لێکچواندنی بەکار نەهێناوە.

---

[١٣٨]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە١،لا٣٧.

**لێکچواندن بە بەکارهێنانی یای دانە پاڵ (یاء الإضافة)**

ئەم جۆرە لێکچواندنە جۆرێکی ((لێکچواندنی جەختاوی پوختەیە، کە لەوچوو دەدرێتە پاڵ لێچوو))[139].بە بەکارهێنانی ئامرازی(ی) دانەپاڵ. کۆساری لە چەند شیعرێکیدا ئەم جۆرەی بەکارهێناوە. بەکارهێنانی ئەم جۆرە هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەت لە شیعردا.

لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید ) دا دەڵێ

**بـەڵێ لـە ئامێزی بــەزەیی خــودا**

**وەدەر کەوتم ڕەشماڵی ژینم هەڵدا       ل١٤٥**

ژینی چواندووە بە ڕەشماڵ بە بەکارهێنانی ئامرازی (یای دانەپاڵ). هەروەها تەنها دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن لە ڕستەکەدا هەن.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**لــە دەریای مێردەزمەی خــەوێ**

**دەنگێك نەرمەی گوێچکەی گرتم       ل١٨٣**

خەوی چواندووە بە دەریای مێردەزمە. بە بەکارهێنانی ئامرزای (ی)، لەوچووی داوەتە پاڵ لێچوو.

هەروەها لە شیعری (سۆزی وڵات)دا دەڵێ

**لە پێناوی گۆشتەزوونەی کەوڵی وڵاتی لاشەکەی**

**لە یەکێك لە سەنگەرەکان**

**بە شەهیدی لێی دەکەوێ!       ل٢٢١**

(لاشە)ی چواندووە بە (وڵات)، لە ڕێی بەکارهێنانی (یای) دانەپاڵ.

---

[139]- السيد احمد الهاشمي، "جواهر البلاغة"، ل٢٤٦.

**جۆرەکانی لێکچواندن بە پێی (هەستی و ژیری) بەرجەسەیی و مەعنەوی**

جیادەکرێنەوە بەم شێوەیە:

**١- لێچوو و لەوچوو هەستی بن**

بەو شێوەیە دەبێ کە هەردوو بنەڕەت (لێچوو و لەوچوو) هەستی (بەرجەستە) بن. واتا هەستەوەرەکانی مرۆڤ درکی پێ بکەن. ((شتی هەستی ئەوەیە کە کە بەر فەرمانی هەستێك یان پتر بکەوێ. هەستەکانیش ئەمانەن ١- بینین. ٢- بیستن. ٣- بۆن کردن. ٤- تام کردن. ٥- لێك خشاندن))[١٤٠]

لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی) دا دەڵێ

**هەزارەهای وەکو نەمروود**

**لــە گیانــەڵا بــڕوا دێنــن** **ل١٣٢**

لێچوو/ هەزارەها

لەوچوو/ نەمروود

ئەوزار (ئامراز)/ وەکو

ڕووی لێکچوون/ بڕوا هێنان.

لەم دێڕەدا هەر چوار بنەڕەتەکە باس کراوە و لێچوو و لەوچووش هەستین.

هەروەها لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) دا دەڵێ

**دڵم پڕ بــوو گەرووم گیراو چاو مــەیـن**

**ئەسرین وەك زەنگۆڵ بەسەر ڕووم ڕاخزین** **ل١٤٧**

لێچوو/ ئەسرین

---

١٤٠- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە١، ل٣٩.

لەوچوو/ زەنگۆڵ

ئەوزار/ وەك

ڕووی لێکچوون/ ڕاخزین

لەم دێڕەشدا لێچوو لەوچوو دوو شتی هەستین.

**٢- لێچوو هەستی و لەوچوو ژیری بێ**

بەو شێوەیە دەبێ کە (لێچوو) هەستی بێ و بە یەکێ لە هەستەوەرەکانی مرۆڤ درکی پێ بکرێ، بەڵام (لەوچوو) ژیری (مەعنەوی) بێ. کە بریتییە ((لەو زاهیرە نەفسیانەی کە ناکەونە چەنبەری دەسەڵاتی هەستەکانەوە))[١٤١].

کۆساری لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**دەنگێ دەبیەم**
**دەنگی بێ ڕەنگ**
**لە سێ یەکی شەوە زەنگێ**
**وەکو هەستی باڵی شمقار لا ١٨١**

لێچوو/ دەنگ

لەوچوو/ هەستی باڵی شمقار

ئەوزار/ وەکو

ڕووی لێکچواندن/ بیستن.

لەم چەند دێڕە شیعرەدا کۆساری باس لە بیستنی دەنگێك دەکات و چواندوێتی بە هەستی باڵی شمقار ((کە باڵندەیەکی گۆشت خۆری ڕاوکەری چوست و چالاکە))[١٤٢]. مەبەستی لەوەیە چۆن هەستی باڵی ئەم باڵندەیە بەهێزە و هەمیشە بەجووڵە. ئەو دەنگەش بەهێز و وریاکەرەوەیە.

[١٤١]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە ١، لا ٤٠.
[١٤٢]- شێخ محمدی خاڵ، "فەرهەنگی خاڵ"، لا ٢٩١.

هەروەها لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**دەبێت ئەمڕۆ**
**هیچ پەپوولەیەکی جوان و خاڵدار**
**باڵەکانی وەك دڵی من**
**هەڵقرچابێ ..؟!        ل٣١٢**

لێچوو/ باڵەکانی پەپوولە

لەوچوو/ دڵی من

ئەوزار/ وەك

ڕووی لێکچواندن/ هەڵقرچابێ

کۆساری باڵەکانی پەپوولە دەچوێنێ بە دڵی خۆی، دیارە کە مەبەستی لە دڵی ژیرییە.

**٣- لێچوو ژیری و لەوچوو هەستی بێ**

بەو شێوەیە دەبێ کە (لێچوو) ژیری بێ و بە هەستەوەرەکان درکی پێ نەکرێ. بەڵام (لەوچوو) هەستی بێ و بە یەکێ لە هەستەوەرەکان درکی پێ بکرێ.

کۆساری لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**لەئاوێنەی دڵی گشت کوردێکی نەبەرد**

**ڕوون ڕوون دیارە**

**وەکو بنی کارێزی ڕوون     ل٢٠٦**

لێچوو/ ئاوێنەی دڵ

لەوچوو/ بنی کارێز

ئەوزار/ وەکو

ڕووی لێکچواندن/ ڕوون ڕوون دیاره

لێرەدا وشەی (ئاوێنەی دڵ)ی بەکارهێناوە. هەردوو وشە بە سەربەخۆیی هەستیین، بەڵام بە لێکدراوی دەبێتە وشەیەکی ژیری. وەکو لێچوویەك چواندویەتی بە بنی کارێز کە هەستییە.

هەروەها لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**ئەی تەرمی هەڵەبجەی شەهید**
**شێوەی نوستوو**
**لە ئامێزی چیای نووەر**
**لەسەر گابەردێکی شەهید**
**لێی دەخەوێ       ل٢٢٣-٢٢٤**

لێچوو/ تەرمی هەڵەبجە

لەوچوو/ نوستوو

ئەوزار/ شێوە

ڕووی لێکچواندن/ لێی دەخەوێ

لێرەدا کۆساری (تەرمی هەڵەبجەی شەهید)ی چواندووە بە کەسێکی نوستوو. کە تەرمی هەڵەبجە شتێکی ژیرییە، بەڵام کەسی نوستوو هەستییە.

هەروەها لە شیعری (دونیا) دا دەڵێ

**وەك کۆمەڵەی خۆرێ لە سوڕانە زەینم**

**دابەش و کۆی دوو ژیانە سەین و بەینم      ل٣٢٢**

لێرەدا جیاواز لەوانی، تر لێچوو کەوتۆتە کۆتاییە و سەرەتا بە ئەوزار دەستی پێکردووە، کە ئەمەش ئاساییە.

لێچوو/ زەینم

لەوچوو/ کۆمەڵەی خۆر

ئەوزار/ وەك

ڕووی لێکچواندن/ سوڕان

لێچوو ژیرییە کە بریتییە لە زەین و هۆش، بەڵام لەوچوو کە کۆمەڵەی خۆرە و هەستییە.

**٤- لێچوو و لەوچوو هەردوکیان ژیری بن**

ئەمەش بەو شێوەیە دەبێ، کە هەردوو بنەڕەتە سەرەکییەکە (لێچوو و لەوچوو) ژیری بن و بە هەستەوەرەکانی مرۆڤ درکیان پێ نەکرێ.

کۆساری لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**تا شاعیر خەیاڵی ڕەنگاو ڕەنگی شەپۆلاویی**

**وەك باڵای کەوانەی ڕەنگین**

**لەسەر ئەم باغە هەڵداوە لا٣٠٤**

لێچوو/ خەیاڵی ڕەنگاو ڕەنگی شەپۆلاویی

لەوچوو/ باڵای کەوانەی ڕەنگین

ئەوزار/ وەك

ڕووی لێکچوواندن/ هەڵدان

وەك دەبینین هەردوو بنەڕەت لێچوو (خەیاڵی ڕەنگا و ڕەنگ) و لەوچوو (باڵای کەوانە) دوو شتی ژیریین.

**دووەم: وێنەی خواستن**

یەکێکی تر لە هونەرەکانی وێنەی ڕەوانبێژی کۆن وێنەی (خواستن)ە. کە ئەویش ((لقێکە لە خوازەی زمانی))[١٤٣]. خواستن بەم شێوەیە پێناسە کراوە ((کە بتەوێ باس لە شتێك بکەی و بیچوێنی بە شتێکی تر. لە بری

[١٤٣]- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، لا٢٣٧.

بەکارهێنانی لێکچواندن ڕاستەوخۆ وشە لەوچووەکە بەکاربهێنی. بۆنموونە: لەبری ئەوەی بڵێی پیاوێکم بینی وەك شێر بوو. دەڵێی شێرێکم بینی))[١٤٤].

یان بەم شێوازە پێناسە کراوە ((بەکارهێنانی وشەیەکە لە شوێنێکی جیاواز لە شوێنی بنەڕەتی خۆی و لەگەڵ بوونی نیشانەیەك، کە ئەوە دەردەخات مەبەست لەم وشەیە واتا ڕاستەقینەکە نییە))[١٤٥]. کەواتا خواستن بەکارهێنانی وشەیەکە بە واتایەکی تازە و نوێ وە نەك بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی. جگە لەمانەش خواستن ((لە بونیادی دروست بوونی وێنەی شیعریدا بەشدارە، چونکە لە لێکچواندن نزیك دەبێتەوە. بە شێوەیەك لە لێکچواندنیش چڕتر خۆی نیشان دەدات، بەو پێیەی بەشێك لە بنەماکانی لێکچواندنی تێدا لادەبرێ و بەشێکیشی تێدا دەمێنێتەوە))[١٤٦].

هەریەك لە خواستن و لێکچواندن (هەردوکیان ئەرکیان دەرخستنی شتێکە بەڵام هەریەکە جۆرە ڕێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. هەردوکیان لە سەر پەیوەندی چواندن و وێکچوونی شتەکان دادەمەزرێن. بەڵام لە خواستندا هەردوو بنەما تێکەڵ دەبن و تەنیا یەك بنەما دەردەکەوێ. ئەویش بەزۆری (لێ خواستراوە)، ئەو کاتانەی (بۆ خواستراو) دەردەکەوێ، دەبێ پەیوەستێك لە لێ خواستراوەوە وەربگرێ)[١٤٧]. خواستن سێ بنەڕەتی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش (لێ خواستراو) کە شتە تازەکەیە. (بۆ خواستراو) کە ئەو شتەیە خواستنەکەمان بۆ ئەنجام داوە. نیشانەی خواستن، ئەو بەڵگەیەیە بە هۆیەوە دوو شتەکە دەبەسترێتەوە. کۆساری لە سەرجەم شیعرەکانیدا بە نزیکەیی (٨٩) جار وێنەی خواستنی بەکارهێناوە.

## جۆرەکانی خواستن بە بەرچاوگرتنی دوو لایەنەکانی خواستن

دوو جۆر خواستن هەیە، بە بەرچاو گرتنی دوو بنەڕەتەکەی خواستن کە (لێ خواستراو و بۆ خواستراوە)ە، ئەوانیش بریتین لە (ئاشکرا و درکاو).

---

[١٤٤]- أبو بکر عبدالقاهر بن عبدالرحمن بن محمد الجرجاني، "دلائل الإعجاز"، دار الکتاب العربي، بیروت، ط١، ١٩٩٥، ل٦٧.

[١٤٥]- السیداحمد الهاشمي، "جواهر البلاغة"، ل١٨٤.

[١٤٦]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٢٨٨.

[١٤٧]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل٢٣٨.

١- **خواستنی ئاشكرا**

بەو شێوەیە دەبێ كە لە دوو بنەڕەتە سەرەكییەكەی لێكچواندن تەنها (لەوچوو) ما بێتەوە[١٤٨]. واتا ((ڕاستەو ڕاست و بە ئاشكرایی ناوی (لەوچوو) وەرگیرابێ و بۆ دەربڕینی مەبەست خواسترابێ))[١٤٩] كۆساری لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**دڵنیابە ئەی خاكەكەم**
**سەر هەڵبڕە ئەشكت بسڕە**
**بەرگی پرسە لەبەر بدڕە**
**هەوری ڕەشی ناهومێدیی لەسەر ڕوخساری خۆر ببڕە**
**بێچوە هەڵۆی (شێخ سەعید) و**
**(سەلاحەددین)**
**چاوی گەشیان لەژێر لاباڵی**
**دەرناوە     ل٢٢٤-٢٢٦**

لێرەدا شاعیر بە ئاشكرا بێچوە هەڵۆی داناوە، لە بری لاوی خاك یان گەنجانی نیشتیمان. وەك دەبینین تەنها لەوچووی بەكار هێناوە. ئەم دیاردەیە لادانە لە زمانی شیعریدا و بە جۆرێكی كورتبڕی دادەنرێ. كە سەرئەنجام سیمایەكی شیعرییەتی جوان دەبەخشێ بە دەقەكە.

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**خۆشم دەوێ ی**
**خۆشەویستیت**
**وەكو هەر حەوت هەڵۆیەكەی**
**(قەڵاتووكان)**
**خاتر جەمم بەرە و مەرگ باڵا دەگرێ ...!     ل٢٧٥-٢٧٦**

شاعیر هەڵۆی داناوە لە بری شۆڕشگێر و بە شێوازێكی وا وەسفیان دەكات، كە هەڵۆ ئاسا بێ ترس بەرەو مەرگ دەچن و دەفڕن. بە هەمان شێوە

---

[١٤٨]- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، "لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا"، ل١٩٥.
[١٤٩]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی دا"، بە١، ل٧٦ .

بنەڕەتی لەوچووی باسکردووە و بنەڕەتی لێچووی سڕیوەتەوە. کە ئەم خواستنە پێی دەوترێ خواستنی ئاشکرا.

هەروەها لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی) دا دەڵێ

**زاڵمی مسقۆف بار ناهێنێ**
**بە نەرمی شان داناهێنێ**
**مەگەر بەچکە شێری قورئان**
**مێشك و مۆخی بپڕژێنێ** **ل١٤٢-١٤٣**

شاعیر بەچکە شێری بەکارهێناوە وەك لەوچوو، بەڵام لێچووی سڕیوەتەوە کە بریتییە لە گەنجی دیندار و ئەهلی قورئان و شۆڕشگێڕ.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**کێ دەڵێ یەك ملیۆن و نیو**
**ئەستێرەی**
**ئاسمانی ئەفغان**
**بۆ کۆچی (جمیل الرحمن[*])**
**نەگریاون** **ل٢٥٩-٢٦٠**

لێرەدا کۆساری ئەستێرەی ئاسمانی بەکارهێناوە بۆ شەهیدانی ئەفغانستان وەك لەوچوو، بەڵام شەهیدان کە لێچوون سڕاوەتەوە. کە بۆ کۆچی ئەو سەرکردەیە گریاون و غەمبار بوون.

ئەمانە چەند نموونەیەکن لە بەکارهێنانی خواستنی ئاشکرا لەلایەن کۆساری. خواستن بە هەردوو جۆرەکەیەوە گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەق، چونکە کاریگەری دەبێ لەسەر ئاستی شیعرییەت لە زمانی شیعری و لە واتاسازی و پێکهاتەدا.

### ٢- خواستنی درکاو

[*] (جمیل الرحمن) زانایەکی ناسراو و دیاری وڵاتی ئەفغانستان بووە، کە لە ساڵی ١٩٩١ لە باجوری ئەفغانستان لەلایەن عەرەبێکەوە دەکوژرێ.

ئەم جۆرە خواستنە وا دەبێ ((کە (لەوچوو) فڕێ بدرێ، بەڵام پەیوەستێکی لێ وەربگیرێ و بدرێ بە لەوچوو. واتا لەم جۆرە خواستنە، تەنها (لێچوو) دەوترێ لەگەڵ پەیوەستێکی لەوچوو))[١٥٠] بە پێچەوانەی خواستنی ئاشکرا، بەو شێوەیە دەبێ کە بنەڕەتی (لەوچوو) باسکرابێ و (لێچوو) سڕابێتەوە.

کۆساری لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**دڵنیابە ئەی خاکەکەم**
**سەر هەڵبڕە ئەشکت بسڕە**
**بەرگی پرسە لەبەر بدڕە**
**هەوری ڕەشی ناهومێدیی لەسەر ڕوخساری خۆر ببڕە لا ٣٢٤-٣٢٥**

لەم بەشەی شیعرەکەدا دوو خواستنی درکاوی بەکارهێناوە، کە ئەوانەش (بەرگی پرسە) و (ڕوخساری خۆر)ە. پرسەی چواندووە بە مرۆڤ بەوەی کە بەرگی هەیە. هەروەها خۆریشی چواندووە بە مرۆڤ بەوەی کە ڕوخساری هەیە. بەڵام تەنها ئاماژەی بە (لێچوو) کردووە. ئەم جۆرە خواستنە سیمایەکی بەهێزی شیعرییەت پێك دەهێنێ، چونکە زۆر جار بە بەرجەستە کردن و بەکەسکردنی شتە بێ گیانەکان پێك دەهێنرێ.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**شەوە و زەویی**
**جل و بەرگی سەرەخۆشی**
**بە بەدەنی دا کردووە لا ٢٤٦**

لێرەدا شاعیر زەوی چواندووە بە مرۆڤێك کە پرسەی هەبێ و جل و بەرگی ڕەشی لەبەر کردبێ. بەڵام لەوچووی باس نەکردووە، کە ئەمەش خواستنی درکاو دروست دەکات. لە هەمان کاتدا بە بەکارهێنانی وێنەی بەکەسکردن ئەم خواستنەی دروست کردووە. ئەم جۆرە وێنەیە ئاستێکی

---

[١٥٠]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لی ئەدەبی کوردی دا"، بە١، لا٧٦.

قووڵی واتایی دەبەخشێ بە دەق، کە هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقی ئەو شیعرەی ئەم جۆرە خواستنەی تێدا بەکارهاتووە.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**زۆر تفەنگی ئەڵقە لە گوێ لەم شەوەدا**

**کڕنوشیان بۆ ترس دەبرد          ل١٩٢**

لەم دێڕەشدا کۆساری (تفەنگ)ی چواندووە بە مرۆڤێکی دەستەمۆ و کۆیلە، بۆیە بە (ئەڵقە لە گوێ) وەسفی دەکات. بەم وێنە دروست کردنە واتایەکی جوانی گەیاندووە.

**سێیەم: وێنەی درکەیی**

ئەمەش یەکێکی ترە لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان، کە هەر لە کۆنەوە گرنگی پێدراوە و شیعری پێڕازێنراوەتەوە. ئەم هونەرە بەو شێوەیە دەبێ کە ((ڕاستەو ڕاست ناوی شتێ نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێ. بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستەکە بچێ))[١٥١].

لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێ، کە درکە بریتییە لە باسکردنی شتێك بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ و بە شێوازێك کە بیسەر و خوێنەر بە بیرکردنەوە واتا ڕاستەقینەکەی بدۆزێتەوە. (عبدالقاهر الجرجانی) دەربارەی درکە دەڵێ ((ئەوەیە کە قسەکەر بیەوێ واتایەك لە واتاکان بگەێنێ، بەڵام بەو وێژەیە ئاماژەی پێنەدا کە لە زماندا بۆی دانراوە، بەڵکو وێژەیەك بەکاربهێنێ کە ئەو واتایە بگەێنێ))[١٥٢]. هەروەها عەلائەدین سەجادی دەڵێ ((وترا ئەگەر شتێك لە ئارادا نەبوو کە وشەکە ببرێ بە سەر گوزارە ڕەسەنی و نەژادییەکەدا ئەوە درکەیە))[١٥٣]. لەم پێناسانەوە ئەوە دەردەکەوێ، کە بەکارهێنانی درکە توانای شاعیر دەردەخات، لەوەی کە بتوانێ دوو دەربڕینی جیاواز کۆبکاتەوە کە یەك مانا بگەیەنن.

---

١٥١- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە١، ل٨٨.
١٥٢- الجرجاني، دلائل الإعجاز، ل٦٦.
١٥٣- عەلائەدین سەجادی، "خۆشخوانی"، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٨، ل٦١.

کۆساری بە نزیکەیی (١٥) جار وێنەی درکەیی لە شیعرەکانیدا دروستکردووە کە ئەمەش بەڕەچاوکردنی ژمارەی شیعرەکانی، ڕێژەیەکی باشە.

### بەشەکانی درکە

بە ڕەچاوکردنی ئەو واتایەی درکە دەیگەیەنێ، دابەش دەبێتە سەر سێ بەش.

١- درکە لە سیفەت (الکنایة عن الصفة)
٢- درکە لە وەسفکراو (الکنایة عن الموصوف)
٣- درکەی هاوگری (الکنایة عن النسبة)[١٥٤]

کۆساری هەر سێ شێوەکەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و وێنەی درکەییانی لێ دروست کردوون.

### ١- درکە لە سیفەت

بەو شێوەیە دەبێ کە (خاسە ویژێك یا پتر بهێنی، کە هەموویان پێکەوە بە تێکڕایی هەر خودی شتەکە بدرکێنن)[١٥٥]. بۆیە دەکرێ بڵێین ((واتای درکاو لەم جۆرەدا سیفەتە ... کە وەسفکراو باس دەکرێ و سیفەت دەشاردرێتەوە، هەرچەندە سیفەتەکە خۆی مەبەستە))[١٥٦].

کۆساری لە شیعری (گزنگی خێزان) دا دەڵێ

**ئـەی لێو بـە بزە و پێکەنین**

**ئەی چەپکە گوڵی یاسەمین    لا١٢٤**

لێرەدا درکە لە دێڕی (چەپکە گوڵی یاسەمین)ە، کە درکەیە بۆ سیفەتی (جوانی) چونکە چەپکە گوڵی یاسەمین ڕەنگێکی سپی و سیمایەکی زۆر جوانی هەیە، کە شێوەی نزیکە لە گوڵی نێرگزەوە. کۆساری بەم لێکچواندنە

---

[١٥٤]- السید أحمد الهاشمی، "جواهر البلاغة"، لا٣١١.
[١٥٥]- عەزیز گەردی، "ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا"، بە١، لا٩١.
[١٥٦]- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، "لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، لا٢١٠.

وێنەیەکی درکەیی دروست کردووە، کە لە هەمان کاتدا لە ڕووی واتاییەوە سیمای شیعرییەتی بەخشیوە بە دەقەکە.

هەروەها لە وەسفی قەڵەمی شیعرەکانیدا لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**نووکی قەڵەمی ناوبراو، سپی ڕەنگە**

**وەکو پەڕی سینەی پەڕاو لا ٢٤١**

درکە لە دێڕی (سپی ڕەنگە) دایە، کە درکەیە بۆ (پاك نووسی و ڕاست نووسی) چونکە ڕەنگی سپی واتای پاکی و بێ پەڵەیەیی هەڵدەگرێ. ئەم سیفەتە باس نەکراوە بەڵام لە ڕێی بەکارهێنانی سیفەتێکی ترەوە، گەیشتوینە بە سیفەتە مەبەستەکە.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**شەو درەنگە و**
**ئێستاکە مفتە خۆرەکان**
**سوڵتانە ورگ تێرەکان**
**لە دەریای خەوتن**
**خنکاون لا ٢٥٤**

درکە لە ڕستەی (لە دەریای خەوتن خنکاون)، کە دەبێتە درکە بۆ سیفەتی (خەوێکی قووڵ). هەر وەکو چۆن دەریا قووڵە. سیفەتی مرۆڤ وایە لە پاش تێربوون لەشی تەمبەڵ دەبێ و خەوی قورس دەبێ.

**٢- درکە لە وەسفکراو**

بەو شێوەیە دەبێ کە (سیفەتێك یان چەند سیفەتێك لە تەنها یەك شتدا هەبن. بەهۆی ئەم سیفەتەوە دەگەینە سیفەتە مەبەستەکە، کە ئەم سیفەتانەش دەبنە وەسف بۆ سیفەتە

مەبەستەکە)[157]. بۆیە پێی دەوترێ وەسفکراو.

کۆساری لە شیعری (نیگاری خودان) دا دەڵێ

**ئەی خودای تاك و بێ هاوتا خاوەنی بەرزی و ویقار**

**ئەی ماخۆی بڕست و توانا هۆی بەرقەراری ڕۆژگار     لا١١٥**

(ماخۆی بڕست و توانا ، هۆی بەرقەراری ڕۆژگار) درکەیە بۆ هێز و دەسەڵاتی خوای گەورە. کە بەرقەراری سیستەمی زەوی و گەردوون بەڵگەیە لەسەر توانا و دەسەڵاتی خودا. ئەم سیفەتانەش تەنها بۆ خودا بەکاردێ.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**شەوە و**
**هەموو تیۆرێك**
**چەنگی وەك ڕەنگی ڕەشی تۆیە**
**بەس سیستەمێکە زیندووە و**
**کافوور ڕەنگە و**
**لە ڕووحی ڕووناکی**
**بووە ...       لا٢٤٧**

لێرەدا درکە لە دێڕی (کافوور ڕەنگە و لە ڕووحی ڕوناکی بووە)، کە درکەیە بۆ سیستەم و نیزامی خوای گەورە. چونکە خوای گەورە ڕووناکی (نور)[158]ی ئاسمانەکان و زەوییە. بە کۆکردنەوەی چەند سیفەتێك گەیشتینە ئەو شتەی کە مەبەستێتی ئەویش (زیندوویەتی، ڕووحی ڕووناکی ، کافور ڕەنگ) ئەم سیفەتانە لە هەمان کاتدا دەبنە وەسف بۆ خاوەنی سیفەتەکان کە (خوای گەورە)یە.

---

[157]- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، "لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، لا٢١١.

[158]- خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ ((اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ...))(النور - ٣٥)

### ٣- درکە لە هاوگری

ئەم جۆرە درکەیەش هەر لە سیفەتدایە. بەو شێوەیە دەبێ کە ((ئەوەی مەبەستە باس دەکرێ و دەدرێتە پاڵ شتێك کە حەقیقەت و ئامانجەکەی تێدایە. بەو شێوەیەی کە کۆمەڵە سیفەتێ تایبەت بکرێ بە یەك مەوسوفێ))[١٥٩]. کۆساری لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**دڵنیابە ئەی خاکەکەم**

**سەر هەڵبڕە و ئەشکت بسڕە**

**بەرگی پرسە لەبەر بدڕە ل٢٢٤-٢٢٥**

وەك دەبینین کۆمەڵە سیفەتێکی بۆ خاکی کوردستان داناوە، کە (سەرهەڵبڕین و ئەشك سڕین و دڕینی بەرگی پرسەیە). کە ئەمە درکەیە بۆ هەستانەوە و شۆڕش. کۆساری بە بەکارهێنانی درکەی هاوگری ئەم واتایەی بەخشیوە.

هەروەها لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**ئەمن قەڵەمی قامکی لقی بەڕوێکم**

**دار بەڕوێکی زۆر بەتەمەن**

**تا بڵێی گەنج ل٢٣١**

لێرەدا وەسفی قەڵەمی شیعرەکەی دەکات، کە لە لقی دار بەڕویەکەوە دروست کراوە، (زۆر بەتەمەن، تابڵێی گەنج) درکە لەم دەقەدایە. کە مەبەستی لە دار بەڕوو ئاینی ئیسلامە. بۆیە وەسفی دەکات بە (بە تەمەن)ی، چونکە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ تەمەنێتی. هەروەها وەسفی دەکات بە (گەنج)ی، چونکە ئاینێکە هەمیشە لە نوێ بوونەوە و بەهێزبوندایە. دەبینین ڕاستەوخۆ سیفەتەکەی ئاماژە پێدا.

---

[١٥٩]- احمد مطلوب، "البلاغة والتطبيق"، ل٣٧٢.

## باسی دووەم: جۆرەکانی وێنە بەپێی ئاستی پێکهاتنیان

پێکهاتەی وێنە شیعرییەکان لە یەك ئاستدا نین. بەڵکو چۆنێتی پێکهاتن و دروست بونیان جیاوازە. بەوەی کە وێنەکە دەشێ بە تەنیا بێ یاخود ئاوێتە بێ و وێنەیەکی لێکدراوی لێ دروست ببێ. یاخود کۆمەڵە وێنەیەك چوونەتە پاڵ یەك و بە تێکڕا وێنەیەکیان دروست کردووە. بەم شێوەیە بە پێی ئاستی پێکهێنانی وێنەی شیعری، وێنەکان دابەش دەبنە سەر چەند جۆرێ[١٦٠]. کە بریتین لە:

### ١- وێنەی تاك

وێنەی سادەشی پێ دەوترێ، کە سادەترین جۆری وێنەیە شاعیر دروستی دەکات. کە تەنها لە یەك وێنە پێك دێ. ((بەڵام لە وێنەکانی تری ناو شیعرەکە دانەبڕاوە و پێکەوە یەکێتییەکی ئۆرگانی پێك دەهێنن))[١٦١]. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم جۆرە وێنەیە سادەیە، بەڵام لە دەقی شیعریدا ڕۆڵی خۆی هەیە. ((چونکە هەر ئەو تاکە وێنانەی کە دەچنە پاڵ یەك ئاوێتەی یەکتر دەبن و وێنەیەکی لێکدراو یان وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. یاخود لەگەڵ وێنە لێکدراوەکاندا یەکدەگرن و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن))[١٦٢]. کەواتا وێنەی تاك ئەگەر بە سادەیی لە دەقی شیعریدا بێ، ڕۆڵی خۆی هەیە و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە پێکهێنەری وێنەی لێکدراو و وێنەی گشتی. وێنەی تاك بە چەند شێوازێك دروست دەبێ، لێرەدا ئاماژە بەو شێوازانە دەکەین کە کۆساری لە شیعرەکانی دا بەکاری هێناون.

#### أ- بەرجەستەکردن

جەستە وشەیەکە بۆ گیانلەبەران بەکاردێ، کە قاڵبێکیان هەیە و خوێنی پێدا تێپەڕدەبێ. بەرجەستەکردن بەرامبەرەکەی (تجسید)ی عەرەبییە، کە لە وشەی (جسد)ەوە هاتووە واتا (لاشە). بەرجەستەکردن بریتییە لە ((پێشکەشکردنی واتا لە جەستەی دوو شتدا، یان گواستنەوەی

---

[١٦٠]- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل١٢٧.
[١٦١]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١٠٤.
[١٦٢]- هاوژین سلێوە، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا"، ل٨١.

مانایە لە ئاستی چەمکیەوە بۆ مادەی هەستی))[١٦٣]. کەواتا ئەم پرۆسەیە بەو شێوەیە دەبێ کە شتێکی بێ گیان و وێنەی جەستەیەکی گیانداری بۆ دروست بکەی. ئەو جەستەیەش بەو شێوەیە دەبێ کە (شتە ژیرییەکان بە شێوەی هەستی دەربخەی. باشتر وایە تەنها بۆ گیانلەبەران بەکاربێ، واتا ئەو لەشانەی کە خوێنیان تیا دەسوڕێتەوە و گیانیان تێدایە)[١٦٤]. کۆساری لە شیعرەکانیدا گرنگی بەم جۆرە وێنە سادەیەی داوە و چەند جارێك دووبارەی کردۆتەوە.

لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**لە شەبەقی هەوەڵی شەو سەدایەك گوێی قوڵاغ کردم**

**چاوی ڕووحی دزیم لە خەو          لا١٨٢**

(ڕووح) شتێکی ژیرییە، بەڵام لێرەدا کۆساری ئەندامێکی جەستەی بۆ دروست دەکات کە (چاوە). چاویش ئەندامێکە لە هەموو گیانلەبەراندا هەیە.

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**هەزار مەخابن کوردستان**

**دەزانم کوێت موبتەلایە و کامە ئەندامەت زامدارە     لا٢٠٥**

شاعیر وێنەی جەستەیەکی بۆ کوردستان دروستکردووە، کە ئەندام موبتەلا و زامدارە. جەستەی گیانلەبەران ئەندامی هەیە و زامدار دەبێ.

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**تەکبیرێکە و**
**قوڕگی تفەنگ**
**دەنوسێنم**
**زراوی مردن دەتۆقێنم        لا٢٧١**

---

١٦٣- عبدالقادر الرباعي، "الصورة الفنية في شعر أبي تمام"، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، ط١، ١٩٩١، لا١٦٨.

١٦٤- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، لا١٣٥.

کۆساری بە دوو وێنە، جەستە دەبەخشێتە (تفەنگ) کە قورگی بۆ دادەنێ، قورگیش لە گیانلەبەراندا هەیە. هەروەها جەستە دەبەخشێتە (مردن) بەوەی زراوی بۆ دادەنێ، کە ئەندامێکە لە گیانلەبەران.

هەروەها لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**هەر وەکو (زەڵم) هەتا ئێستا دەم و لێوی پاراوە   ل٢٢٤**

لێرەدا ئەندامی (دەم و لێو) بۆ سەرچاوەی (زەڵم) دروست دەکات. کە مەبەستی لەوەیە ئاوی ئەو سەرچاوەیە وەکو خۆی بە سازگاری و پاکی ماوەتەوە و نەبڕاوە. کە ئەمەش وێنەی بەرجەستەکردنی شتێکی بێ گیانە.

**ب- بەتەنکردن**

ئەم وێنەیە بەو شێوەیە دەبێ، کە تەن و قەبارەیەك بۆ شتە ژیرییەکان دروست بکەی. ئاشکرایە کە شتە هەستییەکان قەبارەیەکیان هەیە. بەڵام شتە ژیرییەکان قەبارەیەکی هەستیان نییە وەك (خۆشەویستی، ڕەق، جوانی،...). دروستکردنی قەبارە بۆ ئەو شتانە پێی دەوترێ (بەتەنکردن) کە (التجسیم)ی بۆ بەکارهاتووە لە زمانی عەرەبیدا. کەواتا ((بەتەنکردن تەنیا بەخشینی شێوەی تەنییە بە شتە واتاییەکان))[١٦٥]. کۆساری ئەم وێنەیەی لە چەند شیعرێکدا دروست کردووە.

لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**من دانیشتبووم لە ژێر کەپری خەمێکی ڕەش   ل٣٠١**

شاعیر لەم دێڕەدا تەنێکی بۆ (خەم) دروست کردووە، کە شتێکی ژیرییە و بە قەبارەی (کەپرێك) وێنەکەی دروست کردووە. کە کەپر تەن و قەبارەی هەیە و بێ گیانە.

هەروەها لە شیعری (پاکانەی هۆنراوە) دا دەڵێ

**هۆنراوەکەم**

---

[١٦٥]- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل١٣٨.

**پاندانێکی بێ کڵاوە     ل١٦٨**

وەك دەبینین شاعیر تەنێکی بۆ (هۆنراوە) دروست کردووە. کە (پاندانە) و پاندانیش قەبارەی هەیە. ئەم وێنەیە لە ڕوی شێوازیشەوە وێنەی لێکچواندنە.

هەروەها لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**لەو پێچەی قوتاری بوو دڵی زیندووم**

**دڵی زیندووی نیوە مردووم**

**لە دەریای مێردەزمەی خەوێ     ل١٨٣**

لێرەدا کۆساری تەنی بۆ (خەو) دروست کردووە، کە شتێکی ژیرییە و قەبارەی (دەریا)ی پێ دەدات. کە ئەمەش وێنەیەکی بەتەنکردنە و قووڵی خەوەکە دەردەخات.

**ج- بەکەسکردن**

شێوازێکی تری دروستکردنی وێنەی تاك، بریتییە لە بەکەسکردنی شتە بێ گیانەکان. کە لە عەرەبیدا (التشخیص)ی بۆ بەکاردێ. لە پێناسەکەیدا هاتووە کە ((بەکەسکردن زاراوەیەکە، بەکاردێ بۆ بەرجەستە کردنی شتە ژیرییەکان. یاخود بەخشینی ژیان و سیفەتی مرۆڤایەتی بە شتە بێ گیانەکان))[١٦٦]. وەك لە پێناسەکەیدا هاتووە، دروستکردنی ئەم وێنەیە بەو شێوەیە دەبێ ئەو شتانەی پێناسەی کەسیان بە سەردا جێبەجێ نابێ، شاعیر لە ڕێی وێنە دروستکردنێکەوە مامەڵەی کەسیان لەگەڵدا دەکات و وای نیشان دەدات، کە ئەو شتە بێ گیانە و ژیرییە مرۆڤێکە. بۆیە ئەم وێنەیە لە هەمان کاتدا ((شێوەیەکە لە شێوەکانی خواستنی درکاو))[١٦٧]. کەواتا بە شێوازێکی گشتی ئەم وێنە دروستکردنە، بریتییە لە ((زیادکردنی ژیان بۆ شتە بێ گیانەکان و دیاردە سروشتییەکان و هەڵچوونە ژیرییەکان.

---

[١٦٦]- جابر عصفور، " الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي"، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٣ ١٩٩٢، ل٢٩٧.

[١٦٧]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل١٣٩.

ئەو ژیانە بە شێوەی ژیانی مرۆڤە، ئەو شتە بێ گیان و دیاردە سروشتیانە سیفاتی ئادەمیزاد وەردەگرن))[١٦٨]. کۆساری گرنگی بەم جۆرە وێنەیە داوە لە شیعرەکانیدا و لە چەند شوێنێك بە شێوازی وێنەی تاك و وێنەی لێکدراویش دروستی کردووە.

لە شیعری (سۆزی وڵات) دا دەڵێ

**یا چۆن خڕۆکەی ڕووسپی**
**لە سەنگەری برینەکان**
**لە پێناوی گۆشتە زوونەی کەوڵی وڵاتی لەشەکەی**
**لە یەکێك لە سەنگەرەکان**
**بە شەهیدی لێی دەکەوێ      ل ٢٢١**

کۆساری وێنەیەکی لێکدراوی زۆر جوان دروست دەکات، کە باس لە سیستەمی بەرگری لەش دەکات کە (خڕۆکە سپییەکان)ن. بەڵام بە وێنەیەکی لێکدراو ڕوونی دەکاتەوە. لە کۆتاییەکەیدا وێنەیەکی بەکەسکردنی سادە دروست دەکات ئەویش (شەهید) بوونی خڕۆکە سپییەکانە. شەهیدبوونیش سیفەتێکی مرۆڤە، بەڵام شاعیر بۆ خڕۆکەی سپیی بەکاری هێناوە.

لە هەمان شیعردا دەڵێ

**لە ئامێزی چیای نووەر**

**لەسەر گابەردێکی شەهید      ل ٢٢٤**

شاعیر دوو وێنەی تاکی دروست کردووە، کە سیفەتی مرۆڤی داوەتە دوو شتی بێ گیان. ئەوانیش (چیای نووەر) کە ئامێزی بۆ داناوە، ئامێزیش تایبەتە بە مرۆڤەوە. هەروەها سیفەتی (شەهید)ی داوەتە پاڵ (گابەرد) کە شتێکی بێ گیانە. لە هەمان کاتدا شەهیدبوون سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤەوە.

---

[١٦٨]- سید قطب، "التصویر الفني في القرآن"، دارالشروق، القاهرة، ط١٧ ٢٠٠٤، ل٧٢.

هەروەها لە شیعری (شۆڕشی کاکڵدار) دا دەڵێ

**هەر پێچێ شیعری منتان دی**

**لە سەرەمەرگم گریابوو** **ل١٧٩**

(گریان) سیفەتی مرۆڤە، بەڵام لەم وێنەیەدا کۆساری ئەم سیفەتە دەداتە پاڵ شیعرەکانی. کە شتێکی بێ گیانی ژیرییە و بە وێنەی کەسێك پیشانی دەدات.

کۆساری لە کۆتایی شیعری (پاکانەی هۆنراوە) دا، چەند وێنەیەکی بەکەسکرنی تاك دروست دەکات و دەیکاتە وێنەیەکی جوانی لێکدراو کە تێیدا دەڵێ

**عەربانە دارینەکەم دەستم دەگرێت بەرەو جەنجاڵی بازاڕێ**
**وەك برایەك دەستم دەخەمە سەرشانی**
**تا پەنا (مزگەوتی گەورە) ڕاناوەستێت**
**هەر لە هێکڕا**
**لە عانی سەرگەرمی کارێ**
**سەیر دەکەم دیسان هەمان هۆنراوەی جوان**
**هۆنراوەی ئاوارەی بێلان**
**ڕیش تۆزاوی**
**گەرو وشك و چاو پڕگریان**
**هێدی هێدی**
**سەری دەنێتە سەر سینگم**
**سرتەیەك دەکات لەبەر گوێی ڕاست و چەپم یەك دوو جارێ**
**هەر دەبینم دەستی ماندوو تەڕم دەسڕێت**
**بە خێرایی پەڕێك و قەڵەمێکی سەرکۆتی شینیان بەدەست دەگرێت**
**ل١٧٦-١٧٧**

کۆساری بە شێوازێکی زۆر سەرەنجڕاکێش، ئەم وێنە لێکدراوە دروست دەکات. کە بە شێوازێکی گشتی مەبەستی لەوەیە کە ئەو لە سەرگەرمەی کارکردنی لەسەر عەرەبانەکەی، هۆنراوەیەکی جوانی ستەم دیدە و

پڕناسۆری دێته مێشك و ئەویش قەڵەمەکەی دەگرێته دەست و لەسەر پەڕێکی سپی دەینوسێتەوە. بەڵام کۆساری بە شێوازێکی زۆر بە چێژ باسی دەکات. کە لەم چەند وێنە تاکە دروستی کردووە:

**(عەربانە دارینەکەم دەستم دەگرێ)** دەست گرتن سیفەتی مرۆڤە. بەڵام کۆساری ئەم سیفەتە دەداتە پاڵ عەرەبانە بێ گیانەکەی. لە هەمان کاتدا وێنەی درکەییشە، ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوان خۆی عەرەبانەکەی دەردەخات لەڕێی (دەست گرتنەوە).

**(وەك برایەك دەستم دەخەمە سەر شانی)** لێرەدا دوو وێنەی بەکەسکردنی دروست کردووە. ئەوانیش (برا) کە وای نیشان دەدات عەرەبانەکە برای بێ. هەروەها (دەست خستنە سەر شان) کە ئەم سیفەتەش تایبەتە بە مرۆڤەکانەوە. بەڵام شاعیر بۆ عەرەبانەکەی بەکاری هێناوە.

**(هۆنراوەی ئاوارەی بێلان، ڕیش تۆزاوی، گەرو وشك و چاو پڕ گریان، سەری دێنێتە سەر سینگم ...)** هەموو ئەم سیفەتانە سیفەتی مرۆڤن. لە ئاوارەیی و بێلانی و هەروەها ڕیش تۆزاوی .... ، بەڵام کۆساری ئەم سیفەتانە بۆ هۆنراوەکەی بەکاردەهێنێ و دەیکاتە وێنەی پیاوێکی دەربەدەری تۆزاوی ستەم دیدە. کە بەهۆی ناخۆشی و ماندوێتی و ناسۆرەوە گەرووی وشك بووە و چاوەکانی پڕبوونە لە گریان. ئەم پیاوە سەری دەهێنێتە سەر سینگی کۆساری و بە گوێیەکانیدا دەچرپێنێ. پاشان دەستەکانی دەسڕێ و پەڕە و قەڵەمی دەداتێ و ئەمیش دەست دەکاتە نوسینەوەی.

لەم وێنانەدا کۆساری دوو کەسی بۆمان دروست کرد وەك دوو هاوڕێی و هاودەردی خۆی. یەکەمیان عەرەبانەکەی بوو وەك برایەك ناساندی. دووەمیشیان هۆنراوەکەی بوو وەك پیاوێکی داماو و خۆشەویستی خۆی ناساندی.

### ٢- وێنەی لێکدراو

بەو شێوەیەیە کە شاعیر دوو وێنە یان زیاتر دروست بکات، بۆ گەیاندنی مەبەست و گوزارشتی خۆی. کە نەتوانێ بە وێنەیەکی تاك ئەو

مەبەست و گوزارشتە بگەیەنێ. ((کاتێ کە وێنەی تاك نەتوانێ مەبەستی داواکراو بێنێتە دی و بە تەواوەتی دەوری مانا بدات. شاعیر ڕوو دەکاتە ڕێکخستنی ژمارییەك لە وێنەی ساکار. بە دەزووی مانای شعوری یان پەیوەندی زمانی یان بیری بە یەکیان دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی لە کۆی گشتیان وێنەیەکی نوێی گەورەکراو بەدەست بێنێ))[١٦٩]. کۆساری هەندێ جار دەیەوێ مەبەستێکی فراوان بگەیەنێ، کە بە وێنەی تاك گوزارشتی لێناکرێ. بۆیە پشت دەبەستێ بە دروستکردنی وێنەی لێکدراو.

لە شیعری (گەر حەزتان کرد) دا دەڵێ

**گەر دەپرسن لە عیشقی هۆنراوەکانم**
**بڕۆن لەو مۆمانە بپرسن**
**کە لە جەژنی لە دایك بوونی شعرێکم**
**لە ئێوارە هەتا بەیان ئێشك دەگرن**
**بەرامبەر من دەگرییێن و**
**وەکو شیعر دەسوتێن ل٣١٧-٣١٨**

لەم شیعرەدا کۆساری پەنا دەباتە بەر دروستکردنی وێنەی لێکدراو. چونکە بە وێنەی تاك مەبەستەکەی ناگات. شاعیر بە دروستکردنی چەند وێنەیەکی تاك توانیوێتی وێنەیەکی لێکدراوی جوان دروست بکات. کە باس لەوە دەکات، ئەگەر دەتانەوێ لە عیشق و خۆشەویستی هۆنراوەکان بپرسن. بڕۆن لەو مۆمانە بپرسن کە لە (جەژنی لە دایك بوونی شعرێکم) مەبەستی کاتی نوسینەوەی شیعرێکی. (لە ئێوارە هەتا بەیان ئێشك دەگرن) وێنەکە بەو شێوەیە دروست دەکات، کە بە دیار ڕووناکی ئەو مۆمانە شیعرەکەی لە دایك دەبێ. هەروەها (بەرامبەر من دەگرییێن)، مەبەستی لە توانەوەی مۆمە، لە کاتی داگیرسانیدا وەکو فرمێسك دەتوێتەوە. ئەم وێنە دروستکردنەی کۆساری لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. چونکە ئەو دیاردە سروشتییەی مۆم لە کاتی داگیرسانیدا کە توانەوەی تك بە تکە، دەکاتە فرمێسکی عیشق و خۆشەویستی نێوان مۆم و هۆنراوەکانی.

---

[١٦٩]- ولید عبدالله حسین، " الصورة الفنیة فی شعر الرصافي"، رسالة ماجستیر، کلیة الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٥، ل٩٥.

لە کۆتایی شیعری (مانگ گیران) دا وێنەیەکی لێکدراوی جوانمان بۆ دروست دەکات و دەڵێ

**درەنگ یا زوو**
**خونچەیەکە و دەبێت بە گوڵ**
**هەر گوڵێکە و**
**دەبێت بە باخ**
**بەردێکە و دەبێت بە تاوێر**
**هەر تاوێرە و**
**دەبێت بە شاخ**
**چەوێکە و دەبێت بە خشتە**
**هەر خشتێکە و**
**دەبێت بە کوخ دەبێت بە کۆشك**
**دەبێت بە دیواری**
**وەتاخ* ل٢٦٤**

کۆساری بە سێ وێنەی تاك وێنەیەکی لێکدراوی جوانی دروست کردووە. کە دەیەوێ ئەوە بگەێنێ، سەرکەوتن بەسەر ستەمکارانی نەتەوەی کورد لە هەنگاوی سادەوە دەست پێ دەکات و شتە گەورەکان لە شتی بچووکەوە بەرهەم دێن. هەروەکو چۆن باخێکی گوڵ، لە گوڵێکەوە دروست دەبێ و گوڵێکیش لە خونچەوە دروست دەبێ. هەر وەکو شاخێك لە تاوێرەوە دروست دەبێ و تاوێریش لە بەردی بچوکەوە دروست دەبێ. یان چۆن کۆشکێك لە خشتێکەوە دروست دەرکرێ و خشتێکیش لە چەوەوە دروست دەکرێ.

### ٣- وێنەی گشتی

کۆکردنەوەی وێنە تاك و لێکدراوەکان لە دەقی شیعردا، وێنەی گشتی لێ بەرهەم دێ. وێنەی گشتی ((ئەو چوارچێوە گشتیەیە کە وێنە تاك و لێکدراوەکانی تێدا ڕێك دەخرێ. وێنە پاژەییەکان دەچنە پاڵ یەك و بە گشتیان ئەو وێنە گشتییە دەکێشن))[١٧٠]. کەواتا بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی

---

* دیوەخان

[١٧٠]- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل١٥٤.

گشتی شیعر، شاعیر پەنا دەباتە بەر دروستکردنی وێنەی گشتی. کە ئەویش بە کۆکردنەوەی وێنە تاك و لێکدراوەکان، لە تەوەرێکی شعوری و بیری دا، کە پێی دەوترێ یەکیەتی ئۆرگانی. ((کە یەکییەتی وێنەی شیعرەکانە، ئەم یەکییەتیەش بە یەکگرتنی وێنە هونەرییەکان لە کاری شیعریدا دێتە دی و یەکیەتی و بە یەك بەستنەوەی بە دەست دێنێ))[171]. ئەم جۆرە وێنەیە بە چەند شێوازێك دروست دەکرێ. لەوانە (بنیاتی کۆپلەیی و بنیاتی پۆستەری و بیاتی بازنەیی و بنیاتی لولپێچی و بنیاتی چیرۆکی). کۆساری لە چەند شیعرێکیدا وێنەی گشتی بەکاردێنی، کە باس لە دوو شیعری دەکەین کە یەکێکیان (بنیاتی کۆپلەیی)یە و ئەوەی تریان (بنیاتی چیرۆکی)یە.

## أ- بنیاتی کۆپلەیی

ئەم جۆرە لە وێنەی گشتی ((لە چەند کۆپلەیەك پێك دێ کە هەر کۆپلەیەك لە چەند وێنەیەکی تاك و لێکدراو پێکهاتووە. کۆپلەکان بەهۆی پەیوەندیەکی بەهێز یەکیان گرتووە و بەم یەکگرتنەش وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن))[172]. کۆساری ئەم وێنەیەی لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ)دا دروست دەکات. کە بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش باس لە قەڵەمەکەی دەکات کە شیعری پێ دەنوسێ. جیاواز لە قەڵەمەکانی تر، ئەوەی ئەم لە لقی دار بەڕویەکی تەمەن زۆری گەنجە، کە مەبەستی لە (ئیسلامە). لە شیعرەکەیدا دەڵێ

**ئەمن قەڵەمی قامکی لقی بەڕوێکم**
**دار بەڕوێکی زۆر بەتەمەن**
**تا بڵێی گەنج**
**تاکە بەڕوو**
**بەژن تاقە کەڵەگەت و**
**خەزان وەریو**
**بەڕوێکی لاخ و گەڵا کڕووزاو و پەل کوتراو و**
**ڕەگ داکوتراو**

---

[171]- ولید عبدالله حسین، "الصورة الفنیة فی شعر الرصافي"، لا١١٢.
[172]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، لا١٥٩.

**بەرۆیکی قەد ئەستوور و**
**قاپ بریندار         ل ۲۳۱-۲۳۲**
بەردەوام دەبێ لەم وێنە دروست کردنانە و دەڵێ
**بەس من نەبێ تاقانە بووم**
**بەتاك ڕووام**
**تەنها ژیام**
**دووره پەرێز**
**نزیك لە خوێنی سەربەرزی و**
**دوور لە قەد و غیرەت نزمی**
**دەنا هەموو دراوسێکانم**
**دار و درەختی جیرانم**
**بەر و گەڵا و پەلیان فرۆشت ...    ل ۲۳۲-۲۳۳**

کۆساری بۆ سەلماندنی پاکی و ڕاستگۆیی قەڵەمەکەی، باس لەو دار بەڕووە دەکات، کە قەڵەمی نوسینەکانی لێ دروست کراوە. کە چۆن ئەو دار بەڕووە بە تەنها ماوەتەوە لە نێوان هەموو دارەکانی دراوسێکانی، خۆی نەفرۆشتووە و بە جێگیری و نەگۆڕی ماوەتەوە. بەڵام دراوسێکانی خۆیان فرۆشت و ڕاستگۆییان لە دەست دا. کۆساری بە بەکارهێنانی ئەم کۆمەڵە کۆپلەیە لە وێنەی تاك و لێکدارو توانیوێتی وێنەیەکی گشتی دروست بکات.

**ب- بنیاتی چیرۆکی**

جۆرێکی ترە لە وێنەی گشتی، کە شاعیر چیرۆکێك دروست دەکات، یاخود چیرۆکێکی دروستکراو دەگێڕێتەوە. ئەم وێنەیە ((لەسەر بنچینەی گێڕانەوەی چیرۆکێك دروست دەبێ، کە ڕووداو و کەس و گێڕانەوە و دیالۆك دەگرێتە خۆ))[١٧٣]. کۆساری لە شیعری (پرسە) دا وێنەیەکی چیرۆکی لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك و لێکدراو دروست دەکات و دەڵێ

**دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی**
**لە پڕ ڕاوچییەکی دەنگ گڕی ددان گڕی ماسی گر**

---

[١٧٣]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل١٩٥

گوتی: ئەم شین و گریانە
ئەو هاوار و لەخۆدانەی
ئەم چەم و گوڵ و دارانە
بەرهەم و سەمەرەی پێرێی پەرلەمانی
ڕووباری ناو دارستانە ...!
گوتم: کامە؟
گوتی: لە ئینتیخاباتی پێشووی ناو ئەم چۆمە
لەناو ماسی یە سوورکە و پانکە و قوڕاوی یەکان
ناوی نوێنەران جاڕدراو
هەڵبژاردن بەرپا کرا
بەڵام هەی داخی گرانم
بە دەستکیسی (ئەختەبووت)ی سەرو چاوەی ژێر ئەم پردە
دیسانەوە
قرش و نەهەنگ و مار ماسی
لەسەر خوێنی زەبوونەکان
کرانەوە بەسەرکردە ...!      ل٣١٢-٣١٣

ئەم وێنە گشتییەی کۆساری دروستی کردووە. چیرۆکێکی خەیاڵیە کە خۆی دروستی کردووە. بەڵام گوزارشت لە واقعێك دەکات، کە کوردستان و زۆرێك لە وڵاتانی لەسەرە. وێنە چیرۆکیەکە وا دروست دەکات، کە گریان و شین دەبیستێ لە دارستان دا. بەڵام ڕاوچییەك پێی دەڵێ: هۆکاری ئەم گریان و لە خۆدانە بەرهەمی دەنگدانی پەرلەمانە، کە ماسییەکان پاڵێوران و دەنگدانێکی ئازاد ئەنجام درا. بەڵام بە خیانەتی ئەختەبوت (هەشت پێ)، جارێکی تر قرش و نەهەنگ و مار ماسی کرانەوە دەسەڵاتدار! خوێنی زەبونەکان بە فیڕۆ ڕۆیی و ستەم زاڵ بوو. شاعیر ئەم وێنە گشتییەی بە شێوازێکی جوان دروست کردووە و پەیامێکی ڕەخنە ئامێز دەگەیەنێ.

## تەوەری سێیەم: ڕەمـز

### باسی یەکەم: چەمك و زاراوەی ڕەمز

ڕەمز جۆرێکی وێنەیە، بەڵام تا ڕادەیەك سەربەخۆیی وەرگرتووە. بەوەی کە پانتاییەکی فراوانی لە شیعری نوێی کوردیدا هەیە و شاعیرانی نوێی کوردی گرنگییەکی زۆریان پێداوە. ((هەرچەندە ڕەمز لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی تازە نییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە))[١٧٤]. زاراوەی ڕەمز کە (Symbol)ی پێ دەوترێ، (لە بنەڕەتدا لە کرداری (Symballein)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (نیشانە ، دروشم ، ڕەمز ، ئاماژە) دێ)[١٧٥]. ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە (( sym بەواتای (لەگەڵ) و ballein بەواتای (بایەخپێدان و ڕێزلێنان) هاتووە))[١٧٦]. بەکارهێنانی ڕەمز مێژوویەکی کۆنی هەیە. مرۆڤ هەر لە کۆنەوە ڕەمزی بەکارهێناوە لە دەربڕینەکانیدا. ((سەرەتا وێنەکان ڕەمزی شتەکان بوون، پاشان وشەکان جێگەی وێنەکانیان گرتەوە))[١٧٧]. هەر بۆیە بۆتە جێگەی بایەخی زانایان و فەیلەسوفەکان. (ئەرستۆ) بە کۆنترین کەس دادەنرێ کە لە ئاستی زمان لە ڕەمز دوابێ[١٧٨].

### بە گشتی ڕەمز دوو چەمکی هەیە

١- هێنانەوەی شتێك لە بری شتێکی تر، یان ئیحا کردن بۆ شتێکی تر.

٢- کارلێکردنی نێوان دوو شتە، یەکێکیان ئاشکرا و دیارە و ئەوەی تریان نادیارە[١٧٩].

---

١٧٤- پەخشان عەلی ئەحمەد، "شێوازی شیعری گۆران"، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢١٥.

١٧٥- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١١٦.

١٧٦- محمد فتوح احمد، "الرمز والرمزية في الشعر المعاصر"، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٧، ل٣٤.

١٧٧- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١١٦.

١٧٨- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل١٢٣.

١٧٩- نصرت عبدالرحمن، "في النقد الحديث"، مكتبة الأقصى، عمان، ط١، ١٩٧٩، ل١٥٠.

## باسی دووەم: پێناسەی ڕەمز

لە پێناسەی ڕەمز هاتووە، کە بریتییە لە ((ئاماژەکردن بە وشەیەك کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری بگەیەنێ و بۆ واتایەکی نادیار بەکاربهێنرێ. کە لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر ئەو واتایە جیاوازە. خوێنەرانیش بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی دەربڕینیان لە تێگەیشتن و درکپێکردنی مەوداکەی جیاوازن. هەندێکیان لایەنێکی دەبینن و هەندێکی تریان لایەنێکی تری. یاخود واتاکەی ڕوون دەبێتەوە و کەسی ڕۆشنبیر بە ئاسانی لێی تێ دەگات))[١٨٠]. لەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕەمز بە شتێك ئاماژە بۆ شتێکی نادیار و نا ڕوون دەکات. کە ئەمەش وا دەکات، درککردن و تێگەیشتن لێی بە پێی ئاستی کەسەکان جیاوازبێ و دەبێتە هۆی بەخشینی واتایەکی قووڵتر و چێژێکی زیاتر بەو شیعرەی کە ڕەمزی تێدا بەکارهێنراوە.

لەبەر ئەمەشە کە شاعیرانی نوێ زیاتر گرنگیان پێ داوە. هەر بۆیە (روز غریب) دەربارەی ڕەمز دەڵێ ((هەموو شیعرێك یان دەربڕینێکی خاوەن بیرێکی قووڵی دوو واتایی یان نهێنی ئامارژە، دەچێتە خانەی ڕەمزەوە))[١٨١]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جەوهەری ڕەمز ئەوەیە کە وشەیەك یان شتێك بەکاربهێنی بۆ مەبەستێك یان شتێکی تری نادیار. کە خوێنەر یان بیسەر بەهۆی ڕەمزەکەوە دەگات بە شتە نادیارەکە. هەروەها ((ڕەمز گەنجینەیەکی پڕ لە مانا و واتای جۆراو جۆرە، چونکە ڕەمز لە کرۆکیەوە سروشتدارە و تەنها بە وێنەکێشانی شتە مادییەکان ناوەستێ. بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ گواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی هەیە و لە دوای ئەوەی کە هەست وەری دەگرێ))[١٨٢]. ئەم بەخشینی ژیان و وێنە واتادارە بە شتە مادی و وشە مردووەکان، بەها و گرنگی ڕەمزمان بۆ دەردەخات، لە بەهێزکردنی شیعر و بەکارهێنانی لە لایەن شاعیرانەوە.

---

[١٨٠]- جبور عبدالنور، "المعجم الأدبي"، دار العلم للملايين، بيروت، ط٢، ١٩٨٤، ل١٢٤.

[١٨١]- روز غريب، "تمهيد في النقد الحديث"، دار المكشوف، بيروت، ط٢ ١٩٧١، ل٢٢٩.

[١٨٢]- سەردار ئەحمەد حەسەن، "بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"، ل٢٥٨.

### هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز

بەکارهێنانی ڕەمز چەند هۆکارێکی هەیە کە گرنگترینیان بریتیتن لە:

١- مەبەستی ئیستاتیکی: هونەرمەند بە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی بەرز و ئاستێکی ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانا و ئەفراندنەکانی، پەنا بۆ ڕەمز دەبات.

٢- مەبەستی سیاسی: هونەرمەند زۆر جار بە هۆی مەبەستی سیاسی و ترسی لە دەسەڵات، لە بەرهەمەکانیدا ڕەمز بەکاردەهێنێ. بە مەبەستی گوزارشتکردن لە بیروڕای خۆی و خۆپاراستن لە ستەمی دەسەڵاتداران.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: هەندێ جار هونەرمەند بەهۆی ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناتوانێ بە ئاشکرا هەندێ شت دەرببڕێ، بۆیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز[١٨٣].

### باسی سێیەم: جۆرەکانی ڕەمز

ڕەمز جۆری زۆرە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەدین، ئەو ڕەمزانەیە کە کۆساری لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێداوە، کە بریتیین لە.

١- ڕەمزی کەسی
٢- ڕەمزی گشتی
٣- ڕەمزی ئایینی
٤- ڕەمزی مێژوویی
٥- ڕەمزی کەلەپووری

### جۆرەکانی ڕەمز لە شیعرەکانی کۆساری دا

کۆساری لە سەرجەم شیعرەکانیدا زیاتر لە (٩٨) وێنەی ڕەمزی بەکارهێناوە، کە دابەش دەبنە سەر هەریەك لە جۆرەکانی ڕەمزی کەسی و گشتی و ئایینی و مێژوویی و کەلەپوری.

---

[١٨٣]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١١٨.

## ١- ڕەمزی کەسی

ئەم جۆرە ڕەمزە، (ڕەمزی داهێنراو)یشی پێ دەوترێ. چونکە شاعیر خۆی دروستی دەکات، کە ئەویش دەکەوێتە سەر ئەزموون و چاوکراوەیی شاعیر و ئاستی ڕۆشنبیری. ڕەمزی کەسی ((بەرهەمی خودی نووسەرەکەیە و لە ئەنجامی ئەزموونی نووسین، یان بینینی کەسیی بۆ دەوروبەرو واقیع دێتە کایەوە))[١٨٤]. ئەم جۆرە ڕەمزە ((ڕەمزی زیندوون چونکە شاعیر خۆی دروستیان دەکات و گیانیان بە بەردا دەکات))[١٨٥]. کەواتا ڕەمزی کەسی تایبەتە بە خودی شاعیر و کەسی تر لە پێش ئەوەوە بەکاری نەهێناوە.

کۆساری ئەم جۆرە ڕەمزەی لە چەند شوێنێکی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە

لە شیعری (شۆڕشی کاکڵدار) دا دەڵێ

**هەر کاتێك لە پێش جەماوەر**

**مێزەری یەك مەلام بینی**

**لە برینی شەتەك درابوو     ل١٧٨**

(مێزەری لە برینی شەتەك دراو) ڕەمزێکە، کە کۆساری خۆی دروستی کردووە و مەبەستی لە (ماموستا ئەحمەد سینەمۆکی*)[١٨٦] یە. کە مامۆستایەکی ئاینی بووە و لە چوارقوڕنە کوژراوە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێ

**هەر لەو ڕۆژەی**

**یەك ڕێی سپیم**

**لەناو سەت خەتی ڕەش ناسی     ل٢٩٤**

---

[١٨٤]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، ل٣٠٩.

[١٨٥]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١٢٤.

* مامۆستایەکی ئاینی و زانایەکی دیاری ئەو کاتەی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی (سینەمۆکە)ی بناری قەندیل لەدایك بووە. ساڵی ١٩٩٣ لە چوارقوڕنە تیرۆر کراوە.

[١٨٦]- پەڕاوێزی دیوانی بورکانی شیعر، ل١٧٨

ڕێی سپی ڕەمزێکە کە کۆساری خۆی دروستی کردووە، کە مەبەستی لە ڕێگای ئیسلامە. لەبەر پاك و باشی ئیسلامیش بە سپی ئیشارەتی بۆ کردووە. جگە لەوەی ئەم دێڕە لە هەمان کاتدا وێنەیەکی درکەیی تێدایە.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**ئەوسا سەد و چوار وڵات و**

**یەك گڵ**

**سێوەکی پێنج پارچە و یەك چڵ      ل٢٥٠**

کۆساری ڕەمزێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات. ئەویش (سێوێکی پێنج پارچە)یە، کە مەبەست لێی (کوردستان)ی گەورەیە، کە کراوەتە پێج پارچەوە.

**٢- ڕەمزی گشتی**

بەو جۆرە ڕەمزە دەوترێ کە ((لەناو زۆربەی میللەتانی دونیا بۆ یەك واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و شاعیریش وەریان دەگرێ و لە شیعرەکانیدا بەکاریان دەهێنێ))[١٨٧]. بۆ نموونە (کۆتری سپی) لە لای سەرجەم مرۆڤایەتی بە ڕەمزی ئاشتی ناسراوە. یاخود ڕێوی ڕەمزە بۆ فێڵبازی. شاعیر هەوڵ دەدات ئەم جۆرە ڕەمزانە لە نێو شیعرەکانیدا جێ بکاتەوە. تا واتایەکی فراوان ببەخشێ بە دەقی شیعرەکەی. ئەم جۆرە ڕەمزە (( بە ڕەمزی مردووش ناو دەبرێ، چونکە هیچ زیندوییەکیان تێدا بەدی ناکرێ))[١٨٨].

کۆساری لەچەند شیعرێکیدا ڕەمزی گشتی بەکارهێناوە، لەوانە:

لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**گشت ئەنگوستێك**

---

[١٨٧]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١٢٥.
[١٨٨]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، ل١٢٥.

**وەك مانگی چواردە دەست نییە     ل٢٣٥**

(مانگی چواردە) ڕەمزە بۆ جوانی لای زۆربەی نەتەوەكان. چونكە لەو كاتەدا مانگ بە تەواوەتی لە زەوییەوە دەردەكەوێ و سیمایەكی جوان بە ئاسمانی تاریك دەبەخشێ. ئەگەر تەماشای ئەدەبیاتی عەرەبیش بكەین دەبینین ئەم ڕەمزە زۆر بەكارهێنراوە، كە وشەی (بدر)ی بۆ بەكارهاتووە.

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**نووكی قەڵەمی چاوتیژم**
**بێ بەرییە لە درێشووكە قەڵەمی مار**
**لە نووكی دانی خەمگرۆ و**
**بەناو نووكی دەنووكی كۆتری سپی ئاشتی هێنەر     ل٢٣٩**

كۆتری سپی ڕەمزە بۆ ئاشتی لای سەرجەم گەلان. هەر بۆیە كۆساری خۆشی لە شیعرەكەدا ئاماژەی پێ دەدات.

هەروەها لە شیعری (پرسە) دا دەڵێ

**بارانی من خۆڵبارانە**

**بەهاری من مردن و گەڵاڕێزانە     ل٣٠٣**

گەڵاڕێزان ڕەمزە بۆ وەرزی پایز، لای زۆربەی نەتەوەكانیش پایز و گەڵاڕێزان، ڕەمزە بۆ كۆتایی هاتنی شتێك. كۆساریش ئەم ڕەمزەی لەم شیعرەدا بەكارهێناوە كە باسەكەی پرسە و ماتەمینیە.

**٣- ڕەمزی ئایینی**

یەكێك لەو سەرچاوە گرنگانەی كە شاعیر ڕەمزی لێ دروست دەكات ئایینە. چونكە ((ڕەمزی ئاینی بە ئاڕاستەیەكدا دەڕوات، كە مرۆڤ حەقیقەت و خودی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە))[١٨٩]. جگە لەمەش ڕەمزی ئایینی ((لە نێو چوارچێوەی مێژوودا خۆی دەبینێتەوە، چونكە هەموو ئایینەكان لە

---

[١٨٩]- عاطف جودة نصر،" الرمز الشعري عند الصوفية"، دار الأندلس للطبع والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٧٨، ل٣٣.

(ڕابردوو)ەوە سەرچاوە دەگرن. بۆیە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئاسۆی بەردەم ڕەمزەکان ڕوونتر دەکاتەوە))[١٩٠].

ڕەمزی ئایینی بە پلەی یەکەم لە ئایینە ئاسمانییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. بە تایبەتیش ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیان لەگەڵدا بووە. وەك (قورئانی پیرۆز و ئینجیل و تەوارت). چونکە زۆرجار ئەو باسانەی لەو کتێبانەدا نوسراونەتەوە شاعیر وەك ڕەمزێك بەکاری دەهێنێ و ((دەلالەتی تازەیان پێ دەبەخشێ))[١٩١]. هەندێ جاریش ئەو کەسایەتییانەی کە لە دەرەوەی ئەو کتێبانە باسکراون، هەر دەبنە ڕەمزی ئایینی. وەك ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکان. چونکە ئێمەی موسوڵمان ئەو کەسایەتیانەمان بە هۆی ئایینەوە ناسیووە.

کۆساری بەهۆی ئەوەی شاعیرێکی دیندار بووە. بە شێوازێکی فراوان ڕەمزی ئاینی بەکارهێناوە. ئەو ڕەمزانەشی بەکارهێناوە کە لە قورئان و فەرموودەکان و ژیاننامەی هاوەڵەکان هاتووە.

کۆساری لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) دا و لەوەسفی مامۆستا و هاوڕێکەی دەڵێ

**(موسعەب)ێك بووی لە بوێژە و لە گوفتار**
**(خەباب)ێك بووی لە ئاقار ئێش و ئازار**
**(خالد)ێك بووی تێکدەری قەڵای زۆردار**
**خاوەن بەڵێن بووی لەگەڵ پەروەردگار**

کۆساری لەم دوو دێڕەدا، سێ ڕەمزی ئایینی بەکاردەهێنێ. کە سێ هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ)ن. (موسعەبی کوڕی عومەیر) هاوەڵێکی پێغەمبەر بووە کە ناسراو بووە بە ((زمان پاراوی و وتە شیرینی. هەر کات بتبینیایە خۆشت دەویست و هەرکات گوێت لە وتەکانی ببوایە دڵتی کەمەندکێش دەکرد))[١٩٢]. ئەم کەسایەتییە وەکو ڕەمزێکی لێهاتووە لەم لایەنەوە. بۆیە

---

[١٩٠]- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، "شیعرییەتی دەق"، ل١٢٤.
[١٩١]- هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.
[١٩٢]- محمود شلبي، "حياة مصعب بن عمير"، دار الجيل، بيروت، ط٢، ١٩٩٦، ل١٢.

یەکەم کەس دەبێ کە پێغەمبەر(د.خ) دەینێرێ بۆ مەدینە بۆ بانگەوازی ئایینی ئیسلام.

هەروەها (خەبابی کوڕی ئەرت)یش، یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە بەهۆی موسوڵمان بوون و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەوە، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر درا لە لایەن بێباوەڕەکانی قورەیشەوە[193].

(خالدی کوڕی وەلید)یش سەرکردەیەکی لێهاتوو و جەنگاوەرێکی بێ وێنەی ئیسلام بوو، بە شێوەیەك کە پێغەمبەری خوا(د.خ) وەسفی دەکات بە (شمێرێك لە شمشێرەکانی خوا)[194]. بۆیە خالید بۆتە ڕەمزێکی ئیسلام لە ئازایەتی و تێکۆشان.

هەروەها لە شیعری (پاکانەی هۆنراوە) دا و لە وەسفی هۆنراوەکەیدا دەڵێ

**زرمەی نارنجۆکی شیعری گەرووی (حەسسان)**
**لە مەکۆی هەڵوێستدا کوڕ بێ**
**شوانێکی وەکو (موسی)بێ و**
**لەسەر تەختی (موفاوەزات) لەڕاست (فیرعەون)**
**ملکەچ نەکا و ڕۆحی زل بێت     لا ١٧٢-١٧٤**

کۆساری لەم بەشەی شیعرەکەیدا چەند ڕەمزێکی ئایینی بەکاردەهێنێ، سەرەتا ئاماژە بە (حەسسانی کوڕی ثابت) دەکات، کە شاعیری پێغەمبەر (د.خ) بووە و بە بەهێزی شیعر و بەرگری لە پێغەمبەر بە شیعر ناسراو بووە[195]. لەم لایەنەوە وەکو ڕەمزێکی ئایینی ئیسلامە.

پاشان باس لە (موسا) پێغەمبەر و (فیرعەون) دەکات و ئاماژە بە شوانێتی ئەو پێغەمبەرە دەکات، کە سەرەتا چەند ساڵێك شوان بووە. پاشان

[193]- صفي الرحمن المباركفوري، "الرحيق المختوم"، دار السلام للنشر والتوزيع، الرياض. لا ٧٤.
[194]- صادق ابراهيم عرجون، "خالد بن الوليد"، الدرا السعودية للنشر و التوزيع، ط٣، ١٩٨١، لا٦٠.
[195]- عزالدين أبي الحسن علي بن محمد (ابن الأثير)، "أسد الغابة في معرفة الصحابة"، دار ابن حزم، بيروت، ط١، ٢٠١٢، لا٢٦٩.

دیدارێك لەگەڵ فیرعەون ساز دەكات. سەرجەم ئەم ڕووداوانە لە قورئاندا تۆمار كراون[١٩٦].

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**مانگی قوتابی ی**
**قوتابخانەی خۆر**
**تووشی هەورێكی تیر بووە**
**لە نۆسەد و بیست تا ئێستا**
**دەست بەسەر و**
**لە مزگەوتانی (ضرار)**
**گۆشەگیر بووە..          ل٢٥٢-٢٥٣**

كۆساری لێرەدا ئاماژە بە مزگەوتی (ضرار) دەدات. كە ئەو مزگەوتە بوو دووڕووەكانی مەدینە دروستیان كرد. ئەو مزگەوتە بۆیە ڕەمزێك بۆ كاری چەپەڵی دوو ڕووەكان. خوای گەورەش لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە[١٩٧]. جگە لەمەش ئامازە بە ڕەمزێكی مێژوویی دەدات كە ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی یە، كە ئەویش بە وشەی (نۆسەد و بیست) كە مەبەستی لە ساڵێ (١٩٢٠)ە كە لەو ساڵانەدا، دەوڵەتی عوسمانی كۆتایی پێ هات.

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**لە ناو حەفتاو سێ دروشم و لافیتە و ناو**
**بەس پەڕاوی پاراوی تۆم          ل٢٧٢**

---

[١٩٦]- كاتێ موسا (د.خ) دەچێتە شاری مەدیەن، چەند ساڵێك شوانێتی بۆ پێغەمبەر (شوعەیب) دەكات،. خوای گەورە دەفەرموێ ((**قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنْكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِنْدِكَ ...**)) (القصص-٢٧)، پاشان كە دەگەڕێتەوە بۆ میسر، دەچێ بۆلای فیرعەون و بانگەوازی دەكات بۆ خواپەرستی. خوای گەورە دەفەرموێ ((**وَقَالَ مُوسَى يَافِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِي**)) (الأعراف-١٠٤).

[١٩٧]- خوای گەورە دەفەرموێ ((**وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِنْ قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ**)) (التوبة- ١٠٧).

کۆساری لێرەدا ژمارە (٧٣)ی وەکو ڕەمزێك بەکارهێناوە، بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ)، کە ئاماژە بەوە دەکات ئوممەتی ئیسلامی دەبێتە حەفتا و سێ بەش[١٩٨].

**٤- ڕەمزی مێژوویی**

مێژوو بە گرنگترین سەرچاوە دادەنرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕەمز، ((چونکە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە))[١٩٩]. ئەم خۆ دووبارە کردنەوەیەش، وا دەکات شاعیر ڕەمزی مێژوویی بە شێوازێکی فراوان بەکاربهێنێ، بۆ بەستنەوەی واقعی سەردەمی بەو واقعە مێژووییە. بۆیە ((زیندوو ڕاگرتنی مێژوو ڕۆح بە بەرداکردنی دەقە لە چەقبەستوویی ئێستایی دا. گەڕانەوەیە بۆ دۆزینەوەی کەش وهەوایەك، کە ئیحا و کاریگەری لە دەقدا هەستی پێ دەکرێ))[٢٠٠]. بەشێکی زۆری ڕەمزەکان دەچنە قاڵبی ڕەمزی مێژووییەوە. ئاین و کەلەپور و فۆلکلۆر و ئەفسانە. چونکە هەموو ئەمانە لە ڕابردوودا ڕویان داوە. ((لە هۆشی وەرگردا نیشانەیەك هەیە بۆ ناساندنەوەیان، واتا مەدلوولی ڕەمزەکە وەك ڕەمزی خودی دروستکراو نییە. بەڵکو گشتی ترە و ئەوەندە هەیە، دەشێ ڕەمزەکە جیا لە مەدلوولی یەکەمی، مەدلوولی تری لێ بفامرێتەوە. ئەمەش دەوەستێتە سەر توانای سازاندنی لە نێو پێکهاتەی دەقەکەدا)).[٢٠١] کۆساریش شان بە شانی شاعیرانی تر، بە شێوازێکی فراوان ئەم جۆرە ڕەمزەی بەکارهێناوە. لەبەر ئەوەی کۆساری مێژووی تایبەتی نەتەوەیی و مێژووی گشتی، کە بەلای سەرجەم نەتەوەکانەوە مێژووە بەکاری هێناوە. بۆیە پراکتیزەکردنەکەمان بۆ شیعرەکان دەکەینە دوو بەشەوە.

---

[١٩٨]- پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت **((وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين ملة تزيد عليهم واحدة كلها في النار إلا واحدة))**. "مسند الامام احمد بن حنبل"، مؤسسة قرطبة، القاهرة، ؟، بە٤، لا١٠٢.

[١٩٩]- ئاسۆ عومەر مستەفا، "بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران"، لا١٣١.

[٢٠٠]- هێمن عومەر خۆشناو، "شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی"، لا٣١٧.

[٢٠١]- هەمان سەرچاوە، لا٣١٧.

### أ- ڕەمزی مێژوویی نەتەوەیی

کۆساری بەهۆی ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی نەتەوەیین و زیاتر بایەخی بە دۆزی کورد و ستەمکاری چەوسێنەرەکانی داوە. بۆیە زۆرترین ڕەمزی نەتەوەیی بەکارهێناوە. کە سەرجەمی لە گەنجینەی مێژووی کوردەوە وەرگرتووە.

لە شیعری (سۆزی ولات) دا دەڵێ

**ئەی تەرمی هەڵەبجەی شەهید**
**شێوەی نوستوو**
**لە ئامێزی چیای نووەر**
**لەسەر گابەردێکی شەهید**
**لێی دەخەوێ لا٢٢٣-٢٢٤**

(هەڵەبجەی شەهید) ڕەمزێکی مێژوویی تایبەتە بە نەتەوەی کورد. وەسفکردنی شاری هەڵەبجە بە شەهید، ڕەمزە بۆ کیمیاباران کردنی لە لایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨ کە تێیدا زیاد لە (پێنج هەزار) کورد شەهید بوون.

لە هەمان شیعردا دەڵێ

**بێچوە هەڵۆی (شێخ سەعید) و**

**(سەلاحەددین)**

**چاوی گەشیان لە ژێر لاباڵی**

**دەرناوە لا٢٢٥-٢٢٦**

(شێخ سەعید) ڕەمزە بۆ (شێخ سەعیدی پیران)[٢٠٢] کە ڕابەرێك و شۆڕشگێڕێکی بەناوبانگی کورد بووە. کە شاعیر وەکو ڕەمزی شۆڕش و

[٢٠٢]- ناوی شێخ سەعید شێخ مەحمود شێخ عەلی یە و ساڵی ١٨٦٥ لە باکوری کوردستان لە پالۆ لەدایك بووە. شۆڕشی شێخ سەعید لە ١٩٢٥/٢/٨ لە دژی دەوڵەتی تورکی ئەوکات دەستی پێکرد. بەردەوام بوو تا ١٩٢٥/٦/٣٠ کە لە سێدارە دەدرێ. (سەرچاوە): عەلی کەندی، "ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە"، چاپخانەی وەرزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، چ٢، ٢٠٠٩، بە٢، لا٣٢٢-٣٢٣.

تێکۆشان بۆ نەتەوە بەکاری هێناوە. هەروەها (سەلاحەددین)[٢٠٣]یش، وەك ڕەمزێ بۆ ئازایەتی و تێکۆشان بەکاردەهێنێ. کە سەرکردەیەکی کورد بووە شاری (قودس)ی لە دەست خاچ پەرستەکان ڕزگارکرد.

هەروەها لە شیعری (مانگ گیران) دا دەڵێ

**زۆر ئەمیندار ئێستاکەش**

**هەر ئەمنی سوورن** لا٢٤٨

(ئەمنی سوور) مەبەست پێی، ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانییە. کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، چەندین هاوڵاتی کوردی تێدا زیندانی کراون و بە قورسترین شێوە ئەشکەنجە دراون. جاری وا هەبووە لە ژێر ئەشکەنجە شەهیدبوون. بۆیە ئەو شوێنە لە ئێستادا بۆتە ڕەمزێکی نەتەوەیی و مێژوویی بۆ زوڵم و ستەم لە گەلی کورد.

هەروەها لە شیعری (لێتان پرسیوین) دا دەڵێ

**بڕنەوەکەی شێخ مەحمود و**

**شمشێری سەلاحەددینین ...** **لا٢١٥-٢١٦**

شێخ مەحمودی حەفید کە بە (شێخ مەحمودی نەمر) ناو دەبرێ. یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی باشوری کوردستان، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ١٩١٩/٥/٢٥ شۆڕشی ئەنجام دا دژی ئینگلیزەکان[٢٠٤]، بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵی بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کوردی دا. کۆساری (بڕنەوەکەی شێخ مەحموود) وەك ڕەمزێك بۆ شۆڕش و کۆڵنەدان و بوێری بەکاردەهێنێ.

---

[٢٠٣]- ناوی یوسف ئەیوب شاذی بووە لە ماوەی ساڵەکانی (١١٣٧ – ١١٩٦ز)دا ژیاوە. یەکێك بووە لە گەورەترین و بەناوبانگترین پاشاکانی ئیسلام. (سەرچاوە): خیر الدین الزركلی ، "الأعلام"، دار العلم للملاین، بیروت، ط١٥، ٢٠٠٢، بە٨ لا ٢٢٠.

[٢٠٤]- هەمان سەرچاوە ، بە٢ لا ١٨٢.

### ب- ڕەمزی مێژوویی گشتی

کۆساری ئەو ڕەمزە مێژووییانەشی بەکارهێناوە. کە لای سەرجەم یان زۆربەی گەلان بە مێژوو تۆمارکراوە. بۆ نموونە لە شیعری (شەبەقی سەرفرازی) دا دەڵێ

**چۆم و زەریا بەخوڕ هێنن**
**گەر ویستی بێ ترس بێنن**
**شێوەی سێڵاوەکەی (نوح)ن**
**هەموو گێتی دەفەوتێنن     لا١٣٥**

(سێڵاوەکەی نوح) یان لافاوەکەی نوح، ڕووداوێکی مێژووییە کە لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە ڕوویداوە و لە سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان و لە مێژووی زۆربەی نەتەوەکاندا تۆمار کراوە. کۆساری ئەم ڕووداوە وەکو ڕەمزی وێرانکاری و لەناوبردن بەکارهێناوە.

هەر لە هەمان شیعردا دەڵێ

**ملیۆنەهای ڕەنگ هۆلاکۆ**
**وەك ناپلیۆن بەچۆك دێنن**
**چ مۆسۆلۆنی یا جەنگیز**
**لە گوفکی مێژوو ناو دێنن     لا١٣٦-١٣٧**

لەم دوو دێڕەدا ئاماژە دەدات بە(جەنگیرخان و هۆلاکۆ و ناپلیۆن و مۆسۆلۆنی)[٢٠٥]. کە چوار کەسایەتی مێژوویی بوونە، هەرچواریان بە

[٢٠٥]- **جەنگیزخان:** دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆرییەتی مەغۆلی بوو، یەکێکە لە بەناوبانگترین داگیرکارەکانی مێژوو، ساڵی (١١٦٢) لە دایك بووە و زۆربەی وڵاتەکانی ئاسیای ناوەڕاستی داگیرکرد. ساڵی (١٢٢٧) کۆچی دوایی کرد. (سەرچاوە): منير البعلبكي، "معجم اعلام المورد"، دار العلم للملايين، بيروت، ط١، ١٩٩٢، لا١٦٠.

**هۆلاکۆ:** کوڕەزای جەنگیزخان بوو، ئەمیش ئیمپڕاتۆرێکی مەغۆلی بووە و ساڵی (١٢١٧) لە دایك بووە و دەوڵەتی عەباسی ڕوخاند و بەغداد و دیمەشقی داگیر کرد، ساڵی (١٢٦٥) کۆچی دوایی کرد. هەمان سەرچاوە، لا٤٨٤.

**ناپلیۆن بوناپرت** ئیمپڕاتۆری فەرەنسا بوو ساڵی (١٧٦٩) لە دایك بووە، یەکێکە لە گەورەترین سەرکردەکانی مێژوو. وڵاتی میسڕ و زۆربەی وڵاتەکی ئەوروپای داگیر کرد. هەمان سەرچاوە، لا٤٥٠.

داگیرکاری و جەنگ و خوێن ڕشتن ناوبانگیان دەرکردووە. لێرەشدا کۆساری وەك ڕەمزی داگیرکاری و کوشتار بەکاریان دەهێنێ.

لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**گەلێ جاف و پاندان و دار!**
**شێوەی (بلفۆڕ) وەکو پەیمانەکەی (لۆزان)**
**کۆنفرانسی خەرتەلی بیست سێ وڵاتی**
**لغاو بە خوێنی کوتی لاشەی ئەمڕۆی کوردن ل ٢٤٠-٢٤١**

پەیماننامەی (لۆزان) لەساڵێ ١٩٢٣ لە فەڕەنسا واژوو کرا، کە تێیدا کۆمەڵێ بڕیار لە دژ کورد دەرکرا و ((کوردستان بە فەرمیی بەسەر عیراق و تورکیا و سوریا دابەش کرا))[٢٠٦]. بۆیە کۆساریش ئەم پەیماننامە مێژووییە، وەکو ڕەمزێك بۆ ستەم و خیانەت لە کورد بەکار دەهێنێ. هەرچەندە ئەو پەیماننامەیە تایبەت نەبووە بە میللەتی کوردەوە.

### ٥- ڕەمزی کەلەپوری

یەکێك لە گرنگترین ئەو گەنجینانەی کە لە بەردەستی شاعیر دایە، تا کاری لەسەر بکات و دەقەکانی پێ بڕازێنێتەوە، کەلەپوری نەتەوەییە. هەروەها پاراستن و بایەخدان بە کەلەپوری نەتەوە، یەکێکە لەو ئەرکانەی کە شاعیر لە ئەستۆی دەگرێ و بەگرنگیەوە لێی دەڕوانێ. جگە لەوەش کەلەپوور ((پردێکی هەمیشەییە، ڕابردوو بە ئێستا گرێ دەدات، ..... چونکە کەلەپوور هەمیشە ئامادەیی بوون و زیندوێتی تێدایە))[٢٠٧]. بایەخدانی شاعیر نوێی کوردی بە کەلەپور لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە کەلەپوور

---

**مۆسۆلۆنی:** سەرکردەی وڵاتی ئیتاڵیای فاشی بوو، ساڵێ (١٨٨٣) لە دایك بووە. ساڵی ١٩١٩ حیزبی فاشی دروست کرد، بەشداری جەنگی جیهانی دووەمی کرد و شکستی خوارد. لە لایەن دوژمنەکانی لە ساڵی (١٩٤٥) کوژرا. منیر البعلبکي، "معجم اعلام المورد"، ل٤٤٠.

[٢٠٦]- عوسمان عەلی، "چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد"، وە: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی ڕێ نوێ، چ١، ٢٠١٠، ل٦٣.

[٢٠٧]- پەخشان سابیر ئەحمەد، "ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراق (١٩٧٠ - ١٩٩١)"، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢، ل٢٣٨.

شێوەی ژیانی باوباپیرانمان و ڕابردووی نەتەوەکەمان دەخاتە ڕوو. بۆیە دەبێتە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ شیعر.

کۆساری وەك شاعیرێکی نوێی کوردی، بایەخی بەم جۆرە ڕەمزە داوە و لە چەند شیعرێکیدا بەکاری هێناوە.

لە شیعری (زەنگی نادیار) دا دەڵێ

**زۆر بەناو کاوەی ئەم شەوە**
**وەك (جاش برایم)**
**وەکو کۆڵوانەی کوڵمە سوور**
**شاگردی وەستا زوحاك بوو** ل ١٩٢

(کاوە و زوحاك) دوو کەسایەتین لە کەلەپوری کوردەواریدا. کە ڕاجیایی هەیە ئایا حەقیقەت بوونە یان ئەفسانە. هەر کامێکیان بن، دەشێ وەك ڕەمزێکی کەلەپوری نەتەوەیی بەکاربهێنرێن، کاوە وەك ڕەمزی شۆڕش و ستەم قبوڵنەکردن. زوحاکیش وەك ڕەمزی زوڵم و ستەم.

هەروەها لە شیعری (ڕێبواری نامۆ) دا دەڵێ

**گردی سەیوانێك هەر دەبێت**
**وەکو هەر چوار خوشکە لەچك پەمەییەکان**
**وەکو چوار تۆقەی گوڵ بەدەم**
**لە چیمەن و قژیان بگرێت** ل ٢٧٦-٢٧٧

(گردی سەیوان) لە سلێمانی، ئەو گردەیە کە کەڵە پیاوانی کورد و شاعیران و ڕوناکبیران ... تێدایە نێژراوە. کە ئێستادا بۆتە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوەیی کورد. کۆساری ئەم گردەی وەکو ڕەمزێکی نەتەوەیی و کەلەپووری بەکارهێناوە.

کۆساری هاوشانی شاعیرانی نوێی کوردی، توانیوێتی لە زۆربەی بوارەکان ڕەمز پێك بهێنێ و بەکاریان بهێنێ. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێ لە شیعرەکانیدا، زۆرترین ڕەمزی مێژوویی نەتەوەیی بەکارهێناوە، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر بایەخی بە نەتەوەکەی داوە و دڵسۆزی خاك و

نیشتیمانی بووە. بۆیە پێویستی بە زۆرترین وێنەی ڕەمزی بووە لە مێژووی نەتەوەکەی. تا گوزارشت بکات لە واقع و بارودۆخی گەلی کورد. هەروەها ڕەمزی ئایینیشی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی شاعیرێك بووە لە ژینگەیەکی دینداری و پابەندی بە ئیسلامەوە گەورە بووە و ئاوات و ئامانجی ڕەزامەندی خوای گەورە بووە. بۆیە بە ڕێژەیەکی بەرچاو. ڕەمزی ئایینی لە شیعرەکانی دا بەکارهێناوە.

**باسی چوارەم: کەرەستەکانی ڕەمز لای کۆساری**

زۆر جار شاعیر چەند کەرەستەیەك بەکاردەهێنێ بۆ دروستکردنی ڕەمز. باشترین کەرەستەش کە شاعیر پشتی پێ ببەستێ، کەرەستەی سروشتی یە. چونکە کەرەستەی سروشتی سادە و ساکارن (ئەم سادە و ساکارییەش، تەنها لە سروشتدا دەستەبەر دەکرێ. هەروەها شاعیر مەبەستێتی کە واتا و گوزارشتەکەی بە ڕوونی بگات، بۆیە پێی وایە کە سروشت و کەرەستەکانی باشترین و بەپیتترین کەرەستەیە)[٢٠٨]. ئەو کەرەستانەی شاعیر بەکاری دەهێنێ وەك ڕەمزێك. بە دەر نییە لەو جۆرانەی کە پێشتر باسمان کرد. بەڵام لە ڕووی گەیاندنی ئەو دەلالەتەی کە شاعیر مەبەستێتی بیگەیێنێ، لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕەمزانەی کۆساری بەکاری هێناوە، دەلالەت و واتایەکی جیاواز دەگەیەنێ لەوەی شاعیرانی تر بەکاریان هێناوە.

کۆساری چەند ڕەمزێکی سروشتی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە هەریەکە مانا و مەبەستێك دەگەیەنێ. ئەو کەرەستانەی بەکاری هێناون بریتین لە:

- **مانگ**

مانگ لە شیعرەکانی کۆساری دا، بە زۆری ڕەمزە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام. دەتوانین بڵێین کە کۆساری تاکە شاعیرێکە ئەم واتایەی بۆ مانگ دروست کردبێ. چونکە زۆربەی شاعیرانی نوێی کوردی، مانگیان وەکو ڕەمزی

---

[٢٠٨]- پەخشان عەلی ئەحمەد، "شێوازی شیعری گۆران"، ل٢١٧.

جوانی و ڕۆمانسیەت بەکارهێناوە. کۆساری لە شیعری (مانگ گیران) دا ئەم ڕەمزەی بەم واتایە بەکارهێناوە، کە تێیدا دەڵێ

**مانگی قوتابی ی**
**قوتابخانەی خۆر**
**تووشی هەورێکی تیر بووە**
**لە نۆسەد و بیست تا ئێستا**
**دەست بەسەرە و**
**لە مزگەوتانی (ضرار)**
**گۆشەگیر بووە ل٢٥٢-٢٥٣**

لەم بەشەی شیعرەکەیدا، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە مەبەستی لە بەکارهێنانی مانگ، بریتییە لە ئایینی ئیسلام و ناونیشانی شیعرەکەشی بەو شێوەیە داناوە. کە گوزارشتە لەو ستەم و گەلەکۆمەیەی دژ بە ئیسلام کراوە، لە پاش ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی.

- شەو

شەو لە شیعرەکانی کۆساری دا وەکو ڕەمزی تاریکی و ستەم و خەم و خەفەت و نەهامەتی بەکارهاتووە. لە شیعری (زەنگی نادیار) دا شەوی وەکو ڕەمزی خەم و خەفەت و نەهامەتی بەکارهێناوە، لەو شیعرەدا دەڵێ

**دڵیان چۆڵ بوو**
**وەك دەوری من**
**دەوریان شەو بوو**
**وەك دڵی من**
**دەوریان شەوی شینی بێ شەم وەك دەروونم**
**گەمارۆ بوو بە غەم و تەم**
**چیتان بۆ بڵێم کوڕ گەلینە**
**شەوی گۆڕین، شەوی غەم بوو ل١٨٦**

بەڵام لە شیعری (مانگ گیران) دا شەو وەکو ڕەمزێك بۆ ستەم و تاریکی خراپەکاری بەکاردەهێنێ. بۆ نموونە دەڵێ

**ئێستا شەوە و**
**چاو فروزایی نابینێ**
**کێ هەیە ڕووی هەق ببینێ ..؟!**
**کێ هەیە لە ئاستی ڕاستی سەری نزمی دانەوێنێ ؟!** ل ٢٦١
هەروەها ئەڵێ
**بەم شەوگارە**
**کێ یە**
**غەنیمی بانگی تۆ**
**مەگەر عەفلەقی کورد کوژ بێ!** ل ٢٦٢

لە چەند شوێنێکی تری شیعرەکەیدا شەو بەکاردەهێنێ بە هەمان واتا و مەبەست. کە دەیەوێ لە ڕێی ئەم ڕەمزەوە، ئەوە بگەیەنێ کە ستەم و خراپەکاری، هەروەها خەم و خەفەت و نەهامەتی، وەك شەوی تاریکی ئەنگوستە چاو وایە و هەمیشە شاعیر هیواخوازە کە ئەو شەو و تاریکییە کۆتایی بێ.

- **هەور**

کۆساری هەوری وەکو ڕەمز بۆ کەسانی ستەمکار و شەڕانگێز بەکارهێناوە. وەك لە شیعری (مانگ گیران) دا ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێ

**مانگی کۆت و زنجیر کراو**
**لە گەدەی چەوری ئەژدیهای هەوری دڵ ڕەش**
**دەردەهێنێ** ل ٢٥١
هەروەها دەڵێ
**مانگی قوتابی ی**
**قوتابخانەی خۆر**
**تووشی هەورێکی تیر بووە** ل ٢٥٢

کۆساری لەم شیعرەدا هەوری وەکو ڕەمزێك بۆ ستەمکاری و شەڕانگێزی و داگیرکاری بەکارهێناوە.

- **شاخ**

کۆساری زۆر جار ناوی چیا و شاخەکانی کوردستان بەکاردەهێنێ لە شیعرەکانی. وەك شاخەکانی (قەندیل و حەمرین و شنروێ و کۆڕێ و سورێن و کێوە ڕەش ...) شاخ خۆی ڕەمزە بۆ بڵندی و مەزنی و جێگیری. بۆیە کۆساریش ئەو شاخانەی وەکو ڕەمزێك بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکارهێناوە.

لە شیعری (قەڵەمی ڕاستگۆ) دا دەڵێ

**بەڵام پێنووسێکی خۆشنووسی سپی نووس**
**نەخاپا و هەڵنەزەلی**
**بەوێنەی (حەمرین)**
**بوو بە (قەندیل)**
**نەك هەر قەندیلی بە مەندیل**
**بوو بە (سورێن)     ل٢٢٩-٢٣٠**

هەروەها لە شیعری (لێتان پرسیوین ..) دا دەڵێ
**دەنگی قورئان**
**چەکی خەبات**
**کێوی کۆڕێ و بالیسانین    ل٢١٨**

لە زۆر شوێنی دیوانەکەیدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە کۆساری زۆر ئاماژە بە (کێوەڕەش) دەدات. کە هۆکاری ئەم زۆر دووبارە کردنەوەیش بۆ ناوچەی جوگرافی ئەو شاخە دەگەڕێتەوە، کە لە شاری ڕانیەیە. واتا هەمان شاری کۆساری. جگە لەوەش تێبینی ئەوە دەکەین کە شاعیر ناوی ئەو شاخانە دەبات، کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەکو ڕەمزێکیان لێهاتووە بۆ سەر بڵندی و جێگیری. بۆیە وەسفی نەتەوەکەی یان خۆی یان قەڵەمی شیعرەکەی دەداتە پاڵ ئەو شاخە ناسراوەنەی کوردستان.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتوینەتە ئەو ئەنجامەی، کە شیعرییەتی شیعرەکانی کۆساریدا لە ئاستێکی بەرزدایە. بە بەراورد بە ژمارەی شیعرەکانی و تەمەنی شیعری ئەم شاعیرە. چونکە تەمەنی شیعری شاعیر تەنها (٦) ساڵ بووە و تێیدا تەنها (٣٢) شیعری نوسیووە. کە توانیویێتی لەم سنورە کەمەدا گرنگییەکی باش بدات بەهەر سێ ئاستی (ڕیتمی و پێکهاتەیی و دەلالی) لە شیعرەکانیدا. بەم چەند خاڵە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان دەخەینە ڕوو.

١- کەمتر گرنگی بە کێش داوە و تەنها لە (٩) شیعردا کێشی بەکارهێناوە، کە ئەویش کێشی سیلابی خۆماڵیە. لە شیعرەکانی (گزنگی خێزان، شەبەقی سەرفرازی، زانست، خۆشەویستی پیواری، کلابوون و نەبەزین) کێشی سیلابی سافی بەکارهێناوە. لە شیعرەکانی (نیگاری خودان، قوتابی و مامۆستای شەهید، ڤیانی ڕاستەقینە و پێڕی سیلبۆ، دونیا) کێشی سیلابی تێکەڵاوی بەکارهێناوە.

٢- لە (١٢) شیعریدا چەند جۆرێك سەروای بەکارهێناوە، کە بەم شێوەیە دابەش دەبن.

سەروای یەکگرتوو لە شیعری (نیگاری خودان). سەروای مەسنەوی لە شیعری (گزنگی خێزان، قوتابی و مامۆستای شەهید، نیگاری خودان). سەروای موتەناویب لە شیعری (نیگاری خودان). چوارینی تەواو لە شیعرەکانی (ڤیانی ڕاستەقینە و پێڕی سیلبۆ، کلابوون و نەبەزین، زانست). چوارینی خەساو لە شیعرەکانی (دونیا، شەبەقی سەرفرازی). چوارینی شکسپیری لە

شیعری (شەبەقی سەرفرازی). سەروای کۆپلە پێنجی لە شیعری (هونەر و پەپوولە).

٣- هەروەها لە دووبارەبوونەوەشدا توانایەکی باشی هەبووە و گرنگی بە دووبارەکردنەوەی دەنگی و وشەیی داوە. بەرزترین ڕێژەی دووبارەکردنەوەی دەنگی بریتییە لە دەنگی (ش) لە شیعری (موشتاغی دەرووی سانی گوڵ) کە ٢٥ جار دووبارە بۆتەوە. پاشان دەنگی (گ) لە هەمان شیعردا، کە ٢٢ جار دووبارە بۆتەوە.

هەروەها بەرزترین ڕێژەی دووبارەکردنەوەی وشە، بریتییە لە وشەی (یەك) لە شیعری (با بەناو و ناوك یەك بین) کە ٢٦ جار دووبارە بۆتەوە. پاشان وشەی (مامۆستا) لە شیعری (قوتابی و مامۆستای شەهید) کە ٢١جار دووبارە بۆتەوە.

٤- گرنگییەکی بەرچاوی بە هونەری (ڕەگەزدۆزی) داوە، لە شیعرەکانی و بە نزیکەیی ٩٣ جار ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. کە هەر یەك لە جۆرەکانی تەواو ٢٠ جار و ناتەواو ٧٣ جار.

٥- بە شێوازێکی بەرچاو هونەری (دژیەك)ی بەکارهێناوە. بە هەریەك لە جۆرەکانی (ئیجاب و سەلب). بە نزیکەیی ٥٠ جار ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، ٤١ جار دژیەکی ئیجاب و ٩ جار دژیەکی سەلب.

٦- هەریەك لە هونەرەکانی (تێهەڵکێش و پۆشین)ی بە ڕێژەیەکی کەم بەکارهێناوە. کە (تێهەڵکێش) تەنها ٢ جار و (پۆشین)یش تەنها ١جار بەکاری هێناوە.

٧- کۆساری لە کۆی (٣٢) شیعریدا، تەنها ٢٢ شیعری ناونیشانی بۆ داناوە. سەرجەم ئەو ناونیشانانەی کە دایناوە دەلالەتە بۆ ناوەڕۆکی

شیعرەکانی و لە زۆربەی ناونیشانەکانیش لادانی بەکارهێناوە لە بەکارهێنانی وشە و واتادا. کە ئەمە سیمایەکی شیعرییەتی بەخشیوە. بە گشتی ئەو ناونیشانانەی کە شیعرییەتی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەم ناونیشانانەن (نیگاری خودان، گزنگی خێزان، شەبەقی سەرفرازی، شۆڕشی کاکڵدار، قەڵەمی ڕاستگۆ، سۆزی وڵات ..).

٨- فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی هەیە، بەڕێژەیەکی زۆر وشەی خۆماڵی بەکارهێناوە و هەوڵی داوە کەمتر پشت ببەستێ بە وشەی زمانەکانی تر. نزیکەی ٩ وشەی عەرەبی و ٨ وشەی فارسی و ٢ وشەی تورکی بەکارهێناوە. کە ئەم ڕێژە کە بەڵگەیە لەسەر گرنگیدانی شاعیر بە زمانی کوردی و خزمەتکردنی بۆ ئەو زمانە.

٩- لە بەشەکانی ئاخاوتندا هەر وەکو هەموو شاعیرانی تر، زۆرترین ڕێژەی ناوی بەکارهێناوە. بۆ دیاریکردنی ئاستی شیعرییەتی شیعرەکانی لە ڕووی ئاخاوتنەوە، تیۆری بوزیمانمان بەکارهێنا بۆ ٨ شیعری، کە بەرزترین ڕێژەی شیعرییەت لە شیعری (مانگ گیران)دایە. کە ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (بوزیمان) لەو شیعرەدا بریتییە لە (٢،٢٨).

١٠-کۆساری لە شیعری (پرسە)دا هونەری گفتوگۆ (حیوار)ی بەکارهێناوە، کە هونەرێکی درامیە. بەشێوازێکی سەرەنجڕاکێش و سەرکەوتوو چەند ئەکتەرێکی لە شیعرەکەدا دروست کردووە و قسەیان لەگەڵدا دەکات.

١١-گرنگی بە لادانی واتایی و وشەی و ڕستەیی داوە. هەریەك لە جۆرەکانی پاخستن و پێشخستن بە نزیکەیی ٩ جار و کورتبڕی بە نزیکەیی ٦ جار، بەکارهێناوە.

١٢-هەوڵیداوە زۆرترین جۆری وێنە دروست بکات لە شیعرەکانیدا. وێنەی شیعری کۆن و نوێی دروست کردووە. ڕێژەی دروست کردنی وێنەکانی کۆساری بەم شێوەیەیە:

لێکچواندن بەنزیکەیی (١١٥) جار دروستی کردووە، خواستن بە نزیکەیی (٨٩) جار بەکارهێناوە. وێنەی درکەییش بە نزیکەیی (١٥) جار دروست کردووە.

١٣-وێنەی ڕەمزی بە هەریەك لە جۆرەکانی (ڕەمزی ئاینی و کەسی و مێژوویی و ئەفسانەیی) بە نزیکەیی (٦٨) جار لە شیعرەکانیدا دروستی کردووە.

١٤-سەرجەم ڕێژەی وێنەکانی کۆساری لە شیعرەکانیدا دروستی کردوون، نزیکەی (٣٠٠) جۆر وێنەی دروست کردووە لەسەرجەم ئەو جۆرانەی ئاماژەمان پێدا. کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد بە ڕێژەی کەمی شیعرەکانی کۆساری.

# لیستی سەرچاوەکان

## • سەرچاوە کوردییەکان

### أ-  کتێب


١- ئاڤان عەلی میرزا، **چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا،** بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠١٢.

٢- ئومێد ئاشنا، **گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی،** دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر، چ١، ٢٠٠٢.

٣- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، **لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا،** چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١١.

٤- پەخشان عەلی ئەحمەد، **شێوازی شیعری گۆران**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥- جەبار ئەحمەد حسێن، **ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

٦- کۆساری، (دیوانی بورکانی شیعر)، ڕێکخستن و پێداچونەوە: شەریف وەرزێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، چ٤، ٢٠١٨.

٧- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، **بیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ - ١٩٩١)**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣.

٨- سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، **بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا**، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١١.

٩- شێخ محمدی خاڵ، **فەرهەنگی خاڵ**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چ٢، ٢٠٠٥.

١٠- شەریف وەرزێر، ، **دیداری کۆساری**، ، چاپخانەی کوردستان،٢٠١٤.

١١- عوسمان دەشتی، **لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٢- عوسمان عەلی، **چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد**، وە: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی رێ نوێ، چ١، ٢٠١٠.

١٣- عەزیز گەردی، **ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چ١، ٢٠٠٢.
١٤- ---------------- ، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا**، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر ١٩٧٥.
١٥- ---------------- ، **سەروا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا**، کتێبخانەی ئاراس ، هەولێر، ١٩٩١.
١٦- ---------------- ، **کێشناسی کوردی**، کتێبخانەی ئارام، ڕانیە، چ١، ٢٠١٤.
١٧- عەلائەدین سەجادی، **نرخ شناسی**، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٩.
١٨- ----------------------- ، **خۆشخوانی**، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٨.
١٩- عەلی کەندی، **ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە**، چاپخانەی وەرزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٩.
٢٠- کامەران موکری، **ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی**، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.
٢١- محمەد عبدالکریم ئیبراهیم، **پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٢-موحەمەد بەکر، **پەخشانە شیعری کوردی**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠٠٤.
٢٣-هاوژین سلێوە، **بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ١، ٢٠٠٩.
٢٤-هێمن عومەر خۆشناو، **شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی**، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چ١، ٢٠١٠.

**ب- نامەی ئەکادیمی**

١- ئاسۆ عومەر مستەفا، **بەها ئیستاتییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٧.

٢- پەخشان سابیر ئەحمەد، **ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراق (١٩٧٠ - ١٩٩١)**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢.

٣- خەلیل ئیبراهیم مستەفا. **شیعرییەتی دەق بەنموونە شیعرە کوردییەکانی مەحوی**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

### ج- گۆڤار

١-بەختیار ئەحمەد مەحمود، مۆسیقای ناوەوە لە (گەشت بۆ هەورامان)ی (گۆران) دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە١٠ی ئاداری ٢٠١٧.

### د- سایتی ئەنتەرنێت

١- عومەر میراودەلی، بەرنامەی (سەفەری بەفر) کەناڵی ئاسمانی ڕابوون، https://www.youtube.com/watch?v=A5iTg8p5iEI

مستەفای سەید مینە، کەناڵی ئاسمانی پەیام، بەرنامەی کۆساری نەورەسی شیعر، بەرنامەی دووەم و سێیەم

٢- https://www.youtube.com/watch?v=rsvSdTAucx8

٣- https://www.youtube.com/watch?v=vF0oyXTaRGE

## • سەرچاوە عەرەبییەکان

### أ- کتێب

١- أبو بكر عبدالقاهر بن عبدالرحمن بن محمد الجرجاني، **دلائل الإعجاز**، دار الكتاب العربي، بيروت، ط١، ١٩٩٥.

٢- ابى نصر الفارابى، **إحصاء العلوم**، شرحە: على بو ملحم، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ط١، ١٩٩٦.

٣- أحمد بن حنبل، **مسند الامام احمد بن حنبل**، مؤسسة قرطبة ، القاهرة.

٤- احمد مطلوب و كامل حسن البصير، **البلاغة والتطبيق**، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، ط٢، ١٩٩٩.

٥- أرشيبالد مكليش، **الشعر والتجربه**، ترجمة: سلمى الخضراء الجيوسى، دار اليقظة العربية بيروت، ١٩٦٣.

٦- جابر عصفور، **الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي**، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٣، ١٩٩٢.

٧- جاكوبسون رومان، **قضايا الشعرية**، ترجمة:محمد الولي و مبارك حنون، دار توبقال، المغرب ١٩٨٨.

٨- جان كوهن، **بنية اللغة الشعرية**، ترجمة: محمد الولي و محمد العمري، دار توبقال للنشر - المغرب، ط١، ١٩٨٦.

٩- جبور عبدالنور، **المعجم الأدبي**، دار العلم للملايين، بيروت، ط٢، ١٩٨٤.

١٠-جون كوهن، **بنية اللغة الشعرية**، ترجمة:محمد الولي، محمد العمري، دار توبقال، المغرب، ١٩٨٦.

١١- حسين الحاج حسن، **أدب العرب في العصر الجاهلية**، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ط٣، ١٩٩٧.

١٢- خير الدين الزركلى ، **الأعلام**، دار العلم للملاين، بيروت، ط١٥، ٢٠٠٢.

١٣- روز غريب، **تمهيد في النقد الحديث**، دار المكشوف، بيروت، ط٢ ١٩٧١.

١٤- رينية ويليك و اوستن وارين، **نظرية الأدب**، ترجمة: عادل سلامة، دار المريخ للنشر، الرياض، ١٩٩٢.

١٥- سعد مصلوح، **الأسلوب – دراسة لغوية احصائية-** ، عالم الكتب، القاهرة، ط٣، ١٩٩٢.

١٦- سي دى لويس، **الصورة الشعرية**، ترجمة: د.احمد نصيف الجنابي و مالك ميرى و سلما حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، الكويت ١٩٨٢.

١٧- سيد قطب، **التصوير الفني في القرآن**، ، دارالشروق، القاهرة، ط١٧، ٢٠٠٤.

١٨- صادق ابراهيم عرجون، **خالد بن الوليد**، الدار السعودية للنشر و التوزيع، ط٣، ١٩٨١.

١٩- صفي الرحمن المباركفوري، **الرحيق المختوم**، دار السلام للنشر والتوزيع، الرياض، ؟.

٢٠- عاطف جودة نصر، **الرمز الشعري عند الصوفية**، دار الأندلس للطبع والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٧٨.

٢١- عبدالرحمن حسن حبنكة، **البلاغة العربية**، دار القلم، دمشق، ط١، ١٩٩٦.

٢٢- عبدالقادر الرباعي، **الصورة الفنية في شعر أبي تمام**، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، ط١، ١٩٩١.

٢٣- عثماني ميلود، **شعرية تودوروف**، منشورات عيون المقالات، دار القرطبة، الدار البيضاء، ط١، ١٩٩٠.

٢٤- عزالدين أبي الحسن علي بن محمد (ابن الأثير)، **أسد الغابة في معرفة الصحابة**، دار ابن حزم، بيروت، ط١، ٢٠١٢.

٢٥-علاء حسين عليوي البدراني، **فاعلية الإيقاع في التصوير الشعري**، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، الجامعة العراقية، ٢٠١٢، لا٢.

٢٦- علي علي مصطفى صبح، **من الأدب الحديث في ضوء المذاهب الأدبية والنقدية**، مطبعة منيمة الحديثة، الرياض، ط١ ١٩٨١.

٢٧- القزوينى، **الايضاح في علوم البلاغة**، دار احياءالعلوم، بيروت، ط٤، ١٩٩٨.

٢٨- محمد بن اسماعيل البخارى، **صحيح البخاري**، دار ابن كثير للطباعة والنشر، دمشق – بيروت، ط١، ٢٠٠٢.

٢٩- محمد سالم سعدالله، **مملكة النص**، عالم الكتب الحديثة، الاردن، ٢٠٠٧.

٣٠- محمد عبدالمطلب، **البلاغة والأسلوبية (دراسات أدبية)**، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٤.

٣١-محمد غنيمى هلال، **النقد الأدبي الحديث**، دار نهضة مصر للطبعاعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧.

٣٢- محمد فتوح احمد، **الرمز والرمزية في الشعر المعاصر**، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٧.
٣٣- محمود شلبي، **حياة مصعب بن عمير**، دار الجيل، بيروت، ط٢، ١٩٩٦.
٣٤- منير البعلبكي، **معجم اعلام المورد**، دار العلم للملايين، بيروت، ط١، ١٩٩٢.
٣٥- نصرت عبدالرحمن، **في النقد الحديث**، مكتبة الأقصى، عمان، ط١، ١٩٧٩.

**ج- نامەی ئەكاديمی**

١- علية خوني، **الأبعاد الدلالية للحوار الشعري في ديوان عباس بن الأحنف**، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٢.
٢- وليد عبدالله حسين، **الصورة الفنية فى شعر الرصافي**، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٥.

**ج-گۆڤار**

**١-** حازم فاضل محمد البارز، **أسلوب الحوار في النص الشعري الحديث**، مجلة جامعة بابل، المجلد ٢٣، العدد ٤، ٢٠١٥.
**٢-** محمد سعد حسين، **الحوار في الشعر العربي القديم – شعر امرئ القيس انموذجا**، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، المجلد ١٤، العدد ٣، ٢٠٠٧.

**د- سايتی ئەنتەرنێت**

١- محمد مصابيح، الشعرية من منظور غربي حداثي، http://www.nashiri.net/articles/literature-and-art/4007---v15-4007.html